# من و خۆم

**شیعر**

**حەمە کاکەڕەش**

(Mn u Xom)

٢٠١٢

ناوی کتێب: من و خۆم

نووسەر: حەمە کاکەڕەش

دیزایین: ئارام شوانی

تابلۆ: ڕێبوار سەعید

چاپ: یەکەم

چاپخانە: چاپەمەنی ژێنەر

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٣٥٦)ی

سالّی ٢٠١٢ پێدراوە

لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری و هونەری چەمەچەماڵ

**پێشەکی:**

## دوانەیی وەك چەمكێكی ئیشكالیی لە خەلقی ئەدەبیدا

**ئەحمەدی مەلا**

"من هەم برینم هەم چەقۆ!
من هەم زللە و هەم گۆنام!
من هەم گالێسکە و هەم پێچکەکانی
هەم جەللاد و هەم قوربانی!
من خوێنمژی دڵی خۆمم،
یەکێکم لەو مەزنانەی کە فەرامۆش کراوم".

بە دیوە فەلسەفییەکەیدا کاتێك باس لە دوانەیی دەکرێت، بەرامبەر بە تاکگەرایی رادەوەستێت، لە بنەڕەتدا چەمکێکی فەلسەفییە کە بانگەشە بۆ دوو لێکدانەوە دەکات، لە فیکری رۆژئاوادا، لە سۆکراتەوە باس لە دوو تێرم دەکرێت، ئەویش زیهن و مادەیە، رۆح و جەستەیە، لە لای دێکارتدا، ئەم فەلسەفەیە دەکاتە دوا ترۆپکی و زۆر بە وردییەوە باسی لێوە دەکات، لای ئەو دوو پێکهاتەیە ( سوپستانس): زیهن و ماددەیە بە جۆرێکی حەمیمی ئاوێتەی یەکتر دەبن و ئینسانی لێپێکدێت و دەبێتە پێکهاتەی سێیەم، واتە ئینسان پێکهاتەیەکی سێیەمە کە لە ئاوێتەبوونی رۆح و جەستە پێکهاتووە.



ئەم لێکدانەوەیە خاوەن ئیشکالییەتی خۆیەتی و لێرەوە ئاوەژووی ئەدەب و دونیای زیهنیی و ئەخلاقیی دەبێت و لە میژیشدایە، لە شیکل! و شێوەی جیاوازدا دەرکەوتووە.
لای کاکە حەمە ئەم چەمکە هەندەی رەهەندێکی ناوەکییە، هەندە نەبۆتە رەهەندێکی دەرەکی، ئەگەر وردتریش باس لەم کێشەیە بکەین، ئەوە ئەم کێشە دەرەکییە ئاودیوی ناوەوە بووە و بۆتە بناغەی ئەم خەلقە ئەدەبییەی کە بێوچان بانگەشە بۆ موفارەقەکانی خۆی دەکات.
"من و خۆم" ئەو ئاوێتەیە کە لە سەرەوە ئاماژەمان بۆی کرد، دوو بوونەوەر لە یەك بۆتەدا جێیان نابێتەوە، دوو سیما و دوو روخسار لە شەڕ و ئاشتبوونەوەی هەمیشەییدان، ئەم ئیشکالە لە بواری رەخنەی ئەدەبی ئاماژەی بۆ کراوە و بەوەی کە "من"ی ئافرێنەر لە "من"ی کۆمەڵایەتی جوداوازە، یەکەمیان لە مردنی بەردەوامدایە هەروەکو بارت لە شەستەکانی سەدەی رابردوو لە وتارە بە ناوبانگەکەی کە ناونیشانێکی موفارەقەئامێزی لە خۆ دەگرێت "مردنی دانەر" ناوزەدی دەکات، چونکە ئەوەی دەمرێت هەر ئەویشە رۆح دەداتە دەق و لە مەرگەوە و بەرەو ژیان داوەتی دەکات، هەڵبەتە، دواجار خوێنەرە رۆح دەکاتەوە بەر ئەو جەستە مردووەی کە دەقی پێدەوترێت.
ئەم دوانەییە لە دەقەکانی کاکە حەمە بە زەقی و بە مەبەستیش کراوەتە ناونیشانی ئەم کۆشیعرە، کە لە سەر ئەم بوونیادە لە سەر پێ وەستاون، لە سەفەرێکدان، هەر لە "منداڵییەوە" بۆ "پیربوون" و دەگەنە تخووبی "مەرگ" و "نائومێدییەکی" موزمینیش ئاوێتەی هەموو "کات"ەکان دەبێت.
لەم سەفەرە شەڕئامێزەدا، شاعیر دەیەوێت بگاتە "من" ێکی بێگەرد و روون، منێك کە پاکبووبێتەوە و هەڵشاخاو بێت، بیرمان بۆ مەقاماتێکی سۆفی

مەشەرەب دەچێت، یا ئەو حاڵەتە نێرڤانایەی کە ڕۆژهەڵاتی دوو باسی لێوە کردووە، ئەم بوونەرە شەفافەی کە تەنها لە چەند لەحزەیەك پێکدێت، هەروەکو  رۆنیێ شار لەمەڕ رامبۆوە دەنووسێت و ئەو لەحزانە بە ساتەوەختی "رەحەتبوون" ناوزەد دەکات، لای کاکە حەمە ئەم لەحزانە دەبنە شیعر، واتە ئەم ئۆقرە دەروونییە حاڵەتی لە دایکبوونی ئەو هارمۆنییە کە ئینسان لە دێر زەمانەوە خولیای دەبێت و دەیەوێت بیگاتێ:

"جامێك ئاو دەڕژێمە کۆڵانەوە
ئەوە منم بەبێ خۆم
هاواردەکەم کێ رووخساری ئەم دیوارە غەمبارە دەسڕێتەوە
بەردێك دەهێنمە ژێر سێبەرەکە تا هەتاو داغی نەکات
رەنگی کاڵی باڵی پەپوولەیەك تۆخ دەکەمەوە
زامی دڵ و تیرێك دەپێچم کە ساڵانێکە عاشقێك لە نامەیەکدا کێشاوێتی و هێشتا خوێنی لە بەر دەڕوات".

بەڵام  لەمە بترازێت، دەقی کاکە حەمە لە جەنگێکی کوشندەدایە، بە شەڕی دوو پاڵەوانی داستانەکان دەکات، بۆ ئەوەی دواجار یەکێك ببینین بەسەر ئەویتردا زاڵبووە.

"من شەوم
خۆم ڕۆژە
بە پێچەوانەی سروشتەوە
ئێمە شەو و رۆژێکین پێکەوە هەڵدێین و ئاوادەبین".



لە ئەدەبییاتی جیهانی ئەم دوو جەمسەرە بێئامان باسکراون، لای حەلاج دەگاتە ئاستی توانەوە لە نێو زاتی خودا و خۆی جێگای  خودا دەگرێتەوە، هەر ئەم چەمکە لە نێو ئەدەبییاتی عەشقی دونیەوی، لای قەیسی کوڕی ملەوح کە بە مەجنوون ناسراوە، رەنگدەداتەوە، ئەویش هەند پڕ دەبێت لە لەیلا، ئیتر دەڵێت "من لەیلام"، سڕینەوە ئەم دژایەتییە خۆی خاوەن ئیشکالییەتە کە ئێستا باسی لێوە دەکەم.

ئینسان بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە بە بێ ویستی خۆی و ئەم دژایەتییە لە لای شاعیران دەگەنە ئاستێکی تایبەت، چونکە "من یەکێکی دیکەیە"، هەر وەکو رامبۆ دەیوت، ئەو منێکی شەڕکەر و عەجوولە و  نایەوێت بکەوێتە ژێر فشاری بیروباوەڕ و هەڵسەکەوتی باو و بارستاییە کۆمەڵایەتییە بێئەژمارەکان، بەڵام لە هەمانکاتیشدا، شاعیر خاوەن "من"ێکی کۆمەڵایەتییە، وەکو هەموو بوونەوەرێکی ئاسایی دیکە.

شیعری حەمە کاکەرەش  بە ئیمتیاز بە دەوری تێمەکانی "منداڵیی" و "پیربوون" و "مردن" و " نائومێدیی" و لەسەر هەمووشییەوە گوێزانی "کات" ئینسان دەکاتە ئەو کائینەی ناسکەی کە پێیەکی لە نێو کاتە تێپەڕبووەکان بێت و ناسکیی کریستاڵی هەبێت و پێیەکی بیەوێت ئاودیوی ئەبەدییەت بێت.

بەڵام تایبەتمەندێتی شاعیری گەرمیان لەوەدایە کە "کات" لای ئەو پڕ دەبێت، بەرامبەر بە کاتێکی لێوالێوین، بۆشاییەك نامیێنێتەوە بۆ ئەوەی هەناسەی تێدا بدەین، ژیانی ئینسان دەبێت قەفەزێکی بێ دەرگا و پەنجەرە، سەیری کوێ بکەیت یەکرەهەندیی و بەڵکو بێرەهەندیی بەرەو رووتدا دەتەقێتەوە، رەنگە ئەمە مێژووی نەنووسراوی گەرمیان بێت.

گەرمیان بۆ سێ دەیە وەکو دۆزەخ منداڵەکانی رادەژەنێ، ئەوەی لە سەر باڵە دۆزەخینەکانی گەرمیان گەورەبووبێت، "منداڵیی" و "گەورەبوون" دەبنە یەک شت، بە روونی حەمە کاکەرەش پێماندەڵێت:"زۆر کەس دەڵێن: منداڵیی سەردەمی دڵخۆشی و شادییە
من بەمنداڵیش نائومێدبووم لەوەی کە بۆ بەشەو و رۆژێك گەورەنابم
بەمنداڵیش لە داخی ئەوەی کە نەمدەتوانی بفڕم
باڵی چۆلەکەو کۆترەکانم دەشکان
فرینم پڕدەکرد لە بەرد".
ئەگەر شیعری کلاسیکی کوردی پانتاییەکی زیهنینی و رەوانبێژیی لەقاڵبدراو داگیر بکات، ئەوە شیعریی حەفتاکان بە زمانێکی قۆقزانە دەیەوێت شیعر بەرجەستە بکات، بەڵام لە بیست ساڵی دوایی شیعری کوردی دەیەوێت باس لە تایبەتمەندایەتییە جەوهەرییەکان بوونەوەری بکەر و شیعر بکات، واتە گەڕاندنەوەی شیعر بۆ تاکە تایبەتمەندەکان و قوتارکردنی لە دەستی حەشامات، ئەمەش هەندەی کارێکی قورسە بە نیسبەت شیعرەوە، هەندەش رزگارکردنی شیعرە لە بۆچوونە حازربەدەستەکان و رەهاییەکی رەهایە کە دەدرێتەوە بە شیعر.
شاعیر شەڕکەرێکی هێمنەو رۆژمێریی خۆی لە مێژایە پڕکردۆتەوە، شاعیر دەبێتە ئەو کەسەی کە "ژیاوە" نەك ئەو کەسەی کە "دەژێت"، تەجرەبەی ژیان دەبێتە ئەو تەجرەبە شیعرییەی کە حەمە کاکەرەش دەبێتە زیندانیی و زیندان لە هەمانکاتدا.

"من کاتم کوشت



کاتی کوژراو خوێن لە پەنجەیەکی نەهات
تێپەڕیی و
منی کوژراو
بە تەنیا مامەوە".
رەنگە هەوڵی ئەوەش نەدا کە هەڵبێت، چونکە دەزانێت بێسوودە، بەو واتایەی کە رەنگە زیندانیی بتوانێت هەڵبێت، بەڵام هەڵاتنی زیندان مەحاڵە، ئەو دەمێکە ئەم حەقیقەتە دەزانێت:
"منداڵبووم لە پۆلی شەشەم بە یەکەم دەرچووم
کاتژمێرێکیان پێدام بە دیاریی
رۆژێکیان ونمکرد
خۆم لە من زیاتر دەگەڕا تا بیدۆزێتەوە
کات تێپەڕی و کاتژمێرەکەمان نەدۆزییەوە و
من خۆم و خۆم منی ونکرد".
کاتێك ژیان پڕ دەبێت، تەنها لە یەك واتادا دەخوێندرێتەوە، ئەویش بەو مانایەی کە "بۆشاییەك" دروست دەبێت، بۆشاییەکی سەغڵەتکەر، رەنگە لەوجۆرە بۆشاییانە بکات کە ئینسان دووچاری کەرتبوون دەبێت، ناتوانێت دەست بەسەر یەکێتی خۆیدا بگرێت، ناتوانێت خۆی خڕکاتەوە، لێرەیەو لێرە نییە، لەوێیە و لەوێ نییە، دڵخۆشە و غەمگینە لە هەمانکاتدا، هەستدەکات ئازادەو بەڵام نازانێ چی لەو ئازادییە بکات، لە کوونی خەیاڵەوە دەڕوانێت: وردترین کون بەرەو فراوانترین دونیا.

دڵخۆشییەك پەیدا دەبێت، شاعیر لە بەختەوەریی دەترسێت، چونکە هەستدەکات کەینوونەی خۆی لە دەستدەدات، دڵخۆشیی، واتە هەست بە تەغریببوون بەرامبەر بە خودی شاعیر.

کاتێك دژایەتی نێوان "من" و "خۆم"، واتە "من"و "ئەوان"ی تر، واتە "دەرەوە" و "ناوەوە"، بە شێوەیەکی کاتیی کۆتایی دێت، ئیتر ئینسان هەستدەکات لە یەکێتیەکی قووڵدایە، نەك تەنها لە گەڵ خۆی، بەڵکو لە گەڵ وجووددا، لە گەڵ سروشت و لە گەڵ زەمەن و کاتە بەسەرچووەکان و کاتە هێشتانە هاتووەکان، ئا لەو حاڵەتانەدا، تەنها هەر لەو حاڵەتانەدا شیعر لە دایکدەبێت، شیعرێکی بزێو و وریا، بەڵام مەخابن ئەو حاڵەتانە کەم و دەگمەنن:

"پێدەکەنم
دەچمە بەردەمی ئاوێنەکە
منداڵێك دەبینم لە ئاوێنەکەدا
دەڵێی بۆلای یار دەڕۆم
پەلەمە خۆم دەگۆڕم عەتر لە خۆم دەدەم
نا نا بمبوورن من دەگۆڕم عەتر لە من دەدەم
نەك خۆم .. چونکە ئێستا من بەبێ خۆمم
ئای چەند خۆشە ئاوا تەنیا هەر من بم، بەبێ خۆم".

هەستدەکەم شاعیر هۆشیارە و دەزانێ گیرسانەوە لەسەر ئیشکالییەتی "من" و "خۆم" لە شیعردا چییە! بۆیە دەیەوێت ئەم دووە، ئەم دوو جەمسەرە دژ بە یەکە لە رواڵەتدا کۆبکاتەوە، کائین بکاتە ئەو بۆتەیەی کە جەمسەرە دژوارەکان لە خۆ دەگرێت.



بەڕای من دەبێت کێشەی "من"و "خۆم" وەکو ئەزموونێکی شیعریی بخوێندرێتەوە، مەبەستم لەوەیە کە دەبێت وەکو قۆناغێك سەیر بکرێت کە لە هەمانکاتدا شیعرییە، لە هەمانکاتیشدا ئینسانییە، لەم دەقانە هەست بە جەنگێك دەکەین، پرسیاری جەوهەریی ئەوەیە، چۆن ئەم جەنگە لە بەرژوەندی شیعر کۆتایی دێت؟

شیعری کوردی تا رۆژی ئیمرۆشمان شیعری جەمسەرخوازی بووە، بە مانای ئاینییەکەی (جەنگی نێوان ئاسمان و عەرز)، بە مانا نیشتیمانی و سیاسییەکەی ( ئازادی خاك و کێشەکانی دەسەڵات)، بە مانا ئایدیۆلۆژییەکەی (نەتەوە و چین و هتد)، ئەم جەمسەرخوازییە گەمەیەکی دەرەکییە لە گەڵ شیعردا کراوە و دەکرێت، حاجی قادری کۆیی دەستپێکرد، لای گۆران دەگاتە روخسارە ئایدیۆلۆژییەکەی، لای شێرکۆ بێکەس دەگاتە لوتکە، بەڵام ئەم جەمسەرگەراییە لە شیعری کوردیدا، خەریکە پووك دەبێتەوە، بە واتایەی کە شاعیرانی ئەم بیست سی ساڵەی دوایی، سەرەڕای هەموو کەلێنەکان، لە شتێك دەگەڕێن کە شیعر بێت و پانتاییەکانی ژیان فراونتر دەکەن و گۆڕەپان و مەیدانەکانی بۆ چالاکییە هەمەچەشنەکان والآ دەکەن.

"من" و "خۆم" یەك دەقە، یەك ئەزموونە، بەڵام دەبێت وەکو قۆناغێکی ئەنتۆلۆژی لە ژیانی شاعیر تەماشا بکرێت، کاتێك ئەم لاپەڕەیە هەڵدەدینەوە، ئاسۆ دەبینین: نەك بۆ بزەیەکی گەلحۆیانە، بەڵکو بۆ جەنگێکی دیکە!

## وەرچەرخان لە ئەزموونی ئەم شاعیرە

محەمەد عومەر عوسمان

حەمە کاکەڕەش لەم شیعرەدا (من و خۆم )بە هەموو بەشەکانییەوە .. دەمانباتە نێو فەزایەکی شیعرییەوە .. کە من وەك خاڵێکی وەرچەرخان لە کۆی ئەزموونی شیعری ئەم شاعیرەدا دەیبینم .. کە کرانەوەیەکی فیکری و خولّقاندنی کەشێکی شیعریی تایبەتە .. سڕینەوەی سنوورەکانی (من و خود) و دەربازبوون (لە بەرزە من و نزمە من) لە لایەنە دەرونییەکەوەو رەهەندێکی وجودیانە لە خۆی دەگرێت، تا ئەو ئاستەی ئاوێتەبوونێکە بە عەدەم، رونتر بڵێین: حاڵەتی (نیرڤان) کە هەموو کێشەو ململانێکانی نێوان من و خود، چ لە ناو شاعیر خۆی و چ لە دەرەوەیدا جێگەیەکیان بۆ نامێنێتەوە، ئەوەی ئامادەیی دەبێت، ئارامییەکی قوڵ و چێژبەخشی ئەبەدییە.



## ئەزموونێکی قوڵ و کامڵترە

بەختیار عەلی

لە نووسینی کوردیدا دوا شت خوێندبێتمەوەو زۆر پێمجوان بووبێت، شیعرێکی حەمەکاکەڕەشە بەناونیشانی (من و خۆم)، من پێشتر هەندێ شتی دیکەی کاکە حەمەم خوێندبووەوە، بەڵام ئەم ئەزمونەی زۆر قووڵترو کامڵتر بوو، قەسیدەکە بێئەندازە جوان و بێوێنەیە، قووڵ لەسەر ئەو دابەشبوونە سایکۆلۆژی و رۆحی و کەرتبوونە ناوەکییەی مرۆڤ لە ناوەوە دەدوێت، ئەو شەڕو دوژمنایەتییەی لەنێوان مرۆڤ و خۆیدا هەیە، پێشتر قەسیدەی وەهام بەو فۆڕمـــــە روون و ســــادەو بێ تەکلیفە لە ئەدەبیاتی خۆماندا کەم بینیوە، قەسیدەیەکی هێمن و کەم وشەو ناجەنجاڵە، بەڵام پڕە لە هەستی قووڵ و پرسیاری گرنگ، لە شیعرو لە بیرکردنەوە پێکەوە، کاکە حەمە گەر بەمشێوەیە بەردەوامبێت، کە هیوادارم بەردەوامبێت، دەبێت بەدەنگێکی دیاری شیعری ئێمە.

بەختیار عەلی .. لە دیدارێکی تایبەت بۆ (رەخنەی چاودێر)، سازدانی: مەریوان هەڵەبجەیی، بەشی یانزەیەم.

## شیعرەکانی ئەم کتێبە:

١- من و خۆم

٢- منداڵیی من و خۆم

٣- پیربوونی من و خۆم

٤- مردنی من و خۆم

٥- گفتوگۆی من و خۆم

٦- پێڵاوەکانی بۆ دادەنێم

٧- نائومێدم وەك نائومێدی خودا لە بەشەر

٨- دەبێ چیم نووسیبێ

٩- کات کات کات

١٠- من بەبێ خۆم

١١- خۆم ناکوژم

١٢- پیاوێك لە خۆم

١٣- پیاوێك خۆی دەنووسێتەوە، پیاوێك خۆی دەسڕێتەوە



## من و خۆم

کەس وەکو خۆم دڵی منی نەشکاندووە
کەسێك نییە من و خۆم ئاشت بکاتەوە ..

لە هەموو دنیا خۆشدەبم لە خۆم نەبێت ..
کەس شك نابەم منی لە لادانێم
خۆمی شێتکردووە

لە شەڕی نێوان من و خۆما
من، من ناکوژم لە داخی خۆم
خۆم، خۆی ناکوژێ لە داخی من
لە شەڕی نێوان من و خۆما
هەزاران تەرم کەوتوون، تەرمی خەون و خەیاڵەکانم ..
کە من پێدەکەنم خۆم دەگری
کە خۆم پێدەکەنێت من دەگریم ..

من لە خۆم تێناگەم
خۆم لە من تێناگات
دەڵێی هەر یەکەمان لە مەملەکەتێکی ترەوە هاتووین ..

من لە خۆم هەراسانم، خۆم لە من هەراسانە
کە چی هەر پێکەوە دەژیین ..

چۆن دەبێت؟ من و خۆم پێکەوە بمرین



کە هیچ شتێکمان لە یەك ناچێت ..

گوناهە من و خۆم بخرێینە یەك گۆڕەوە

من لێرەم و خۆم لەوێیە
خۆم لێرەم و من لەوێم
کەچی بەردەوام پێکەوەین ..

من خوێنم وەك رووناکی دەدرەوشێتەوە
کەچی خۆم خوێنی پڕە لە تاریکی
من بێبڕواترین پیاوی دونیام
خۆم دڵی لە دەستی خواوەندایە ..

باران وەك منداڵێك دەگری
من باران دەکەمە کۆڵ
تا بیبەمەوە بۆ ئاسمان
ماڵی من ئاسمانە
خۆم لەسەر زەوی بە جێدەهێڵم
ئەترسم ئاسمانیش پڕ بێت لە بێهودەیی ..

من خۆم نیم
خۆم من نییە
ئەی کێم؟!

من و خۆم (پێکەوە و) تەنیاین
خۆم و من (تەنیا و) پێکەوەین
من تا ئێستا خۆم نا ناسم
خۆم تا ئێستا من نا ناسێت
تارماییەك لە گەڵمایە
نازانم من (تارماییم) یان خۆم ..

من گوناهەکانم دەخەمە ئەستۆی خۆم
خۆم گوناهەکانی دەخاتە ئەستۆی من ..

من نهێنییەکان لە خۆم دەشارمەوە
خۆم نهێنییەکان لە من دەشارێتەوە
من و خۆم پێکەوە نهێنین!

من دەستم پڕە لە رووناکیی
خۆم دەستی پڕە لە تاریکیی
دەستەکان پڕن بە کراوەیی ..

من دەستم بە رەنگی پەپوولەکانەوە رۆیی بۆ کەنارەکانی باران
خۆم پەپوولەکانی سپاردە بێڕەنگیی بیابان و بێهەستیی مەرگ ..

من لە پەنجەرەی سێوەکانەوە
هەموو شتەکانم بازنەیی دەبینی



ئاسمان و سەرزەوی و مردن و ئەشق
خۆم لە باڵی پەپوویەکەوە وەك دڵۆپێ تاریکی دەچۆڕایەوە ناو باغ ..
دووریی نێوان من و خۆم نانووسرێتەوە بە سێبەری وشە
وەك دووریی نێوان خۆم و من وایە ..

من سپی سپی دەچمەوە
خۆم رەش رەش دەچێتەوە
نێوانی سپێتیی من و رەشێتیی خۆم
وەك نێوان رەشێتیی خۆم و سپێتیی من وایە
من لە دەریاکاندا ماسییە بریندارەکانم تیمار دەکرد
خۆم لە بیابانەکاندا مارەکانی دەلاواندەوە ..

دەستم ناگاتە رەنگەکانی ناوەوەی من
لە بەر (بێڕەنگیی) دەرەوەی خۆم
ناهێڵێ گوێم لە دەنگی ناوەوەی من بێ
رژاوە بەسەرما دەنگی دەرەوەی خۆم ..
ئەمەوێ گوێ لە هاژەی خەیاڵی ناوەوەی من بگرم
هەراسانی کردووم هاواری هیچی دەرەوەی خۆم ..

من لە وێنەکاندا لە نێوانی عەشق و منداڵیدا راوەستاوم
دەستێکم کردووەتە ملی خەیاڵ و
لەگەڵ جوانیدا بزە دەمگرێ ..

خۆم لە وێنەکانیدا
لە نێوانی تەنیایی و پەشیمانیدا دەستەکانی شۆڕ کردۆتەوە ..

من نامەکانی خۆم ناخوێنمەوە
خۆم نامەکانی من ناخوێنێتەوە
کەچی یەکتر بێنامە ناکەین
چاوەڕێی وەڵامی یەکترین ..

من دەڕۆم بۆ دەریا تا شەپۆلێك بکەمە گۆڕی خۆم
خۆم دەڕوات بۆ بیابان تا من لە دووریی ئاو بمرم
من و خۆم بیابان و دەریاین پێکەوە.

من شەوم
خۆم ڕۆژە
بە پێچەوانەی سروشتەوە
ئێمە شەو و ڕۆژێکین پێکەوە هەڵدێین و ئاوادەبین ..

من نەبووایە چۆن خۆمم دەناسی
خۆم نەبووایە چۆن منم دەناسی ..

من لە خۆم ناچم
خۆم لە من ناچێ
بەڵام ئێوە هەردووکمان نابینن ..

کە بیر لە خۆم دەکەمەوە



تەواو هەراساندەبم
کە بیر لە من دەکەمەوە
خەریکە نەیناسمەوە ..

هەر کەسەو خۆی لە شتێك دەشارێتەوە
من، من لە خۆی دەشارێتەوە
خۆم، خۆی لە من دەشارێتەوە ..

کە شادومانی دەڕژێتە دڵی منەوە
خۆم لە غەمناکیدا وندەبێت ..

من چیرۆکەکانم بۆ خۆم ناگێڕمەوە
خۆم چیرۆکەکانی بۆ من ناگێڕێتەوە
من و خۆم دوو چیرۆك و یەك بەسەرهاتین
خۆم و من یەك بەسەرهات و دوو چیرۆکین

من ئاوێنەکانم (شکاند)  (تا خۆم) نەبینم
خۆم ئاوێنەکانی( شکاند) تا من نەبینێت ..

ڕەنگەکانی من ناچنەوە (سەر خۆم)
ڕەنگەکانی خۆم ناچنەوە سەر من
من و خۆم بێڕەنگین و هەزار ڕەنگی نائومێدیمان لێ دەڕژێ.

من جوانییەکانم رادەوەشاند  تا بدرەوشێتەوە
خۆم خۆڵی گۆڕی منداڵەکانی دەکردە چاوی جوانییەکانەوە ..

سەردەمی درەوشانەوەی من
خۆم بە تەم دایپۆشی ..

نانووسرێتەوە نزیکیی و دووریی نێوان من و خۆم
ئەمە نووسینەوەی نائومێدییە ..

پێکهاتەی من خەیاڵ و فڕین و رامانە
پێکهاتەی خۆم کوشتنی خەیاڵ و فڕین و رامانە
من و خۆم کوشتن لە نێوانماندا راوەستاوە
نەك ژیان ..

من لە هەموو شتێك دوور دەکەومەوە لە خۆم نەبێت
خۆم لە هەموو شتێك دوور دەکەوێتەوە لە من نە بێت
من و خۆم پێکەوەین
هەمووشتێکمان لە یەك دوور کەوتووەتەوە ..

خۆم ئەیەوێت منی (بیر بچێتەوە)
من ئەمەوێت خۆم
کەچی خۆم بیرکردنەوەی منی داگیرکردووە
من بیرکردنەوەی خۆمم داگیرکردووە ..



من غەمەکانم دەشۆمەوە
خۆم ئاگر لە شادییەکانم بەردەدات
من و خۆم ئاوو ئاگرێکی تێکەڵین ..
خۆم منی پرکردووە لە بۆنی هەراسانی
ناتوانم بۆنی گوڵەکان بکەم ..

کەناری بێدەنگی من پڕە لە شوێنپێی خەیاڵ
خەیاڵی وەك یادگار (بە جێ ماوە)
خۆم خەیاڵی منی کوشت
خۆم دەنگێکە وەك مردوو
مردوویەك ژیانی داگیرکردووم ..

من لە تینوێتیدا دەمرم
خۆم گیرفانەکانی پڕە لە ئاو
ئاو من دەچمەوە سەر ڕەنگەکانی تۆ
من دەچمەوە سەر درەوشانەوەی تۆ
من(ببە)
با لە خۆم دوورکەومەوە
ئاو خۆم دەچێتەوە سەر رەنگەکانی مردن
خۆم دەچێتەوە سەر تێکدانی یارییەکانی منداڵیی
خۆم دەچێتەوە سەر (بێهەستیی) بیابانەکانی تەنیایی
خۆم بڕوای (بە نەرموشلیی ئاو نییە)
خۆم ناهێڵێ ئاو بە پەنجەکانی باخچەکان بژمێرێت

خۆم ناهێڵێ ئاو تۆزی سەر لێوەکان بژێنێتەوە
ئاو من
من دەچمەوە سەر تۆ
من لە دڵۆپەکانی تۆیا دەتوانم هێلانە (دروستبکەم)
من لە دڵۆپەکانی تۆدا جێگام دەبێتەوە
خۆم بیر لە دەربەدەرکردنی ئاو دەکاتەوە بۆ بیابان
ئاو من ببە من ..

من و خۆم بۆ یەکتر دەگەڕێین
پێکەوە ..

ئاو من و خۆم شەڕمانە
کەس هەست بەم شەڕە ناکات
کەس (شەڕگە و) (کوژراو و) پێکراوی ئەم شەڕە نابینێ
ناوی دەنێم: شەڕی کپ، شەڕی من و خۆم ..........
ئاو من ببە من
ئەمەوێت سەفەربکەم بۆ شارێك شوێنێك
دوور دوور کە خۆمی لێنەبێت ..
زۆر کەس هەن شارەزای
زۆر شارو وڵاتن
کەچی من هێشتاکە شارەزای خۆم نیم، چی دەوێت.
خۆم دەبینم
ئا دەیبینم هەر بۆ ئەوەی پەستمبکات



هەر بۆ ئەوەی هەراسان بم
بە ناوی منەوە قسە دەکات
دەگری پێدەکەنێت کوفر دەکات
بەناوی منەوە دەڵێت: دڵم پڕە لە نووری خواوەند
دەڵێت: لەخەونمدا خودام بینی خەریکبوو
قاچی شکاوی چۆلەکەیەکی دەگرتەوە
بەناوی منەوە دەڵێت: ئەمشەو تا دەمەو بەیان مەستبووم مەست.

١/٩/ ٢٠٠٧ ـ ٢٠٠٦، ١١– ١



## منداڵیی من و خۆم ـــــــــــــــ

بیرم دێ منداڵیی من و خۆمم باش بیر دێ
من و خۆم پێکەوە کراسێك و شەرواڵێکی پینە پینە و دۆشەگێك و
جووتێ پێڵاوو دڵێکی سادەو سەرێکی پڕ خەونی ڕەنگاوڕەنگمان
هەبوو ..
بیرم دێ من و خۆم دەڕژاینە یارییەکانەوە
من وەك سێوێکی سوور بریسکەم دەهات
خۆم وەك هەنارێکی دەم بە پێکەنین هەر دەنکێکی ڕەنگێکی لێدەڕژا
نە من دڵم هات چاوی دەنکێك هەناری خۆم کوێر بکەم
نە خۆم ڕەنگێکی منی بریندارکرد
من لە سەر باڵی کۆترێك دادەنیشتم
خۆم دەهاتە سەر باڵەکەی تری ..

من و خۆم هێندە سادە بووین
لە ڕەنگی ڕژاوی پەپوولەیەکدا وندەبووین، هیچ هەستمان نەدەکرد
کە هەبووین ..

بە منداڵیی من و خۆم شەلاڵی خەیاڵبووین
ئێستاکە گومانم هەیە هەر نەبووین
دووپەڵە خەونی ڕژاوی ژیان بووین ..



بیرم دێ ڕۆژێکیان لە شەڕەگەڕەکدا منداڵێکی هار سەری شکاندم
هەموو هاوڕێکانم رایان کردوو بە تەنیا مامەوە، کەچی خۆم بەو
منداڵییە بە دیارمەوە دەگریا ..
منداڵبووم لە پۆلی شەشەم بە یەکەم دەرچووم.
کاتژمێرێکیان پێدام بە دیاریی
ڕۆژێکیان ونمکرد
خۆم لە من زیاتر دەگەڕا تا بیدۆزێتەوە
کات تێپەڕی و کاتژمێرەکەمان نەدۆزییەوە و
من خۆم و خۆم منی ونکرد ..

بیرم دێ من و خۆم منداڵبووین
سەگ و پشیلە و پەپوولەمان خۆشدەویست
کە گەورەبووین
من و خۆم شەڕێکمان دەستپێکرد
من بووم بەسەگ و خۆم بە پشیلە
خۆم بوو بەسەگ و من بە پشیلە
پەپوولەکانیش لە نێوان شەڕی من و خۆما سەرگەردانبوون ..

بیرم دێ منداڵیی من و خۆم باش بیردێ
کە دەڕۆی بۆ شەڕ دوای دەکەوتم
دەترسام بیکوژن و کەسێك مەیتەکەی نەهێنێتەوە

دەترسام بپێکرێ و کەسێك نەبێ تیماری بکات و فڕێی بدەنە خەرەندێکەوە
دەترسام بکەوێتە دەریایەکەوەو کەسێك گوێی لە هاواری نەبێ
ئەو رۆژگارە وەك ئێستا دوژمنی یەکتر نەبووین
ئەو رۆژگارە یەکی چۆڕێ منداڵی و خەیاڵ و جوانیمان هەبوو
هەناسەیەك ئومێد و نیگایەك رامان و چرپەیەك عەشقمان هەبوو
ئەو رۆژگارە، کە خۆم دەچوو بۆ باغچەیەك
من پێش خۆم دەگەیشتمە ئەوێ، پڕبووم لە ترسی ئەوەی
بە بۆنی گوڵێك بمرێ
بە فڕەی باڵی باڵندەیەك خۆی بیر بچێتەوە
بە کەوتنی گەڵایەك بۆ هەتاهەتایە خەیاڵی لە دەستدا
ئەورۆژگارە وەك ئێستا ئاگر و ئاو نەبووین
پێکەوە دەستی دڵۆپێك بارانمان دەگرت تا بیگەیەنینەوە ماڵی هەور
پێکەوە گەڵایەکی وەریومان دەبردەوە سەر رێگای بەهار
پێکەوە دەستی شکاوی ئەستێرەیەکمان دەگرتەوە
پێکەوە تریفەی لێوی مانگمان تۆخ دەکردەوە
پێکەوە ورشەی ئەستێرەمان لە دەریادا کۆدەکردەوە
هەڵماندەگرت بۆ رۆژە تاریکەکانی تەمەن
بیرم دێ، کە خۆم سەفەری دەکرد
لە گەڵیدا دەڕۆیشتم
غەمباری ئەوەبووم بە تەنها سەفەری شارێکی دوور بکات و
نەگەڕێتەوە بۆ لام



غەمباری ئەوە بووم لە شەقامێکدا کەسێك رایوەشێنێ و
پێی بڵێ: چیتداوە لە خەیاڵ، خەیاڵ ناتباتەوە ماڵی هیچ خەونێ
ئەو رۆژگارە من و خۆم پێکەوە منداڵ بووین منداڵ ..

٢٠٠٨ ـ ٢٠٠٩



## پیربوونی من و خۆم

لە ئاوێنەیەکدا لە من دەڕوانم
نیوەی ریشم سپی بووە و
کۆمەڵێك لۆچ کەوتوونەتە  ناوچەوانم
سێبەری تەڵخی پیریتی هاتووەتە سەر روخسارم
کەچی ئێستایش لە ناوەوە گوێم لە دەنگی منداڵییمە و
دڵێکی سادە و ساکارم ..

خوا خۆم بگرێ ئاوا بەرەو پیریی بردم
لەسەر کێلی گۆڕەکەم بنووسن:
خۆم نەبووایە هەزاران ساڵ دەژیام و بەئاسانی نەدەمردم
خۆم گوێچکەی پڕکردم لە قیژە
چاوی پڕکردم لە تەم
خۆم نەیهێشت بۆ تاقە رۆژێ
ئارام بم بڵێم: ئۆخەی هەم
خۆم نەبووایە هەتا ئێستاش لە کۆڵانی منداڵییمدا
سەرگەرمی یاریی دەبووم
خۆم نەبووایە هەتا ئێستاش لە ئێوارانی گەنجێتیمدا
سەرمەستی  دڵداری دەبووم
خۆم گەنجیمی بە هەزاران خەون و خەیاڵەوە
وەك فەرشێکی کۆنە پێچایەوە



رۆژێك دادێ لە بەرپێی مردندا رایبخا
ئەی دوای ئەوە بەبێ من خۆم بۆ کوێ دەڕوا؟

خۆم گەنجیمی وەك پەنجەرەیەك شکاند
وەك پێکی دەستی مەستێك
بەدەم خەیاڵێکی قووڵەوە بەردایەوە
ئێستا پڕم لە تەپوتۆز ..
خۆم بە دیواری گەنجییمدا هەڵگەڕا
شوێن چڕنووکەکانی
جوانییمی بریندارکرد
جوانییم خوێنی لێ دەڕژێ
خۆم مشتێك تۆوی گومانی فڕیدایە خاکی جوانییمەوە
من دەزانم بەر لەخودا خۆم دەمکوژێ ..

٢٠١٠



## مردنی من و خۆم

من و خۆم پێکەوە لە دایکبووین و
پێکەوە منداڵییمان بەسەر برد
پێکەوە شەڕو یارییمان
پێکەوە گەورە بووین و
بووین بە دوژمنی یەکتری
پێکەوە دەیانجار شەقمان لە دڵی یەکتر داوە
بەڵام بەداخەوە پێکەوە دەمرین و
کەسمان مەرگی ئەوی ترمان نابینێت تا کەمێك دڵخۆش بێت ..

من و ژیان و مردن و خۆم لە یەك دەچین
من پیاوێکی باشم
ئەوە خۆمە ئێوەی هەراسان کردووە
ژیان خۆشە کەس قسەی ناشیرین بە ژیان نەڵێت
ئەوە مردنە ژیانی ناخۆش کردووە ..

تەمەنم کۆمەڵێك ساڵی داوە بە کۆڵدا
کۆمەڵێك ساڵ تەمەنی منیان بەڕێ کردووە
من و خۆم بەم تەمەن و ساڵانەوە
هیچ لە تەمەن و ساڵ و یەکتری حاڵی نەبووین ..



زۆر شارو دۆست و یادگارم بەجێهێشتووە
کەچی ناتوانم مەترێك لەخۆم دووربکەومەوە ..

جار جار من وەك خۆم بیر دەکەمەوە
وەك خۆم دەڕوانمە ئاسمان و دەریا و ئینسان و خودا
تۆبڵێی جار جار خۆمیش نەبێتە من؟!

بۆ هەرشوێنێك دەچم خۆم چاوەڕێم دەکات
لە هەر شوێنێکبم خۆم لەوێیە
لە نێوان ئێرە و ئەوێدا
شوێنێکی تر نییە خۆمی لێ نەبێ تا بۆی بچم ..

من پەنجەرەم
خۆم تەمە
تا لە خۆم دوور کەومەوە هەستم روونتر دەبێتەوە ..

بۆ ئەوەی دڵی کەسم لێ نەڕەنجێ
بۆ ئەوەی خۆم لە لای کەس ناوم نەبا
بۆ ئەوەی خۆم ناوی کەسم لا نەبا
بۆ ئاگاداریتان لە ئێستاوە لەگەڵ خۆمدا قسە ناکەم ..

لە زۆر دەرگای کڵێسا و مزگەوت و مەیخانە وەژوورکەوتم
ئەگەر کەسێك دەستم نەگرێ

لەم دەرگا بێدەرگا و ڕەنگەی من و خۆم  ناتوانم بچمە ژوورەوە ..

دۆستێکم نەخۆش بوو
تەلەفۆنم بۆ کرد کەمێك دڵخۆشیی بدەمەوە کە چاك دەبێتەوە
کەچی خۆم نەیهێشت هیچ بڵێم: هیچ،  تەلەفۆنەکەی داخستەوە.

ژنێك  پیاوەکەی  کوژرا بوو
چووم بۆ پرسەکەی تا پێی بڵێم : شەریکی خەمتم.
خۆم لە گەرمەی خوێندنی  فاتیحادا لە قاقای پێکەنینیدا ..

ژنم بینیوە بەوپەڕی شەیدای دڵ حەزم کردووە
هەزار کاتژمێر لەگەڵیدا بم
کەچی خۆم لە پڕا پێیوتووە درەنگە دەبێت بڕۆین کاتمان نییە ..

ژنێك لە دەریادا پشتەمەلە دەکات
مەمکەکانی وەك دوو گوڵ لە بیابانی ئاودا سەر دەردەهێنن
من بەهەموو هەستێکمەوە لێی دەڕوانم
خۆم پشتی کردۆتە دەریا و ژن و گوڵی مەمك
ئای لە خۆم چ وشکە پیاوێکە ..

کراسێکی جوانم بینی ویستم بیکڕم
پەشیمانبوومەوە
چونکە خۆم کراسێکی ئاوای هەیە.



ئەوە منم یان خۆمە لە ئاوێنەکەدا
ئەوەی لە ئاوێنەکەدایە خۆمە یان من
ئەوە منم یان خۆمە خەوتووە
ئەوەی خەوتووە خۆمە یان من
لەسەر ئەم کورسییەوە
لەم پەنجەرەیەوە
لەم باڵکۆنە
لەم دەرگایەوە
لەم سەربانەوە
لەم شەقامەوە
لەم ئاسمانەوە
لە هەر شوێنێکەوە
سەیری خۆم دەکەم وەك سێویکی گەنیو دێتە پێش چاوم ..

٢٠٠٩



# گفتوگۆی من و خۆم

ئەگەر مردم لە کێلی گۆڕەکەم بنووسن:
ئەم پیاوە کوژراوی دەستی خۆیەتی ..

وەك دوو هاوڕێ پێکەوە قسە دەکەین و
دوژمنی یەکیشین
من و خۆم.

نە دەنگی
نە دڵی
نە ڕەنگی
ناچێتەوە سەر من
خۆم ..

خۆم هیچی منی بەسەر هیچەوە نەهێشتووە
خۆزگەم بەوەی لە خۆی دوورە ..

ئێوەیش خۆمێکتان هەیە
بەڵام ناوێرن باسی بکەن ..



پێڵاوەکانی بۆ دادەنێم

دەستی ماچ دەکەم
پێڵاوەکانی بۆ دادەنێم
بە خوڵکێکی گەرمەوە گلاسێ ئاوی ساردی دەدەمێ
گولاو پرژێنی دەکەم
بەخۆم دەڵێم: قوربان
ئەمەوێت ئەم شەڕە دوایی بێت
ئەم نەگبەتییە بەرۆکم بەردات
تەنیام کە تەنیا  تەواو بێ تاقەتم
وا شێتییان کردم
ئەم دوودڵییە
ئەم دووهەستییە
ئەم تووڕەبوون و
شەڕو پەستییە ..
ئای لەمن چ بێ ئیمانێکم تائێستا نەمتوانیوە خۆم بکوژم
خۆم ژیانی تێکدام، سەرەو ژێری کردم
هەر پەنجەرەیەکم کردەوە
خۆم شکاندی
هەردەرگایەکم خستە سەرپشت
خۆم پێوەیدا



من پڕم لە پەنجەرەی شکاو و
دەرگای داخراو ..
تەواو هەراسانم بە دەستی خۆمەوە
ئەوەتا دەستی خۆم ماچدەکەم
پێڵاوەکانی بۆ دادەنێم
بۆ ئەوەی بڕوات و ملی بشکێنێت و
هەموو شتەکانی بەرێت ..
پێیدەڵێم: بڕۆ ئەمەوێ تەنیابم
هیچ ئاسەوارێکت لە لای من جێمەهێڵە ..
نامەوێت ئاغزە جگەرەی هیچ خەمێکت
لە تەپڵەکی یادگاری مندا بەجێبهێڵیت
هەر وێنەیەکمان پێکەوە گرتووە لەتەکەی خۆت بەرە
ئەو گوڵانە بەرە کە بۆنت پێوەکردوون
ئەو کورسییەی کە لەسەری دادەنیشیت
ئەو دەفرەی ئاوی پێدەخۆیتەوە
هەموو شتەکانت بەرە قاپ و کەوچك و خاولی و شانەو
ئاوێنەو چرپاو کاتژمێرو
پەردەی پەنجەرەی ژوورەکەت بەرە ..
با رووناکی دڵنیابێ لەوەی تۆ لێرەنیت و بێتە ژوورەوە
نامەوێت دەنگی رەنگت لە گوێما بزرێنگێتەوە
نامەوێت رەنگی دەنگت چاوەکانم داپۆشێ
مەردی خوابە تەنیام بکە تەنیا ..

ئۆخەی ئێستاکە دڵخۆشم
خۆم واخۆی دەپێچێتەوەو بەجێمدێڵێ ..
جانتای جل و بەرگ و شتەکانی دابەشانیاو لەدەرگای حەوشە ئاوابوو
ئێستا تەنیای تەنیاکانم
ماڵەکەم پاکدەکەمەوە
هەرچیم هەیە دەیسووتێنم ..
دڵم دەسپێرمە ئاگر
تا تەنیاییم وەك ئاگر بدرەوشێتەوە
یەکەمجارە بەتەنیا جگەرە دەکێشم
بەتەنیا بیردەکەمەوە بەتەنیا دەخۆمەوەو
هەر بەتەنیا رادەکشێم، تا بە تەنیا خەونێك ببینم بە تەنیاییەوە ..
تا خۆم تەواو بیرچێتەوە
وا بەتەنیا راکشاوم
چاوەکانم داخستووەو دڵم بۆ تەنیایی کردووەتەوە
هێشتا خەوم لێنەکەوتووە
هێشتا تەنیاییم هەرکاڵە
هێشتا تەنیاییم منداڵە
کەسێك لە دەرگاکەم دەدا
رادەپەڕم خونچەی تەنیاییم هەڵدەوەرێ
دەرگاکەم دەکەمەوە
چی دەبینم!! خۆم وەستاوە باوەشم پێدادەکات
دەڵێت: هیچ شوێنێك شك نابەم



هیچ کەسێك نامگرێتە خۆ
یان رێمبدە بێمە ژوورەوە یان لێرەدا بمکوژە تۆ ..

٢٠٠٨-٢٠٠٩



نائومێدم وەك نائومێدی خودا لە بەشەر ـــــ

من و خۆم پێکەوە نائومێدین
سەدانجار دەستم شۆری
کەچی ئەم رەنگی نائومێدییە
لە دەستم نابێتەوە ..

بیابانی دڵخۆشییم ئاوی نائومێدی داپۆشی
بیابانی دڵخۆشییم ئێستا پڕبووە لە گوڵی نائومێدیی
کێ بۆنی گوڵی نائومێدیی من دەکات ؟

کۆڵان و شەقام و بازاڕ پڕبوون لە نائومێدی
بە ناو ئەم هەموو نائومێدییەدا بە سەلامەتی ناگەمەوە ماڵ ..

رەنگی نائومێدی بەسەر هەموو شتەکاندا رژاوە
رەنگەکانی نائومێدی چاوەکانم پڕدەکەنەوە ..

دەڵێم ئیتر ناڕۆمە دەرەوە
رۆژانە نائومێدی شانی بەر شانم دەکەوێ
دەرگاو پەنجەرەی ژوورەکەم پێوەدەدەم
پەردەکان دادەدەمەوە



کەچی ژوورەکەم جمەی دێت لە نائومێدی ..

نائومێدیی ڕژاوەتە دڵ و دەستمەوە
ئێستا دڵ و دەستم یاری بەنائومێدیی دەکەن و
نائومێدیی یاری بەهەردووکیان دەکات ..
نائومێدیی ژوورێکە بەتاقی تەنیا لە ناوەڕاستیدا دانیشتووم
نائومێدیی کتێبێکە بەردەوام دەیخوێنمەوە
نائومێدیی پەنجەرەیەکە لەوێوە دەڕوانمە دەریاو ئاسمان

گەڵاو گوڵەکان
ئاونگی نائومێدییان لێدەتکێ ..

دەریا لە نائومێدییا سەری خۆی دەکێشێ بە کەنارەکاندا ..

نائومێدیی وەرزەکان
لە پایزدا چڕدەبێتەوە ..

باران بە دڵی تەڕەوە دەبارێت
کە دەکاتە سەرزەوی نائومێدیی وشکی دەکاتەوە ..

بۆ هیچ شتێك
هیچ ئومێدێکم نییە
ترپەی دڵم پێمدەڵێ: نائومێدیم ئەبەدییە
ئەبەدییە

ئەبەدییە ..

نائومێدیم لە هەموو جێگایەکە
ئیتر سەفەرناکەم تاقەتی بینینی هیچ شارێکم نەماوە
دادەنیشم نائومێدیم  لەگەڵما دادەنیشێ
لە کەشتی و سەیارەو تەیارەدابم
نائومێدیم لەگەڵما دێ ..
ئەو کاتانەی کە دەخەوم
نائومێدیم بەدیارمەوە زەق زەق لێم دەڕوانێت ..

زۆر کەس دەڵێن: منداڵیی سەردەمی دڵخۆشی و شادییە
من بەمنداڵیش نائومێدبووم لەوەی کە بۆ بەشەو و ڕۆژێك گەورەنابم
بەمنداڵیش لە داخی ئەوەی کە نەمدەتوانی بفڕم
باڵی چۆلەکەو کۆترەکانم دەشکاند
فرینم پڕدەکرد لە بەرد ..

من بەمنداڵییش نائومێدبووم
نەمدەزانی خودا چییەو کێیەو چی لێمدەوێت؟
ئێستایش هەر نازانم خودا چییەو چی لێمدەوێت؟
من چیم و کێم و چیم لە ژیان دەوێت؟
بۆ دەبێت بمرم؟

نائومێدم وەك نائومێدیی خودا لە بەشەر



بەشەر گەڵاو گوڵی ژیانەو
خودا هەڵیاندەوەرێنێت و سەوزدەبنەوە
سەوزدەبنەوەو هەڵیاندەوەرێنێت ..

وەك چۆن خودا لە بەشەر نائومێدە
منیش ئاوا لەخودا نائومێدم
نائومێدم لەوەی ڕۆژێ چاوم بەچاوی خودا بکەوێ
نائومێدم لەوەی  ڕۆژێ دەستم بەردەستی بکەوێ
نائومێدم لەوەی  ڕۆژێ گوێم لە دەنگی بێ
نائومێدم ڕۆژێ دەمرم و هێشتا تاریکی دڵم بەر درەوشانەوەی خودا نەکەوتووە
من باسی خۆم دەکەم نەك نائومێدی
شتێك نییە ناوی ئومێدو نائومێدی بێت ..

ئەوەی هەیە ئومێدە بەدەمی نائومێدییەوە
بە ڕەنگێکی فریودەرانە داپۆشراوە
ئەم ژیانە قوڵترین چاڵی نائومێدییە ..

ئەم ژیانە نائومێدییەو بەگاڵتەیش نایەڵێت ڕەنگەکانی ناو خەیاڵی ئینسانەکان بزرێنگێنەوە
ئەم ژیانە نائومێدییە
وەك چۆن من لە خۆم نائومێدم
وەك چۆن خۆم لە من نائومێدە

وەك چۆن من و خۆم پێکەوە نائومێدین
وەك چۆن لە بەرکردنی جلەکانم و داکەندنیان نائومێدییە
وەك چۆن بێ بڕوایی و خوداپەرستی نائومێدییە
وەك چۆن جوانیی و پیریی نائومێدییە
وەك چۆن ژیان و مردن نائومێدییە
ئەم ژیانە نائومێدییە ..
نووسینی ئەم دێڕانەیش نائومێدییە
لێرەدا وەستان نائومێدییە
بەردەوامییش هەر نائومێدییە
ئەرێ بەردەوامبم یان بوەستم؟

٢٠٠٩



دەبێ چیم نووسیبێت ـــــــــــــــــــــــ

دڵی من
شکاوە
دەستی لێ مەدە
چیتر گۆرانی ناڵێ
دڵی من ..

ڕۆژ بە ڕۆژ
تەڵخ دەبێ ڕوانینم
پایز ڕژاوەتە چاومەوە ..

هیچ تاقەتی ژیانم نەماوە هیچ
خۆ من منداڵ نیم
لە یاریکردن بێزار بووم ..

هەموو ڕۆژێك، ساڵێك، پیر دەبم
کە لە خەو خەبەرم دەبێتەوە
دەڵێی لە مردن گەڕاومەتەوە ..

هەموو شەوێ هەزار خەون دەبینم
من بێتاقەتی ئەو خەونە ناخۆشانەم



نەك ژیان
ڕاهاتووم لەوەی
ژیان یەك خەونە بەتاڵ و خۆش ..
منداڵییم پڕ بوو لە خەون
ئێستام پڕە لە نائومێدیی
ژیانم خەونێکی پڕ نائومێدیی و
نائومێدییەکی پڕ خەون ..

بە منداڵیی خەونم ئەوە بوو گەورە ببم
بە خەیاڵ خۆم گەورە دەکرد
ئێستا
بە خەیاڵیش ناتوانم منداڵ ببمەوە ..

دەتوانین بە ژیان بڵێین: ئاگر، ئاگرێکی بە لەززەت
بە مردنیش بڵێین: نا هیچ ناڵێم مردن شایەنی ئەوە نییە
هیچ ناوێکی لێ بنێم تەواو ناخۆشی کردووە ..

گلەیی چی لە تۆ بکەم
من خۆم دڵم وەك ژێرپیاڵەیەك کێشا بە زەویدا ..

ڕەنگەکان بە تۆوە دەدرەوشێنەوە
تۆ بە ڕووتی دەدرەوشێیتەوە ..

له ژێر بارانەکەدا پێیگەیشتم
وای لە ساردیی دەستی و
گەرمیی لێوەکانی ..
بەفر دەباری
هێندە لە ژێر بەفرەکەدا وەستاین
سەر و قژمان سپی سپی بوون
بەڵام چاوەڕەشەکانی هەر دەدرەوشانەوە ..

وەك دڵم لای نهێنییەك بێ
وەك بڵێی منداڵییم لەو دێڕانەدا خۆیی شاردبێتەوە
حەز دەکەم بگەڕێمەوە
ئەو دێڕانە بخوێنمەوە
کە لە دەرگا و دیواری
پۆلەکان نووسیومن
دەبێ چیم نووسیبێ!

كات كات كات

کات
ناگیرێ و هەموومانی گرتووە ..

هەندێکجار کات وەك هاوڕێیەکی بە ئەمەك
لەگەڵمدا دەگری، گۆرانی دەڵێ، پێدەکەنێ
هەندێکجار  ملهوڕانە دەمهاڕێت
بەسەرما دەڕوات و هیچ ئاوڕم لێناداتەوە ..

هەندێکجار لە دەرەوەی کاتم
کات لە دەرەوەی منە
نازانم ئەو کاتانە من لە کوێم و کات لە کوێیە ..

کات چییە ؟
چەند ساڵ دەژی
بۆ کوێ دەڕوا ت و لە کوێوە دێ
کەی دەمرێ؟!

دەستێکی کراوە
هەموو شتێکی گرتووە



دەست نییە کاتە ..

شارێکی چۆڵ و بێنیشان
هەموومان دانیشتووی ئەوێین ..

کات پشیلەیەکی بێ چڕنووکە
شەبەقی برین دەخاتە دڵەکانەوە
کات دەستێکی میهرەبانە
ئازارەکان دەشکێنێ ..

کات
بلیمەتێکە یاری بە بۆشایی دەکات
بۆشاییەکە مرۆڤەکان یاری و شەڕو
شتی تری تێدا دەکەن ..

ئەو کاتەی تەنیا بووم
باڵەکانی کات شکابوون ..

لە نائومێدیی و
چاوەڕوانی و تەنیایی و غوربەتدا
کات
ئاگرە و بە کپیی دەمکوژێ
ئاگری چی شتێکە

هێشتا ناویان بۆ دانەناوە ..

من کاتم کوشت
کاتی کوژراو خوێن لە پەنجەیەکی نەهات
تێپەڕی و
منی کوژراو
بە تەنیا مامەوە ..

دەمەوێت لە دەرەوەی کات بم
کاتێك کە هیچ کاتێکی نەبێ بۆ کوشتنم
کات بێدەنگە کە تۆ دەدوێی
بە دەنگی تۆ ئاوەدان دەبێتەوە
کات بێڕەنگە
بە ڕەنگی تۆ ڕەنگین دەبێ
کە تۆ دەگریت ئیتر کاتیش خەمگین دەبێ ..

کات
نابینرێت و دەمرێت
مردوویەکی بێ گۆڕ و تەرم ..

یەکێك دەڵێت: کاتم نییە
کاتم نەبوو
ئەم کاتە بێدەست و پێیە



چۆن دەڕوات و
تەمەنی هەموو شتەکان لە گەڵ خۆیدا دەبات ..

کات مەمکی ئەو کچەی گەورەکرد
مەمکەکانی پڕکرد لە چرچ و لۆچی نائومێدی ..

کات
گیای ریشی سەوزکرد و
بەسپێتی پیریی سپارد ..

هێزو جوانی مرۆڤەکانی
بە کەمەی گۆچاندا شۆڕکردەوە ..

گوێم لە ترپەی پێی کاتە
ئەوە هات لێرەیە
من دەبێت بڕۆم ..

٢٠١١

## من بەبێ خۆم

بەیانییەکی درەوشاوەیە
شەو خۆم ڕۆیشتووە
من بە تەنیا خەوتووم
هیچ خەونێکی ناخۆشم نەبینیوە
ئەوە منم بەبێ خۆم
بەبێ ژانەسەر ..
یەکەم بەیانییە
نان دەخۆم و گوێ لە گۆرانی دەگرم
نان و گۆرانیم تیکەڵکردووە ..

پێدەکەنم
دەچمە بەردەمی ئاوێنەکە
منداڵێك دەبینم لە ئاوێنەکەدا
دەڵێی بۆلای یار دەڕۆم
پەلەمە خۆم دەگۆڕم عەتر لە خۆم دەدەم
نا نا بمبوورن من دەگۆڕم عەتر لە من دەدەم
نەك خۆم چونکە ئێستا من بەبێ خۆمم
ئای چەند خۆشە ئاوا تەنیا هەر من بم، بەبێ خۆم ..

دەرگای حەوشە دەکەمە



وەك جامێك ئاو دەڕژێمە کۆڵانەوە
ئەوە منم بەبێ خۆم
هاواردەکەم کێ رووخساری ئەم دیوارە غەمبارە دەسڕێتەوە ..
بەردێك دەهێنمە ژێر سێبەرەکە تا هەتاو داغی نەکات
رەنگی کاڵی باڵی پەپوولەیەك تۆخ دەکەمەوە
زامی دڵ و تیرێك دەپێچم کە ساڵانێکە
عاشقێك لە نامەیەکدا کێشاوێتی و هێشتا خوێنی لە بەر دەڕوات ..
لای ئێوارە دەستی نەنکم دەگرم و دێینەوە بۆ ماڵ
بەرماڵەکەی بۆ ڕادەخەم تا بگاتە لای خودا
دەڵێم نەنە: بە خودا بڵێ زۆر بیری باران دەکەم
پێی بڵێ: با باران بباریێ خەریکە یاری و دڵەکان وشك وشك ببنەوە
دەڵێم نەنە: بەخودا بلێ بۆ بەفر نابارێت دونیا تەواو ڕەشبووە ..

نەنکم دەچێتە سەر بەرماڵەکەو
کەسێك یەك لەسەر یەك لە دەرگادەدات
دەرگاکە دەکەمەوە
یەکێکە لە منداڵەکانی گەڕەك
بە شێواوییەکی زۆرەوە
دەڵێت: لەو کۆڵانەی پشتەوە
پیاوێك گوڵی بە دارەکانەوە نەهێشتووە
وەك  هار پەلاماری هەموو شتێك دەدات
کەس ناوێرێت بێتە دەرەوە
خەڵك لە پەنجەرەو سەردیوارەکانەوە سەیری دەکەن

وای چ پیاوێکی تووڕەو سەیرە
دەمێك پێدەکەنێت دەمێك دەگری
دارپرتەقاڵێك سەرێکی هێنایە دەرەوە
ئەو لەم دیوی کۆڵانەوە بەردێکی کێشا بەسەریدا
باڵای شەڵاڵی خوێن کرد ..
وای لەو پیاوە ئەو کۆڵان و گەڕەك و بانەی داوە بەیەکدا
کەس ناویرێ قسەیەکی پێبڵێ
ئەڵێن بە خەڵکەکەی وتووە
ئاگرێك لە ناوەوە دەمسووتێنێ
ئیوە نایبینن ..
بە خەڵکەکەی وتووە
سەرم، سەرم پڕە لە خەونی شکاو
دڵم، دڵم وەك شوێنپێی کوژراوێك پڕە لە نائومێدیی ..
منیش وتم: یان وەرە ژوورەوە یان بڕۆ دەرگاکە دادەخەم
ئەوە خۆمە منی بەجێهێشتووە
نامەوێت بگەڕێتەوە بۆلام
بڕۆ بڕۆ دەرگاکە دادەخەم من دەمەوێت تەنیابم بەبێ خۆم ..
بڕۆ دەرگاکە دادەخەم
وای دەترسم لە سەردیوارەکەوە بێتە ژوورەوە ..
وای چەند خۆشە من بەبێ خۆم بم
نامەوێ خۆم بگەڕێتەوە ..

٢٠١١

## خۆم ناكوژم

خۆم ناكوژم
دەترسم لە دوای مردن
ژیانی هەتا هەتایی هەبێت ..

خۆم ناكوژم
من پیاوێكی دۆزەخی و
تۆ ژنێكی بەهەشتی
ئیتر چۆن بەیەك دەگەینەوە ..

خۆم ناكوژم
هەموو رۆژێك دڵۆپێك لە دەفری تەمەن دەڕژێ
ئای لە رژانی دوایین دڵۆپ ئای ..

خۆم ناكوژم
ژیان ئەوە ناهێنێ تاوانباربم
ئەگەر بە كوشتنی خۆیشم بێ ..

خۆم ناكوژم
نەك تۆ نەبینمەوە
بە كوژراوی شێتدەبم ..

٢٠١٢

## پیاوێك لە خۆم

ئەستەمە بتوانی
وەك چۆن بڕژێیتە تابلۆیەکەوە
ئاوا لە خۆت بڕوانی ..

ئەم هەموو دژە چییە لە تۆدا کۆبوونەتەوە
ئەم هەموو باڵندەیە چییە ؟
هەر یەکەو بەئاوازێك دەخوێنن
هەر یەکەو بە ئاراستەیەك دەفڕن
هەر یەکەو بە ڕەنگێك شت دەنووسن ..

ئەم هەموو ڕێگایە چییە؟
هەر ڕێگاو دەتبەنەوە بۆ شارێکی خەیاڵ
هەر ڕێگاو دەتبەنەوە بۆ مەنزڵێکی بەتاڵ ..

ئەم هەموو دەرگایە چییە؟
دەرگایەك بە ڕووی گوڵدا دەکرێتەوە
دەرگایەك بە ڕووی گوماندا
دەرگایەك بە ڕووی گریاندا ..

ئەم هەموو پەنجەرەیە چییە؟
پەنجەرەیەك بۆ باخچە دەڕوانیٚ و
پەنجەرەیەك بۆ سەرگەردانی ..



ئەم هەموو ئاسمانە چییە لە تۆدا
ئاسمانێك روون
ئاسمانێك نزیك
ئاسمانێك دڵنیایی
ئاسمانێك پەشیمانی ..

ئەم هەموو دەریایە چییە؟
دەریایەك تریفەو
دەریایەك سادەیی و
دەریایەك شپرزە بوون ..

ئەم هەموو باخچەیە چییە؟
باخچەیەك هەڵوەرین و
باخچەیەك ئاگر ..

ئەم هەموو کۆڵانە چییە؟
کۆڵانێك نیگەرانی
کۆڵانێك منداڵ
کۆڵانیك تەنیایی
کۆڵانێك کۆتر
کۆڵانێك ناڵەناڵ ..

ئەم هەموو عەشقە

چییە لە تۆدا؟
عەشقێك بۆ ژن
عەشقێك بۆ مەستی
عەشقێك بۆ ژیان
عەشقێك بۆ پەستی ..

ئەم هەموو حەزە چییە؟
حەزێك بۆ فڕین
حەزێك بۆ مردن
حەزیك بۆ ڕژان
حەزێك بۆ گریان ..

ئەم هەموو ئاوێنەیە چییە؟
لە ئاوێنەیەکدا باران دەبارێ و
لە ئاوێنەیەکدا ئاگر دەکەوێتەوەو
لە ئاوێنەیەکدا بیابان دەبینی و
لە ئاوێنەیەکدا جوان دەبیتەوە ..

ئەم هەموو ئەستێرەیە چییە؟
ئەستێرەی منداڵیی و
ئەستێرەی یادگاریی و
ئەستێرەی نا ئومێدیی ..



ئەم هەموو خەیاڵە
خەیاڵی تەڕ بوون بە بەرد
خەیاڵی سووتان بە ئاو
خەیاڵی شکان بە ژن ..

ئەم هەموو سەفەرە
سەفەری ژیان
سەفەری باخچە
سەفەری ئاسمان ..

ئەم هەموو یادگارییە
یادگاریی باران
یادگاریی (با)
یادگاریی منداڵیی
یادگاریی چۆلەکەکان
یادگاریی وێنە ..

ئەم هەموو بەفرە
بەفری تووڕەیی
بەفری غەمباریی
بەفری چاوەڕوانیی ..

ئەم هەموو پردە چییە لە تۆدا؟

پردی پەپوولەکان
پردی هەناسەکان
پردی دەستەکان ..

ئەم هەموو دژە چییە؟
لایەکت تاریکی و
لایەکت هەتاو
لایەکت منداڵیی
لایەکت پیرییە
لایەکت بەستەڵەك
لایەکت سووتاوە
لایەکت گەمژەیی و
لایەکت ژیرییە
لایەکت پەپوولە
لایەکت جەلادە
لایەکت جوانییەو
لایەکت وێرانە
لایەکت ئاگرو
لایەکت بارانە
لایەکت بەردو
لایەکت ئاوە
لایەکت بەختیاریی
لایەکت شکاوە



لایەکت مردن و
لایەکت ژیانە
لایەکت دابڕان
لایەکت ژووانە
لایەکت راستگۆیی و
لایەکت درۆیە
لایەکت خۆڵەمێش
لایەکت پشکۆیە
لایەکت دەریایەو
لایەکت بیابانە
لایەکت پێکەنین
لایەکت گریانە
لایەکت خامۆشی و
لایەکت زریانە
لایەکت دەڕواو
لایەکت نووستووە
لایەکت دەژی و
لایەکت مردووە ..

٢٠٠٤
ئەم شیعرە لە رۆژنامەی کەرکوکی ئەمڕۆدا بڵاو کراوەتەوە.

پیاوێك خۆی دەنووسێتەوە،

پیاوێك خۆی دەسڕێتەوە ـــــــــــــ

بۆ برادەرێکی گێڕابووەوە
کە گوڵێك لە لێوەکانی رواوەو
باڵندەیەك لە ئێوارەیەکی
پڕ ئاشوب و ترسناکدا
ئەمی لەسەر باڵەکانی داناوەو فڕیوە بۆ ئاسمان ..
ئیدی لەو رۆژەوە خەونەکانی پڕبوون لە گوڵ و باڵندە
کە سوێندی دەخوارد دەیوت: بە چاوی گوڵ بەسەری باڵندە
لەوڕۆژەوە کە خۆر ئاوادەبوو دەیوت:
خۆر لە باڵندەیەك دەچێ فڕینی پێنەمابێ
لە گوڵێك دەچێ وەرین بینووسێتەوە
لەوڕۆژەوە هەزاران باڵندە لە چاوەکانیدا لەنگەریان دەگرت
بۆنی گوڵ لە هەناسەی دەهات
کە باران دەباری لە ژێر بارانەکەدا دەوەستاو دەیوت:
سەیرکەن لە هەر دڵۆپێك باراندا، گوڵێك و باڵندەیەك هەیە ..
کە بەفر دەباری دەیوت: ئێوە نایبینن هەر کلووە بەفرێك
گوڵێك و باڵندەیەکە ..
کە (با) هەڵیدەکرد وەك شێت دەگریاو دەیوت: (با)
بۆنی گوڵی لێدێت (با) هەناسەی باڵندەیەکی بریندارەو
ئێوە بۆنی برین و گوڵ ناکەن ..
لەورۆژەوە خەون و خەیاڵەکانی پێکەنین و
گریانەکانی هەر گوڵ و باڵندە بوون ..
هەر چیرۆکێکی دەگێڕایەوە



بەگوڵ و باڵندە دەستی پێدەکردوو
کۆتاییش هەر گوڵ و باڵندە
لە ئاسمانی چیرۆکەکانیدا سەمایان دەکرد ..
لە لای ئەو هەموو شتەکان
مانایەك جوانییەك هێمایەك بوون بۆ گوڵ و باڵندە
هەر چەندە شێوەکار نەبوو
بەڵام بە هەموو رەنگەکان
هەر وێنەی گوڵ و باڵندەی دەکێشا ..
کاتێك برادەرەکانی باسی مردنیان دەکرد
ئەم دەیوت: من نامرم رۆژێك دێت
دەبمە باڵندەو خۆم لە شینایی ئاسماندا وندەکەم
گەر باڵەکانیشم هەڵوەرێن
دەبمە گوڵێك و خۆم دەدەم لە بەرگی دەفتەری منداڵێك
یان لە ئینجانەیەکدا گوێ لە فرمێسکەکانی کچێکی تەنیا دەگرم و
یادەوەرییەکانی ئەو رۆژگارانە دەنووسمەوە
کە هیچ و پووچی لە عەشق جوانتر دەدرەوشایەوەو
عەشق باڵندەیەکی بێ ئاسمان و خواوەندو رۆژگار بوو ..
کە برادەرەکانی باسی مردنی گوڵێك .. یان باڵندەیەکیان دەکرد
هەیهات لەو کات و ساتە لە بارانێکی شپرزەو سەرگەردان دەچوو
بۆ خاکێك بگەرێت بەسەریدا بباریێ ..
لە رەشەبایەك دەچوو پەنایەك نەبێت گڤەو هوژەی بگرێتەخۆ ..
کە هەواڵی مەرگی گوڵێك باڵندەیەکی دەبیست

بۆ دۆزینەوەی تەرمەکانیان
باخچەو دەریاو دارستان و شاخ و دۆڵ و
دەشت و دەر نەدەما نەگەڕێت ..
بەبرادەرەکانی دەوت: وەرن بگەڕێین توێی دەفتەری منداڵەکان بگەڕێین
لە توێی هەر دەفتەرێکدا گوڵێك و باڵندەیەك مردوون
ژێر پێی عاشقەکان بگەڕێن
لە هەنگاوی هەر عاشقێکدا تەرمی هەزاران گوڵ و باڵندە دەبینن ..
ناو ئینجانەی ماڵە خامۆشەکان بگەڕێن ..
ئینجانەکان پڕن لە تەرمی گوڵ و باڵندە ..
ئەو دەستانە بگەڕێن کە تەنیان ..
ئەو دەستانەی کە ئاو دەکەنە ئینجانەکانەوە ..
ئینجانەی دڵی خۆیان لە چاوەڕوانی دڵۆپێك ئاودا
درزی بردووە ..
وەرن بگەڕێین ئێمە نابێت بووەستین
دەبێت ئاوێنەی ژووری نووستنی جەللادەکان بگەڕێین ..
ژێردەمی چەقۆکان بگەڕێین
هەناسەی تاریکی تفەنگەکان
رووناکیی هەلا هەلای قەفەسەکان بگەڕێین
چیمەنی تەڕو خامۆشی خوێندنگاکان و
سەدای بەرزی مزگەوت و
بێدەنگیی ترسناکی گۆڕستانەکان بگەڕێین
چوارچێوەی وێنەکان و قوڵپی گریان و



قاقای پێکەنین و
شپرزەیی ئێوارەیەك بگەڕێن
کە فریای کۆکردنەوەوی تیشکەکانی خۆر ناکەوێت ..
شەپۆلی ئاوەکان رابگرن
چاوی نوقاوی بەردەکان هەڵدەنەوە
تۆزی نیشتووی سەر شەقامەکانی شاری یاد بگەڕێن
هێلانەی سەر درەختەکان بگەڕێن
بە دیوارە بەرزەکاندا هەڵگژێن
لە دەرگای ماڵەکانی خەیاڵ و جوانی بدەن ..
یەکە یەکە ئەستێرەکان بتەکێنن
دەستی مانگ بگرن تا زەریاکانمان پیشاندەدات ..
هانا بۆ تاریکی بەرن بەر لە خۆر ئاوابوون
دەرگای سندوقەکانی بکاتەوەو
هەرچی تەرمی گوڵ و باڵندەی نیگا ئاگراوییەکانە
بە تەنافی دواتیشکی خۆردا هەڵبخەن
تا ژیان روانینە وەریوەکان کۆکاتەوە و
خۆر بە پەنجە باریکەکانی تۆزی تاریکی سەر پێڵوی تەرمەکان
سپیکاتەوە تا تەرمەکان وەك منداڵ بەدوای فڕینی کۆترێکدا
لە سپێتی پەڵەهەورێکا ونبن ..
بگەڕێن تەرمەکان نامرن
تەرمەکان وەك پشکۆی ژێر خۆڵەمێشەکان
لە گەڵ هەڵکردنی (با)دا وەك ئەستێرەیەك

لە تاریکیدا دەدرەوشێنەوە
وەك باڵندەیەك لە زریان و گێژاودا دەفڕن
وەك سەگێك لە ژێر داڕوخانی خانویەکدا
دەزوقێنیٚ و دەرباز دەبیٚ .. ئاوا دەربازدەبن ..
تەرمەکان تەرمی من و تۆن
تەرمی ئەو ژنانەن
شەوانە بەلێوی سووری پشکۆکان خۆیان بەتاڵدەکردەوە ..
تەرمەکان نیگا وەریوەکانی ئێمەن ئەوان نامرن
کەوتونەتە ژێر وشکبوونەوەی
رۆژەکانی تەمەنەوە
ئاوا بۆ برادەرێکی گێڕابۆوە
کە گوڵێك لە لێوەکانی رواوەو
باڵندەیەك لە ئێوارەیەکی
پڕ ئاشوب و ترسناکدا
ئەمی لەسەر باڵەکانی داناوەو فڕیوە بۆ ئاسمان
ئیدی لەو رۆژەوە خەونەکانی پڕبوون لە گوڵ و باڵندە
کە سوێندی دەخوارد دەیوت: بە چاوی گوڵ بەسەری باڵندە ..

٢٠٠٤

نووسین و نامەی کۆمەڵێك شاعیرو نووسەر

لە بارەی من و خۆمەوە.

ئەم مەلەفەو زۆربەی شیعرەکانم لە گۆڤاری هەنار بڵاوکراونەتەوە

بەشداربووان:

. کاروان کاکەسوور
. جەمال خەمبار
. شیرین ك
. دڵسۆز حەمە
. ئیسماعیل حەمەئەمین
. ئارام کاکەی فەلاح
. حسێن ئەحمەد
. هەندرێن
. ئەنوەری ڕەشی عەولاّ
. فاروق هۆمەر
. جەلال بەرزنجی
. دلاوەر قەرەداغی
. گۆران عەبدوڵلا
. یوسف عیزەدین
. سەلام محەمەد

# لێکترازانی سەبجێکت و ئۆبجێکت لەشیعری (من و خۆم) ی (حەمە کاکەڕەش) دا

**کاروان عومەر کاکەسوور ـ دانمارک**
**٢٠٠٧/١٢/٢٣**

(حەمە کاکەڕەش)ی شاعیر، لەشیعری (من و خۆم)دا تەنیا لەهەوڵی ئەوەدا نییە، کە مانا بەدەستەوە بدات، بەڵکو هاوکات هەموو ئەو کەرەستانەشمان دەخاتە بەردەست، کە زیاتر لە تێگەیشتنی ئەو مانایانەدا یارمەتییمان دەدەن، بەمانایەکی دیکە شاعیر مەبەستیەتی گوێگر (Audient) بەقەدەر خۆی و کارەکتەرەکانی لە نهێنییەکانی تێکست ئاگادار بێت.

لێرەدا ئەرکی زمان، ئامادەکردنی نائامادەکانە (Absent)، مەبەستیش لە نائامادەکان هەموو ئەو زانیارییانەن، کە گوێگر لەزەمەنی کۆنتاکتی تێکستەکەدا بیری نەماون و ئەو لە ڕێگای ئەو زمانەوە ئامادەیان دەکاتەوە، ئەگەر (روونیی) سیمایەکی دیاری شیعری دوای ڕاپەڕین بێت، ئەوە لەم شیعرەدا جوانکاریی دەتوانێت بەچاکی پارسەنگی ئەو روونییە بداتەوە:

"من خوێنم وەك رووناكی دەدرەوشێتەوە
کەچی خۆم خوێنی پڕە لەتاریکی
من بێبڕواترین پیاوی دونیام٭



خۆم دڵی لەدەستی خواوەندایە.

شاعیر لەپێناوی بەردەوامبوونی پرۆسێسی ئامادەکردنەوەی نائامادەکان، هەر لەسەرەتاوەو زۆر بەنهێنی، بەڕادەیەك هەست بەبوونی ناکرێت، پەنا بۆ دابەشکردنی خود دەبات بەسەر دوو لایەنی جیاوازدا، بەو مەبەستەی هەر یەکێك لەو دوو لایەنە لەلایەك نهێنیی خۆیان و لەلایەك نهێنیی ئەوەیدیکەیان بۆ دەرەوە بگوازێتەوە، کە دواجار ئەوەی دەبێت بەرپرسیارێتیی هەموو ئەو ئازارو دڵەڕاوکێیەی هەردوو لایەنەکە بگرێتە ئەستۆی خۆی، تەنیا خودە. لێرەشەوە ئەرکی شاعیر هەر بەتەواوی کۆتایی دێت. بەمانایەکی دیکە ئەو دژایەتییانە خود بەسەر سەبجێکت و ئۆبجێکتدا دابەش دەکەن. لێرەدا ئەگەرچی دەنگی گێڕانەوە تاڕادەیەکی زۆر دەنگێکی نیوتراڵ و سەربەخۆیە، بەڵام کەمێك زیاتر بەلای دەنگی سەبجێکتەوەیە. دیارە ئەوە لایەنێکی سایکۆلۆژیی هەیە، کە وا دەخوازێت لەشوێنێکی دیکەدا بەجیاوازو لەسەر ئاستی سیمبۆلیکال سەرنجی لێبدرێت. کەواتە لەناو سیستەمی گێڕانەوەدا بەردەوام دوو کارەکتەرو یەك دەنگی گێڕانەوە هەستیانپێدەکرێت. ئەوەندە هەیە وەکو گوتمان سەبجێکت زیاتر لەبارەی ئۆبجێکتەوە دەزانێت، یاخود بەمانایەکی دیکە دەنگی گێڕانەوە وامانلێدەکات وابزانین زیاتر لەبارەی سەبجێکت و کەمتر لەبارەی ئۆبجێکتەوە بزانین. هەر ئەم دابەشکردنە وێناکردنەوەی بابەتە لەناو خودداو گواستنەوەی پێوەندیی نێوان خودو بابەتە بۆ ناو خود خۆیەوە. بەمانایەکی دیکە ئەو پێوەندییە ستانداردەی خودو بابەت دەگۆڕێتە سەر پێوەندیی خودو خود:

من لەخۆم تێناگەم
خۆم لەمن تێناگات
دەڵێی هەریەکەمان لەمەملەکەتێکی ترەوە هاتووین.

من لەخۆم هەراسانم، خۆم لەمن هەراسانە
کەچی هەر پێکەوە دەژیین".

دابەشبوونی خود بەسەر دوو لایەنی جیاوازدا، هاوکات دابەشبوونی پرسیارەکانە لەبارەی خود خۆیەوە، ئەگەر مرۆڤ وەکو (هایدگەر) پێیوایە تاکە بوونەوەرێك بێت لەبارەی بوونی خۆیەوە پرسیار بکات، ئەوە شیعر لەڕێگای میتافۆرەکانیەوە ئەو پرسیارە چەندجار لەخۆی گەورەترو ئالۆزتر دەکات، دابەشبوونی پرسیار لێرەدا هەموو هیواکانی خود لەدەسکەوتنی وەڵامدا لەناو دەبات و سنوورەکانی مەراق و تێرامانیش فراوانتر دەکات، چونکە ئەگەر وەڵامی لایەکیش دەستبکەوێت، ئەوە لایەکەی دیکە هێشتا لەناو مەراقدا دەمێنیتەوە، هەر ئەمەش پێوەندیی نێوان (من) بە (ئەویدیکە) دژوارتر دەکات، بەوەی پرسیاری (من) لە(ئەویدیکە) لەناو دوالیزمدا جێگیرکراوە، لەلایەکی دیکە پرسیاری خود لێرەدا ئەگەر پڕیەتی لە ترس و گومان، بەڵام ئەوە بۆ ئەوە نییە لەڕێگای گومانەوە دیکارتییانە دەوروبەر کەشفبکات و بگاتە یەقین، بەڵکو تەنیا هەوڵدانە بۆ تێگەیشتن لەخۆی، کەشفکردنی دەوروبەر ترسێکی ئەوەندە گەورەیە، کە بەهەموو شێوەیەك خۆی لێ بەدوور دەگرێت:

"هەراسانی کردووم هاواری هیچی دەرەوەی خۆم.
من لەوێنەکاندا لەنێوانی عەشق و مناڵیدا راوەستاوم
دەستێکم کردۆتە ملی خەیاڵ و
لەگەڵ جوانیدا بزە دەمگرێ".

ئەو دوو کارەکتەرە کاتێك ڕێگا بەو دەنگە دەدەن دەسەڵاتی گێڕانەوە بگرێتە دەست، زۆر خێرا شاعیرمان بیر دەبەنەوە، لێرەوە تێکستەکە زۆر خۆڕسکانە پێدەگات و سادەیی دەکاتە ژینگەیەکی باشی ئەو پێگەیشتنە، ئەو سادەییە



روویەکی پۆزەتیڤانەی هەیە بۆ کۆنتاکتی خوێندنەوە لەگەڵ تێکستەکەدا، بەو ئاراستەیەی کە دوور لە خواست و ویستی شاعیر مانا ئامادەکان لەکۆنتێکستی خۆیان دووربخرێنەوە، روونتر خوێندنەوە دەتوانێت جارێکیتر جیاواز لەشاعیر تێکستێکی دیکە بەرهەمبهێنێتەوە، شاعیر لێرەدا هەر تەواو لەخواوەند دەچێت، ئەو هەیە، بەڵام نە دەبینرێت و نە هەستیشی پێدەکرێت، شاعیر بوونی راستەقینەی لەناو تێکستەکەدا نامێنێت، هەر بۆیە لەسەرجەمدا هیچ بوونەوەرێك رووبەڕووی پاساو نابێتەوە بۆ ئەو وێرانەیەی، کە هەردوو کارەکتەرە جیاوازەکە تێیدا ژیان دەگوزەرێنن:

"من و خۆم (پێکەوەو) تەنیاین
خۆم و من (تەنیاو) پێکەوەین
من تائێستا خۆم ناناسم
خۆم تائێستا من ناناسێت
تارماییەك لەگەڵمدایە
نازانم من (تارماییم) یان خۆم".

هەڵپەی ئەو دەنگانە بۆ ئەوە نییە بگەنە گوێگرێکی زیندوو بەقەدەر ئەوەی لەهەوڵی ئەوەدان بگەنە سرووشت، سەرنجی دووبارەبوونەوەی وشەکانی (ئاسمان، رووناکی، رووبار، بیابان و هی دیکەی هاوچەشنی ئەمانە) دەدەین، بگرە مرۆڤ هەر بوونی نییە، ئەوەی هەیە زیندەوەری وەکو پەپوولەو گیانداری وەکو ماسیین،. ئەو دوو کارەکتەرە، کە سەبجێکت و ئۆبجێکت نوێنەرایەتییان دەکەن، وەك ئەوەی لەسەرەتای دروستبوونی گەردوونەوە بژین و لەخۆیان زیاتر بوونەوەرێکی دیکە نەخولقابێت، هیچ چاوەڕوانییەکی وەڵامدانەوە ناکەن، بەڵکو دەیانەوێت گوێیان لە دەنگدانەوەی دەنگی خۆیان بێت، بۆیە تەنیا

خۆیان هەم بەسەرچاوەی ئاسوودەیی و هەم بەسەرچاوەی نیگەرانیی یەکتر دەزانن:

"کەس وەکو خۆم دڵی منی نەشکاندووە
کەسێك نییە من و خۆم ئاشت کاتەوە.
لەهەموو دنیا خۆش دەبم لەخۆم نەبێت.
کەس شك نابەم منی لەلادانێم
خۆمی شێت کردووە".

لە سەرئاستی سیمبۆلدا گەڕانەوە بۆ ناو سرووشتێك، کە هەتا ئێستا هیچ چالاکییەکی مرۆڤایەتیی پێوە دیار نییە، گەڕانەوەیە بۆ دایك پێش ئەوەی باوك دەستی بەسەردابگرێت، لێکچواندنی ژن و سرووشت پێکەوە بۆ ئایینە زۆرکۆنەکان و ئایینە نووسراوەکان دەگەڕێتەوە، هەر لە(ئەرستۆ)شەوە هەتا ئەمڕۆ سرووشت وەکو رەگەزی مێینە سەرنجی لێدراوە، (ئەرستۆ) رێك ناو لەسرووشت دەنێت دایك، ئەو زیاتریش لەسرووشت مەبەستی زەوییە، چونکە لەخوارەوەیەو ئاسمان و رۆژیش بەباوك ناودەبات، کە لەسەرەوەن، (ئێمە لێرە مەبەستمان نییە ئەو بۆچوونانە هەڵسەنگێنین)، ئەو ئارەزووی گەڕانەوەیە بۆ سرووشت تەنیا رووی ئیرۆسییانەی (Eros) نییە، بەڵکو رووێکی پاناتۆسییانەشی (Thanatos) هەیەو لە کوشتنی سیمبۆلییانەی هەموو ئەو گیانانەدا خۆی دەبینێتەوە، کە رێگرن لەوەی بەدایك بگاتەوە، هەر لێرەدا سرووشت دەکرێت هاوواتای منداڵدان بێت لەزەمەنی پێش کۆنتاکت لەگەڵ رەگەزی نێرینەدا، وەکو (فرۆید) دەریدەخات ئەو غەریزەیە کە ئاراستەیەکی دوژمنکارانەی هەیە، چ خودو چ ئەویدیکەش تێکدەشکێنێت، بەو مەبەستەی ژیان بۆ سەرەتای خۆی بگەڕێنێتەوە، واتە بۆ ئاستی نائۆرگانی Inorganic،



ئەو کاتەی هێشتا ماددە زیندوو نەبووە، ئەگەرچی لەزمانی کوردییدا، یان لایەنی کەم لەو دیالێکتەی ئەم تێکستەی پێ نووسراوە، جیاوازیی نێوان رەگەزی نێر و مێ ناکرێت، بەڵام گریمانی ئەوە هەیە ئۆبجێکت لێرەدا لەسەر ئاستی میتافۆردا مێ بێت و وەکو سیمبۆلی دایك ببینین، هەر ئەمەشە وایکردووە ئۆبجێگت لەلایەك هێندە شاراوە بێت و لەلایەکی دیکەش بکرێتە ئامانج، ئەو رەشبینییەی بە سەبجێکتەوە دیارە، زیاتر ئەوەمان لا دەچەسپێنێت، کە ئۆبجێکت سیمبۆلی دایکە، ئەگەر سەرنج بدەین، دەبینین ئەوە سەبجێکتە ئەوەندە ئۆبجێکتی لێبووەتە مەتەڵ و خولیایەکی گەورە. ئەوە سەبجێکتە هەڵپەی ئەوەیەتی بگاتە ئۆبجێکت:

"من نهێنییەکان لەخۆم دەشارمەوە
خۆم نهێنییەکان لەمن دەشارێتەوە
من و خۆم پێکەوە نهێنین!".

ئەو رەشبینییە ئەنجامی سەرنەگرتنی ئەو هەوڵانەیە، کە سەبجێکت لەپێناوی گەیشتن بەئۆبجێکتدا دەیاندات. لێرەوەیە پێموایە ئەم شیعرە یەکێك دەبێت لەو شیعرانەی ئێمە، کە غوربەت بەهەموو رەهەندەکانیەوە لەخۆدەگرێت و وەکو شیعرە غوربەتییەکانی (محەمەد عومەر عوسمان) لەیادەوەرییماندا دەمێنێتەوە:

"دەستم ناگاتە رەنگەکانی ناوەوەی من
لەبەر (بێڕەنگیی) دەرەوەی خۆم
ناهێڵێ گوێم لەدەنگی ناوەوەی من بێ
رژاوە بەسەرما دەنگی دەرەوەی خۆم".

دواتر زەمەنێکی گەورەتر هەستپێدەکرێت و تێکستەکە زیاتر بەقووڵایی میتافیزیکادا ڕۆدەچێت، بەوەی هەر خۆی زۆر خۆڕسکانەو دوور لە هۆشیارییەکی ڕۆشنبیریی و فیکریی دەرەوەی خۆی، پەنا بۆ کۆمەڵێك سیمبۆلی مێژوویی و میتۆلۆژی دەبات، هیچ یەکێك لەو وشانەی لەسەرتاپای تێکستەکەدا ئەرکیان پێسپێردراوە، سرووشت نابەزێنن، سرووشتێك، کە وەکو گوتمان هیچ شوێنەواری مرۆڤی بەسەرەوە نییە، تەنانەت جەنگیش مانایەکی ڕۆحیی هەیەو کەرەستەکانی دروستکراوی دەستی مرۆڤ نین:

"لەشەڕی نێوان من و خۆما
هەزاران تەرم کەوتوون، تەرمی خەون و خەیاڵەکانم".

ئەگەر هێشتا ئەو سرووشتە لە ڕێگای سادەترین تەکنەلۆژیاوە پێکهاتەکانی نەگۆڕابن، ئەوا ئاوێنەکانیش دەکرێت هەر ئاوبن، نەوەك لەناو سیستمێکی کۆمەڵایەتی و لە ڕێگای پرۆسەی کاری کۆمەڵایەتییەوە لەماددەی دیکە دروستکرابن:

"من ئاوێنەکانم (شکاند) (تا خۆم) نەبینم
خۆم ئاوێنەکانی( شکاند) تا من نەبینێت".

ئەگەر (هایدگەر)یانە سەرنجی لێبدەین، ئەوە دەبینین ئەو کەرەستانە بەمەبەستی هونەر دروستکراون، نەوەك بۆ قازانج:

"من لە تینوێتیدا دەمرم
خۆم گیرفانەکانی پڕە لە ئاو...
ئاو من دەچمەوە سەر ڕەنگەکانی تۆ
من دەچمەوە سەر درەوشانەوەی تۆ
من(ببە)



با لەخۆم دوورکەومەوە
ئاو خۆم دەچێتەوە سەر ڕەنگەکانی مردن
خۆم دەچێتەوە سەر تێکدانی یارییەکانی منداڵی
خۆم دەچێتەوە سەر (بێهەستیی) بیابانەکانی تەنیایی
خۆم بڕوای (بە نەرموشلیی ئاو نییە)
خۆم ناهێڵێ ئاو بە پەنجەکانی باخچەکان بژمێرێت
خۆم ناهێڵێ ئاو تۆزی سەر لێوەکان بژێنێتەوە
ئاو من
من دەچمەوە سەر تۆ
من لەدڵۆپەکانی تۆیا دەتوانم هێلانە (دروست کەم)
من لەدڵۆپەکانی تۆیا جێگام دەبێتەوە
خۆم بیر لەدەربەدەرکردنی ئاو دەکاتەوە بۆ بیابان
ئاو من ببە من".

زیاتر پێ لەسەر ئەوە دادەگرین، کە گەڕانەوە بۆ ناو ئەو سرووشتە هێمنەی، کە هیچ چالاکییەکی مرۆیی پێوە دیارنییە، گەڕانەوەیە بۆ ئەو زەمەنەی دایك لەلایەن باوکەوە دەستی بەسەردا نەگیراوە، گەورەترین چالاکی، کە لەناو ئەو سرووشتەدا ئەنجامبدرێت هەر شاردنەوەی جەستەکانە بەسادەترین شێوە، دەتوانین بڵێین: ئێتمۆسفێرێکمان هەیە وەکو ئەو ئێتمۆسفێرەی، کە تێیدا قەلەڕەشەکە لەناو ریتواڵێکی ئاینییدا (قابیل)ی فێرکرد چۆن تەرمی (هابیل)ی برای لەگۆڕ بنێت:

"گوناهە من و خۆم بخرێینە یەك گۆڕەوە"

من خۆم وەکو خوێنەرێکی ئاسایی ئەم تێکستە، هەر لەسەرەتاوە چاوەڕێی ئەو مردنە ناچارییەم دەکرد، چونکە گەڕانەوە بەو هەموو ئارەزووە گەرمەوە بۆ ناو خود، جیاواز نییە لەئارەزووکردنی مەرگ، کە لەوێدا گەورەترین شۆکیی سایکۆلۆژی لەسەر ئاستی سیمبۆل و شۆکی بایەلۆژی لەسەر ئاستی واقیعدا بەڕوودا دەتەقێتەوەو رەشبینی شوێنی دەگرێتەوە، وەکو لەپێشەوە لەناو غەریزەی پاناتۆسدا جێگیرمانکرد:

"من دەڕۆم بۆدەریا تا شەپۆلێك بکەمە گۆڕی خۆم
خۆم دەڕوات بۆ بیابان تا من لەدووریی ئاو بمرم
من خۆم بیابان و دەریاین پێکەوە".

ئەو زمانە هەر لەسەرەتاوە لە هەوڵی ئەوەدایە، کە ماناکان دەستنیشان بکات، بەمانایەکی دیکە شیعرێکی بێدەنگمان بەدەستەوە نادات، بەڵکو لە هەوڵی روونکردنەوەی سەرجەمی ئەو رووبەرە دایە، کە ماناکانی بەسەردا دابەشکردووە، ئەو زمانە ئەگەرچی نایەوێت سەرچاوەی ئازارەکانمان پێبڵێت، بەڵام لەهەوڵێکی تەواوی ئەوە دایە، کە حەقیقەتی ئازارەکانمان پیشانبدات، ئەو شێوازە بۆ نموونە: لای (سەباح رەنجدەر)ی شاعیر تەواو پێچەوانەیە، لای (رەنجدەر) زمان بۆ دەرخستنی حەقیقەت نییە، بەڵکو بۆ شاردنەوەیەتی، چونکە (رەنجدەر) هەر لەبنەڕەتەوە لە کۆمەڵێك واقیعەوە شتەکانمان بۆ دەگوازێتەوە، کە ئەو واقیعانە بەتەواوی لەخۆی و لەئێمەش شاراوەن و زمانی خەیاڵ وەکو پرۆسێسێکی گەڕان لەناو فەزایەکی بێسنوورو دوور لەدەسەڵاتی شاعیر دەیاندۆزێتەوە، ئەگەر لەم شیعرەی (حەمە کاکەڕەش)دا وشە رستەو رستە کۆپلەو کۆپلە سەرجەمی تێکستەکە بەشێوەیەکی رێکوپێك لەناو یەك قەوارەی یەکگرتوودا پێکدەهێنێت، ئەوا لای (رەنجدەر) وشە رستەو رستە



کۆپلەو کۆپلە سەرجەمی تێکستەکە لەناو یەك قەوارەدا پێکناهێنێت، بەڵکو لێکترازانێکی تەواو لەنێوان هەموویاندا هەیە، هەر ئەمەشە لەشیعری (رەنجدەر)دا هێڵی درامی بوونی نییە، وەکو لەم شیعرەی (کاکەڕەش)دا زۆر بەزەقی دەردەکەوێت و ناهێڵێت لەمانا دیاریکراوەکانی تێکست دوور بکەوینەوە، چێژی ئەو مانایانەش خێراو راستەوخۆن، لەلایەکی دیکە لەم شیعرەی بەردەستماندا گوێگر (Audient) تاك و دیاریکراو و جێگیرە، هەرچی لای (رەنجدەر)ە چەند هەوڵ بدەین گوێگرێکی تاك و دیاریکراو و جێگیرمان بەرچاو ناکەوێت، بەڵکو کۆمەڵێك گوێگر (Audience)ی گریمانی و بگۆڕمان هەن، کە زمانی خەیاڵ جێگۆڕکێیان پێدەکات، هۆی ئاماژەدانم بەشیعری (رەنجدەر) لێرەدا تەنیا ئەوەیە بەبیر خۆمانی بهێنمەوە، کە جیاوازییەکی گەورە لەڕووی ستایلەوە لەنێوان سەرجەمی کارەکانی ئەو شاعیرەو ئەم شیعرەی بەردەستماندا هەیە، بۆ داهێنانیش رێگاکان جۆراوجۆرن.

# کاتێ مرۆڤ لە هەموو دنیا خۆش دەبێت لەخۆی نەبێت!

**محەمەد کوردۆ**

ئەحلام موستەغانمی لە رۆمانی (یادەوریی جەستە)دا دەڵێت:" نیگارکێشێکی هاوچەرخی ژاپۆنیی، چەند ساڵێك جگە لە وێنەی گژوگیا، وێنەی هیچ شتێکی دیکەی نەدەکێشا، کە لێیان پرسی بۆچی هەمیشە هەر گژوگیا؟ وتی: کاتێك وێنەی گژوگیام کێشا لە کێڵگە تێگەیشتم، کاتێکیش لە کێڵگە تێگەیشتم درکم بە نهێنیی دنیا کرد".

ئەو نیگارکێشە راستدەکات، هەر مرۆڤە کلیلێکی هەیە بۆ کردنەوەی دنیای دەرەوەو دنیای ناوەوەی خۆی.

هەمەنگوای کاتێك لە دەریا تێگەیشت لە دنیاش تێگەیشت، ئەلبێرتۆ مۆراڤیا لە رێگای تێگەیشتن لە ئارەزووەوو حەلاج لە رێگای تێگەیشتن لە خوداوەو هنری میلەر لە رێگای تێگەیشتن لە سێکسەوەو بۆدلێر لە رێگای تێگەیشتن لە نەفرەتو گوناهەوە، لە دنیا تێگەیشتن.

حەمە کاکەڕەشیش لە قەسیدەی (منو خۆم)دا هەوڵیداوە لە رێگای تێگەیشتن لە خۆیو کێشە قوڵەکانی ناوەوەی خۆیەوە لە دنیاو لە کێشە قوڵەکانی دنیا تێبگات، هەوڵیداوە لە رێگای گەڕانەوەوە بۆ لای خۆی، بۆ لای دنیا بگەڕێتەوە، بە بڕوای من شاعیر تەنها نەیویستووە لە رێگای ئەم شیعرەوە وەکو سوکرات بڵێت:"ئەی مرۆڤ خۆت بناسە"، بەڵکو ویستویەتی بشڵێت: ئەی مرۆڤ ئاگات لە خۆت بێت، چیدی فریووی ئەو تەفرەیە نەخۆی کە تێیدا واتدەزانی



ئاشتبوونەوەت لەگەڵ دنیاو لەگەڵ خەڵك، بە ئاشتیو ئارامییت دەگەیەنێت لەگەڵ خۆتدا.

هەوڵیداوە بشڵێت: ئەی مرۆڤ پێویستە ئەو هاوکێشەیە پێچەوانە بکەیتەوەو هەوڵبدەیت لە رێگای ئاشتبوونەوەوە لەگەڵ خۆت، بە ئاشتیو ئارامیی بگەیت لەگەڵ دنیادا.

شاعیر لەم شیعرەدا دەستی خستووەتە سەر یەکێك لە قوڵترین کێشەکانی مرۆڤ، کە کێشەی گیرۆدەبوونیەتی بەدەستی خۆیەوە:

"کەس وەکو خۆم دڵی منی نەشکاندووە".

هەوڵیداوە لەسەر کێشەیەك رابوەستێت کە زۆر بەتوندی بە چارەنوسیی مرۆڤەوە گرێدراوە، مەبەستم کێشەی نەبوونی توانای ئاشتبوونەوەی مرۆڤە لەگەڵ خۆیدا، کێشەی دەستەوەستانی مرۆڤ لە پێکهاتنەوە لەگەڵ خۆیدا:

"لە هەموو دنیا خۆش دەبم لە خۆم نەبێت".

بێگومان ئەم دەستەواژەیە ئیمکانی پێچەوانەکردنەوەشی هەیە، دەتوانین وای بخوێنینەوە کە شاعیر دەیەوێت بڵێت:

"هەموو دنیا لێم خۆشدەبێت، خۆم نەبێت".

ئەمەش دەکرێت وەکو پەیامێکی ناڕاستەوخۆ بۆ گەڕان بەدوای لێبووردەییو پێکەوە ژیانو پێکەوەهەڵکردنێکی دیکە بخوێنرێتەوە، مەبەستم لێبوردەییو پێکەوەژیانو پێکەوە هەڵکردنی مرۆڤە لەگەڵ خۆیدا.

دەتوانرێت وەکو هاوارێك تەماشا بکرێت کە تێیدا مرۆڤ لەبری ئەوەی، وەکو ڤۆڵتێر، بە خەڵك بڵێت:" مەرج نییە من لەگەڵ بیروڕای تۆدا کۆك بم، بەڵام ئامادەم خۆم بە کوشت بدەم لە پێناوی ئەوەی تۆ بتوانی بە ئازادی بیروڕای

خۆت دەرببڕیت"، وا بەخۆی دەڵێت، لەبری لێبوردەیی لەگەڵ خەڵك، بیر لە لێبوردەیی لەگەڵ خۆی دەکاتەوە.

بە مانایەکی دی، دەتوانین ئەم شیعرە وەکو رەخنەکردنێکی قوڵ، بەڵام پەنهان، بۆ ڤۆڵتێرو تەزاکەیو بۆ هەموو ئەو رۆشنگەرو روناکبیرانە تەماشا بکەین، کە بیریان لە لێبوردەییو پێکەوەژیانی مرۆڤ لەگەڵ خەڵك کردووەتەوەو لێبوردەیی مرۆڤیان لەگەڵ خۆی لەبیرکردووە، کێشەی مرۆڤیان لەگەڵ خەڵکدا خستووەتە ناو کارو خەونو خەیاڵەکانی خۆیانەوەو کێشەی مرۆڤیان لەگەڵ خۆی، بە هەند وەرنەگرتووە.

ئەم شیعرە هاتووە بەو کەسانە بڵێت: ئێوە لە پێناوی راگرتن، یان راستتر، کەمکردنەوەی شەڕەکانی مرۆڤ لەگەڵ یەکدیدا، پەیامی روونو ئاشکراتان هەبووە، وەلێ ئەوەتان لەبیرکردووە کە مرۆڤ تاکو شەڕەکانی لەگەڵ خۆی رانەگرێت، یان راستتر، کەمیان نەکاتەوە، ناتوانێت شەڕەکانی لەگەڵ دنیاو لەگەڵ خەڵك رابگرێت، یان کەمیان بکاتەوە، ئەوەتا شەڕی شکاندنی ئاوێنەکان تا ئەمڕۆش نەك هەر بەردەوامە، بگرە شەڕێکی گەرمیشە:

"من ئاوێنەکانم شکاند تا خۆم نەبینم

خۆم ئاوێنەکانی شکاند تا من نەبینێت".

ئەم شەڕەش، کە تێیدا لە رێگای شکاندنی ئاوێنەکانەوە ئارەزوویەکی قوڵی مرۆڤ بۆ نەبینینی خۆی دەردەکەوێت، دواجار کارێك دەکات لە نێوانی مرۆڤ و خۆیدا کوشتن شوێنی ژیان بگرێتەوە:

"منو خۆم کوشتن لە نێوانماندا راوەستاوە

نەك ژیان".



شاعیر بەمشێوە پەنهانو ناڕاستەوخۆیە پێماندەڵێت: ئاشتبوونەوە لەگەڵ خەڵك گرنگە، وەلێ ئاشتبوونەوە لەگەڵ خۆمان گرنگترە، پێکەوەهەڵکردن لەگەڵ خەڵك بڕیارێکی چارەنوسسازو ژیانییە، بەڵام پێکەوەهەڵکردن لەگەڵ خۆماندا بڕیارێکی لەو چارەنوسسازترو ژیانییترە، ئەمەش وتەیەکی (غادە ئەلسەمان)م بیردێنێتەوە کە دەڵێت:" مرۆڤ چووە سەر مانگ، بەڵام نەیتوانی بچێتەوە لای خۆی"، لێرەوە لەبری خەوبینین بە فریادڕەسێکەوە کە لەگەڵ دنیادا ئاشتمان بکاتەوە، خەوبینین بە فریادڕەسێکەوە سەرهەڵدەدات کە لەگەڵ خۆماندا ئاشتمان دەکاتەوە:

"کەسێك نییە منو خۆم ئاشتبکاتەوە".

ئەمەش دیسان بەشێوەیەکی پەنهانو ناڕاستەوخۆ، گلەییە لە ڤۆڵتێرو هەموو ئەو رۆشنگەرو روناکبیرانەی کە بیریان لەوە کردووەتەوە مرۆڤ لەگەڵ خەڵکدا ئاشتبکەنەوە، بەڵام بیریان لەوە نەکردووەتەوە لەگەڵ خۆیدا ئاشتیبکەنەوە، ئەو کەسانەی ئەو تەرمانەیان بینیووە کە لە شەڕی نێوان مرۆڤەکاندا کەوتوون، بەڵام نەیانتوانیووە ئەو تەرمانە ببینن کە لەشەڕی نێوان مرۆڤ و خۆیدا دەکەون؟!

بەمشێوەیە شاعیر هەوڵیداوە پێمانبڵێت: نائومێدییو بێهودەیی مرۆڤ تا ئەو رۆژەی کە دەتوانێت لە هەموو دنیا خۆش بێت لە خۆی نەبێت، هەر درێژە دەکێشێت.

ئەم نائومێدییو بێهودەییەش لە دوو ئاستدا مرۆڤ بەرەو سەرگەردانیی گەورەو بەرەو تیاچوون دەبەن، لە ئاستی یەکەمدا خەونی گەیشتنی مرۆڤ بە ئاسودەییو بە ژیانێکی هێمنو ئارام کوێر دەکەنو دەیخەنە دۆخێکەوە نەك هیچ هیوایەك لەسەر زەوی نابینێت، گومان لە ئاسمانیش دەکات:

"ئەترسم ئاسمانیش پڕبێت لە بێهودەیی".
لە ئاستی دووەمیشدا مرۆڤ لەگەڵ مەرگی خۆیدا ڕووبەڕوو دەکەنەوە:

"من دەڕۆم بۆ دەریا تا شەپۆلێك بکەمە گۆڕی خۆم
خۆم دەڕوات بۆ بیابان تا من لەدووری ئاو بمرم".

دەتوانین کورتو پوخت بڵێین: ئەم شیعرە هاوارێکی قوڵو ڕاچڵەکێنەرە کە مرۆڤ لە کێشەیەکی جەوهەرییو گەورەو ترسناك ئاگادار دەکاتەوە، ئەویش مەسەلەی ئەو ڕوانینەیە کە کێشەی مرۆڤ لەگەڵ خەڵکدا دەبینێتو کێشەی مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا فەرامۆش دەکات، ئەم شیعرە هاتووە پێمان بڵێت: ئێستا ئیدی کاتی ئەوە هاتووە بگەڕێینەوە لای خۆمانو لەبری ئەوەی بەتەمابین لە ڕێگای ئاشتبوونەوەمان لەگەڵ خەڵكو دنیادا، لەگەڵ خۆمان ئاشتببینەوە، هەوڵبدەین هاوکێشەکە پێچەوانە بکەینەوەو لەڕێگای ئاشتبوونەوەمان لەگەڵ خۆمان، لەگەڵ خەڵكو دنیادا ئاشتببینەوە!

لە ڕووی تەکنیکی شیعرییشەوە ئەم دەقە توانیویەتی دەقێکی جوانو تێرو جیاوازو پڕ لە وردەکاریی هونەریی بێت.

زمانی ئەم دەقە لەو زمانە شیعرییانەیە کە زیاتر کار لەسەر شتە دژبەیەکەکان دەکەنو هەوڵدەدەن (ئاوو ئاگرێکی تێکەڵ) بەرهەم بهێننو دۆخێکی فەنتازیی وا بخوڵقێنن کە هەبوونی لەدەرەوەی زماندا، جۆرێك بێت لە مەحاڵ، ئەگەر بڕوا بەو بۆچوونەی ئەدۆنیس بهێنین کە دەڵێت:" شیعر هەوڵدانە بۆ وتنی شتگەلێك لە ڕێی میتافۆرو هێماوە، کە خۆیان لەراستییدا ناوترێن"، ئەوا حەمە کاکەڕەش لەم دەقەدا لە ڕێی زمانێکەوە کە دەتوانین بە زمانی کۆکەرەوەی میتافۆرو هێما دژبەیەکەکانی ناو ببەین، ئەو هەوڵەی داوەو ویستویەتی لەو شتانە



نزیکببێتەوە کە ناوترێن، بە مانایەکی دی، دەتوانین بڵێین: تەقاندنەوەی زمان لەم دەقەدا لەڕێی بەیەکگەیاندنی میتافۆرو هێما دژبەیەکەکانەوە، ئەنجامدراوە، لە نێو زمانی ئەم دەقەدا ئێمە ڕووبەڕووی شتگەلێك دەبینەوە کە بە ڕادەیەك لەیەك جیاوازن، ناکرێت پێکەوە بمرن، ناکرێت پێکەوە بخرێنە یەك گۆڕەوە:

"چۆن دەبێت منو خۆم پێکەوە بمرین
کە هیچ شتێکمان لەیەك ناچێت؟
گوناهە منو خۆم پێکەوە بخرێینە یەك گۆڕەوە".

لە نێو ئەم زمانە شیعرییەدا بوونەوەرگەلێك دەبینین کە بەردەوام چاوەڕوانی وەڵامی یەکدی دەکەنو هەرگیز یەکدی بێ نامە ناکەنو کەچی نامەی یەکدییش ناخوێننەوە!

"من نامەکانی خۆم ناخوێنێتەوە
خۆم نامەکانی من ناخوێنێتەوە
کەچی یەکتر بێنامە ناکەین
چاوەڕێی وەڵامی یەکترین".

بە بوونەوەرگەلێك ئاشنا دەبین کە هەمیشە پێکەوەن، کەچی هەموو شتێکیان لەیەك دوورکەوتۆتەوە:

"منو خۆم پێکەوەینو
هەموو شتێکمان لەیەك دوورکەوتووەتەوە".

لەنێو ئەم زمانە شیعرییەدا مرۆڤ دەتوانێت "بۆنی هەراسانی" بکاتو "شوێن پێی خەیاڵ" ببینێتو چاوی بە "پەنجەی ئاو" بکەوێتو "هێلانەی نێو دڵۆپە ئاو" بناسێتو بیر لە "کەنارەکانی باران" بکاتەوەو خەیاڵی بەلای "دڵۆپی

تاریکی"دا بچێتو بەناو شەڕێکدا تێبپەڕێت کە دەتوانێت بە "شەڕی کپ"ی ناو ببات، شەڕێك کە "کەس شەڕگەو کوژراوو پێکراوەکانی نابینێت".

ئیقاع لەم شیعرەدا ئیقاعێکی نائارامو شپرزەو تێکشکاوە، ئیقاعێکە کە هەرگیز لەسەر یەك هێڵ ناڕواتو ناتوانێت رەوتی خۆی کۆنترۆڵ بکات، ئیقاعێکە هێدی هێدی لەگەڵ خوێندنەوەی شیعرەکەدا وێنای (پیاوێکی شکاو)[١] لای خوێنەر دروستدەکات کە لەپشتی ئەم شیعرەوەیە، یان راستتر لەناو ئەم شیعرەدایە، پیاوێك کە بەدەستی خۆیەوە گیری خواردووەو هەست بەو پەڕی نائومێدییو سەرگەردانی دەکاتو نازانێت چۆن چۆنی لەدەستی خۆی رزگار بێت، ئەم ئیقاعە لە دروستکردنی هارمۆنیای گشتیی شیعرەکەدا، کە شیعرێکە دەکرێت وەکو مانیفێستی بێهودەیی بۆی بڕوانین، رۆڵێکی گەورەی بینیووەو ئەوەندەی دی شیعرەکەی جوان کردووە.

وێنەی شیعریی یەکێکی دی لەو پایە بنەڕەتیانەی شیعرە کە لەم دەقەدا ئیشێکی زۆری تێدا کراوەو لە گەیاندنی دەقەکەدا بە ئاستێکی باڵا، رۆڵێکی دیارو کاریگەری هەبووە، ئەم شیعرە نەهاتووە بۆ ئەوەی چەند رستەو دەستەواژەیەکی پڕ دەلالەتمان لەسەر کێشە قوڵەکانی ناوەوەی مرۆڤ بخاتە بەردەستو سەرنجمان بۆ ئەو کێشانە رابکێشێتو لەسەریانمان رابگرێتو تەواو، بەڵکو هاتووە بۆئەوەی ئەو کێشەیەمان لە کێشەیەکی ئاساییەوە بۆ بکات بە کێشەیەکی شیعریی، لە کێشەیەکەوە کە لەناو واقیعدایە بیکات بە کێشەیەك لەناو زماندا، لە کێشەیەکی رووتەوە بیکات بە کێشەیەکی فەنتازیی، بۆ ئەمەش

[١] پیاوێکی شکاو، ناوی یەکێك لە دیوانە شیعرییەکانی شاعیرەو منیش وەکو ئاماژەکردنێکی بە مەبەست بەکارمهێناوە.



جگە لەو فرەدیویو فرەرەهەندیو فرەدەلالەتییەی لەناو رستەو دەستەواژە شیعرییەکاندا دەیانبینین، جگە لەو زمانە شعرییەی وتمان کار لەسەر جەمسەرە دژبەیەکەکان دەکاتو ئاوو ئاگرێکی تێکەڵ دەخولقێنێت، جگە لەو ئیقاعە تێکشکاوەی کە وەك ئاماژەمان بۆ کرد لە وێناکردنی پیاوێکی شکاودا یارمەتی زۆرمان دەداتو هارمۆنیای گشتیی شیعرەکە دەباتە ئاستێکی بەرزترەوە، جگە لە هەموو ئەوانە، کۆمەڵێك وێنەی شیعریی پڕ لە خەیاڵی شاعیرانەشی پێشکەش کردووین، کە بێگومان بایەخی گەورەیان لەناو دەقەکەدا هەیە، لەو وێنە شیعرییانەدا مرۆڤێك دەبینین کە "خوێنی وەك روناکی دەدرەوشێتەوە"و "باران دەکاتە کۆڵو دەیباتەوە بۆ ئاسمان"و "دەستەکانی پڕن بە کراوەیی"و "لە وێنەکاندا لە نێوانی عەشقو مناڵیدا راوەستاوەو دەستێکی کردۆتە ملی خەیاڵو لەگەڵ جوانیدا بزە دەیگرێ"و "لە نێوانی تەنیاییو پەشیمانییدا دەستەکانی شۆڕ بۆتەوە"و لەگەڵ ئەوەدا کە بێڕەنگیشە، کەچی "هەزار رەنگی نائومێدی لێدەڕژێ"و و و و و و و و و.....

# شیعری (من و خۆم) و نمایشێكی ئاسۆیی

**هەندرێن ـ سوید**

"باران وەك منالێك دەگری
من باران دەكەمە كۆڵ
تا بیبەمەوە بۆ ئاسمان
ماڵی من ئاسمانە
خۆم لەسەر زەوی بەجێدەهێڵم
ئەترسم ئاسمانیش پڕ بێت لەبێهودەیی".

ئەم كۆپلە شیعرە رۆشناییەكی تەڕی ئەو شەڕە نەبڕاوەی شیعری "من و خۆم"ە، كە وێدەچێت ئەو "من و خۆم"ە ئاسمانیش بتەننەوە، چونكە بەر لەبردنەوەی باران بۆ ئاسمان، گوێبستی "ترس"ێك دەبین، راستییەكەی ئەوە ئاسمان نییە كە "پڕ بێت لەبێهودەیی"، بەڵكو ئەوە بێهوودەیی ئەو "من و خۆم"ەیە كە ئاسمان گیرۆدە دەكات، وەلێ ئەو "من" لە پشووەكدا كە بەنیازی بەجێهێشتنی "خۆم"ەكەیەتی، لێدەگەڕێت دیمەنی "باران" بە "كۆڵ"ییەوە جوانی بنوێنێ و هاوكاتیش وێنەی"خۆم" لەسەر زەویدا خەیاڵاوی بكات.

بەمجۆرە شیعری "من و خۆم"، لە نمایشێكی ئاسۆییدا، بەدیارخستنی جیهانی ناوەكی منێكی نادیارە، لەوێدا منێك دوایئەوەی لەو شەڕە ناوەكییەدا بێئومێد دەبێت، ئیتر منی شیعر لەیەك كاتدا وەك قوربانیی جەلاد ئەو شەڕە بۆ ئەوانی دیكە، خوێنەر ئاشكرا دەكات، ئەو "من"ە كاتێك هەستدەكات كە چیتر بەرگەی



شەڕی ئەو "خۆم"ە ناگرێت، روو لەدەرەوەی خۆی دەكات، هەرچەندە ئەو "من"ە لەدەستپێكدا تەمایەك بۆ ئاشتبوونەوە ناهێڵێتەوە، كەچی لەدواجاردا دەبینین، وێڕای كەوتنی "هەزاران تەرم" لەبێدەنگیی ئەو شەڕە ناوەكییەی نێوانیاندا، كەچی خودی ئەو منە تاكە ئومێدێكە بۆ بەردەوامیی ژیانی ئەو "خۆم"ە دژە، بەواتایەكی دیكە، ئەو "خۆم"ە دژە دەبێتە بەهایەك بۆ گۆكردنی ئەو "من"ە، جیاوازییەك بۆ خۆناسینی ئەو "من"ە دژە، كەواتە نەمانی ئومێدێك بۆ "ئاشتبوونەوە"ی ئەو "من"ە لەگەڵ "خۆم"ەكەیدا، بەهانەیەكە بۆ راگەیاندنی ئەو "من"ەی، كە بێ وێناكردنی ئەو "خۆم"ە تاوانبار بەو هەموو "تاوان"ە، ئامادەیی نەدەبوو، لێرەوە دەكرێت بڵێین: كە ئەو شیعرە شەڕێكی دەمكوتكراوی ناوەكیی لەزمانی ئاسۆییدا نمایشدەكات و بەمەش دووانەییەك لەژیانی "من"ێكی گوناهبارو "خۆم"ێكی بێگوناه لەكۆڵ خۆی دەكاتەوە، وێڕای ئەمانەش حەمە كاكەڕەش لەو شیعرەدا ئاشنای جیهانی تۆران و خەمی "من و خۆم"ێكمان دەكات، كە دواجار ئێمەش هاوسۆزیی ئەو لێكانگیرە بین.

لێ تاوەكو پەیوەندی نێوان ئەو دوو دەنگە ناوەكییە لێكئاوێزانە ئاشناو نائاشنایە رۆشنایی مانەوەی ژیان ئاوا نەبێت، كاتێك "خۆم"ەكەی جوانی منداڵیی خامۆش دەكات، "من"ی حەمە كاكەڕەش ئەو دیمەنەی ژیان ئاوەڵا دەكاتەوە:

"من جوانییەكانم رادەوەشاند تا بدرەوشێتەوە
خۆم خۆڵی گۆڕی منداڵەكانی دەكردە چاوی جوانییەكانەوە".

**٣٠/١١/ ٢٠٠٧**

# چەند وردە بیرێکی پەرتبوو لەمەڕ قەسیدەی (من و خۆم)ی حەمەی کاکەڕەش

من وەڵامم دایەوەو گووتم:
بۆ من باشترە ئاوەها بمێنمەوە وەك خۆم.
سوکرات

**ئیسماعیل حەمەئەمین**

١

بۆئەوەی خۆمان لەمن قوتارکەین پێویستمان بەگۆڕینی زۆر شێوازی ژیان هەیە کەتاوەکو ئێستا پەیڕەومانکردووە، بۆ ئەوەی من لەخۆمان قوتاربکەین پێویستمان بەوە هەیە بەجۆرێکی دیکە بیربکەینەوە، لەسەر لایەکی دیکە بخەوین و بەجۆرێکی دیکە دانیشین، جۆری خواردنەوەکانمان، شێوەی قسەکردنمان، لەوانەشە تورەبوون و گریانەکانیشمان پێویستی بەگۆڕانکاریی بێت .. بۆ ئەوەی خۆم لەمن قوتاربکەم دەبێت هەموو شتەکان پێچەوانە بکەمەوە کەتاوەکو ئێستا کردوومە، ئەمە جۆرێکە لەشێتبوون، یاخود راوەستانە لەسەر لێواری شێتبوون، قەرەباڵغییەکە هۆشمەندی دەخاتە لێواری نیگەرانییەکی قوڵەوە، لەرزینێکە بۆ ئەوەی هەموو شتێك قڵپ و لنگەو قووچ بکەینەوە، کەتاوەکو ئێستا هەبوون، تەنها بیرکرنەوە لەوەی کە من و خۆمێك هەیە لەنێومدا زۆرانبازیانە، دەمباتەوە سەر لێواری پەرتبوون، پەرتبوونی کەسێتی نێومان، پەرتبوونی (من/ ئیگۆ)، پەرتبوونی هۆشمەندی، لەتبوونی ئێستا لەنێو خۆیدا، ئەمانە هەمووی مانای گۆڕینی جیهانە لەبەرچاومان،



جۆرێکە لە گۆڕینی دەنگی دنیا بەرەنگی دیکە، لەدواجاردا بینیی مەلەکردنی ماسییەکی ئاڵتونییە بەنێو بەتاڵایی رۆحدا.

ئەو ماسییە دەبینین بەنێو بەتاڵایدا مەلەدەکات، پولەکە ئاڵتونییەکانی بریقەی دێت لەنێو تاریکایی ژوورو تاریکایی رۆح و تاریکایی ئەم جیهانە گلۆباڵە سەرمەستە بەشێتبوون و چەنەبازییەکانی، ئەو ماسییە دەبینین بەبەر چاوماندا دێت و دەچێت، هیچ شوێنەوارێك لەدووی خۆی جێناهێڵێت، بەڵام ئەمە کەرایەتییە واهەستبکەین ماسییەکان شوێن پێ بەجێبهێڵن، شوێن پەنجە، یاخود شوێن پولەکە لەدووی خۆیاندا جێبهێڵن، من نایەوێت وەها بیربکەمەوە، بەڵام بەپێچەوانەوە لەوانەیە (خۆم) پێمبڵێت: ئەوە شوێن پولەکەیە بەسەر بەردو قەوزایی نێو دەریاکانی بەتاڵایی رۆحتەوە، شوێنگربەو دەیدۆزیتەوە، مەهێڵە ئەو ماسییەئاڵتونییە ئاوەها بەئاسانی بەنێو بۆشاییدا تێپەڕبێت، وەك ئەوەی هیچ نەبووبێت، هیچ.

٢

من وخۆم لەسەر ماسییەکی نەبینراو شەڕ دەکەن، دەکەونە زۆرانبازییەوە، دەبێتە هەرایەکی سەیرو جەستە دەکەنە گۆڕەپانی زۆرانبازییەکانیان، ماسییەك لەوانەیە لەچرکەساتێکی کەوتنەخوارەوەتدا بینراوبێت بۆ نێو بۆشایی، بەڵام کەی دەکەوینە نێو بۆشاییەوە؟ کەی دەکەوینە نێو بەتاڵاییەوەو هەستدەکەین هیچ شتێك نەماوە بەسەریدا هەنگاوبنێین؟ کەی واهەستدەکەین هیچ شتێك نەماوە وەك زەویەکی پتەو لەژێر پێیەکانماندا!. هەستبکەین هیچ نەماوە بۆ هەنگاوی دیکە جگە لە بۆشایی نەبێت، بەتاڵاییەك ئەوەندە سەختە، هەوڵدەدەین لەبیری بکەین وەك ئەوەی نەبووبێت، فەرامۆشی دەکەین و ژیانی ئاسایی خۆمان دەژین، کەچی ئەو بۆشایە بەدوومانەوەیە، رووبەرێکی سەیری

له ژیانمان داگیرکردووه، رۆژ بەرۆژ فراوانتر دەبێت، دەبێت بەچاڵێکی رەش لەلێورایدا وەستاوین، لەساتەکانی تەنیابوونەوەماندا لەگەڵ خۆماندا، زۆر بەڕوونی و حەیابەرییەوە دەیبینین، ئەو چاڵە ئاوەها بەئاشکراو دڵڕەقییەوە لەبەر پێماندا خۆی درێژ کردووەتەوە، ئەو چاڵە، ئەو بیرەقوڵە، ئەو بۆشاییە، لەساتەکانی تەنیایی منەوە دەستپێدەکات، ئەو ساتەی کەلەگەڵ خۆمدا پێکەوەین.

٣

نێزیکبوونەوە لەخۆمان و جیهانی ناوەوەمان، مانای بینینی رەهەندێکی دیکەی ژیانە، بینینی ماسییەکی ئاڵتونیی تەنهایە بەنێو قەوزە نەبینراوەکانی رۆحدا دێت و دەچێت، لەوانەشە بینینی بریقەی پولەکە ئاڵتونییەکانی بێت، بەتاڵایی رۆحت بخاتە سەر ئاستی هەستپێکراو، چیتر نەتوانین بەتاڵایی رۆح بەقەرەباڵغی (من) لەنێو ژیانی رۆژانەدا داپۆشین، لێی رابکەین و بڵێین: ئەمانە هەمووی وەهمێکی نەخۆشانەن، وەهمێکن رۆژانە ژیان و کارکردن و هاتوچۆ و قەرەباڵغی کۆمەڵایەتی دەتوانێت هەموو ئەمانە بەدرۆ بخاتەوە، بەڵام کاتێك دەرگای ژوور لەسەر خۆمان دادەخەین، دەمانەوێت بەهێمنی سەیری بنمیچی ژوور بکەین، یاخود لەپەنجەرەکەوە سەیری درەختەکانی دەرەوە بکەین، لەو دیوو شوشەبەندییەوە دەنگەکان بەکپیی بێتە بەرگوێمان، ئەو ساتە دەزانین کەئەمانە هیچی وەهم نین، بەڵکو ژیانێکن لەنێو ژیانێکی دیکە، فۆرمێکی نەبینراوە لەنێو فۆرمێکی بینراودا خۆی شاردووتەوە، ئەو چرکە ساتە دۆزینەوەی خودە لەسەر رووبەرێکی دیکە، ساتەکانی تەنهایی منە لەنێو کپیی و خامۆشیدا، کاتێك بەرامبەر خۆمان دەبینەوە وەك خۆمان، کاتێك پیریی، یاوەکو برینداری ئەشق و لەدەستدانی ئازیزان بەتەنیا لەگەڵ خۆماندا



جێماندەهێڵێت، ئەوساتە هەموو شتەکان بەجۆرێکی دیکە خۆیان نمایش دەکەن، ئەوساتە هەستدەکەین چیتر کورسییەکان و ئینجانەی بێ گوڵی سەر مێزەبچوکەکان، تەنانەت تابلۆکانیش وەك خۆیان نەماون، هیچ شتێك وەك خۆی نەماوەتەوە، هەموویان چوونەتە نێو ڤیزیۆنێکی دیکەوە، چوونەتە نێو خەیاڵبەندییەکی دیکەو بینینێکی دیکەوە، لەنێو دوورییەکی دیکەدا خۆیان نمایشدەکەن، بەپێچەوانەی ئەو دوورییەی تاوەکو ئێستا چاوی من ویستویەتی بینراوی بکات.

ئەوساتەوەختە، چرکەساتی منە کەلەبەرامبەر خۆمدا بەرووتی وەستاوە، ئەوە ساتی خۆمە کە هەموو شتەکان لەڕێگەی سەمای خۆیەوە بینراو دەکات، لەنێوان بینراوی چاوی من بۆ شتەکان و بینراوی چاوی خۆم بۆ هەمان شت بەتاڵاییەك هەیە، تێدا بینراوەکان دووری دیکەو سوچی دیکەو ئیستاتیکای دیکەو بینیی دیکە بۆ چاو و خەیاڵ نمایشدەکەن، (خۆم) بەرامبەر ئەو گۆڕانە وەستاوەو دەڵێت: ئاها کورسییەکان وەك خۆیا نین هاوڕێم، ئاها کتێبەکان خاوەنی زەمەنی خوێندنەوەی خۆیانن، دێنە نێو شتێکی دیکەوە، ئاها ئەژدیهایەکی رەنگین لەنێو ئاگری خۆیدا سەما دەکات، ئاها دەبینیت هیچ شتێك لەشوێنی خۆیدا نەماوە، ئاها هاوڕێم من و تۆ لەنێو ئەم بەتاڵایەدا بەجێماوین.

٤

ئایا ئەمە کاتێك روودەدات کەتەنیا دەکەوینەوە، بەڵام مەرج نییە ئەم تەنیا کەوتنەوەیە تەنیا هەڵبژاردنی خۆمان بێت، گووتم خۆمان، یان خۆم، وانییە، کەواتە هەڵبژاردنی خۆمان بۆ تەنیایی، بۆ تەنیاکەوتنەوە، تەنانەت بۆ مەنفاکانی رۆح و شوێن و زەمەنیش، هەڵبژاردنێکە هۆشمەندییەکی تایبەت

بەخۆی هەیە، دیسانەوە گووتم (خۆم) یان خۆی، لەنێوان هەردوو وشەی هۆشمەندیی و خۆیدا پەیوەندیم رایەڵکرد، کەواتە خۆم بەقورسیی لەنێوماندا یاریدەکات و توانای فەرامۆشکردنیمان نییە، رۆژێك دەبێت بەرامبەر خۆمان بینەوە، من بەڕووتی بەرامبەر خۆی بمێنێتەوە، مانەوە بەرامبەر خۆت مەرج نییە هەڵبژاردە بێت، جگەلەو نووسەرو هونەرمەندو داهێنەرو لێبوك و ئەكرۆباتە شێتانە نەبێت کەسی دیکە نییە بەرامبەر خۆی بێتەوە، بەرامبەربوونەوەی خۆت مانای جۆرێکە لە خۆئازاردان، ماسۆشیەتێکە، بەڵام چێژی سێکسواڵی نییە، بەقەد ئەوەی هەموو ژیانت دەخاتە لێواری لەرزینەوە، چونکە هیچ شتێك وەکو خۆی نامێنێت، هیچ شتێك نابنەوە بەوەی لەوەو پێش هەبوون، ئیدی من گیرۆدەی خۆی دەبێت.

٥

لەم دێڕانەی سەرەوەدا چەند بیرکردنەوەیەکی پەرش و بڵاوم لەسەر رووبەری یاریکردنی زماندا پەرتکرد، چەند بیرۆکەیەك کەپێویستە بوارێك بهێڵمەوە بۆ خوێنەری ئەم دێڕانە بیرکردنەوەی خۆی لەسەر بینابکات، بیرکردنەوەیەکە لەهاوکێشەی خۆم و من، کەزمان دەهێنێتە ئاستێکی بیرکردنەوە، ئەمەش هێزی ئەم قەسیدەی (من و خۆم) ی (حەمەی کاکەڕەشە)، کە هەردوو وشەی من و خۆمی کردووەتە ئیشکالییەتێکی شیعریی، کە لەفۆرمی بیردنەوەیەکی فەلسەفاندنی شیعریدا خولدەخۆن، لەسەر ئەم هێزدانە بەو کێشەبەندیی و ئیشکالییەتەی هەردوو وشەی (من و خۆم) کە هەیکەلی قەسیدەکەی لەسەر بینابووە، دەتوانین چەندەها هیپۆ تێزی لەسەر بینابکەین، بەڵام پێش ئەوەی باسی زمان بکەم، دەمەوێت باسی ئەو هاوکێشەیە بکەم لە نموونەی زیندووتردا، بۆ ئەوەی خوێنەر بەئەبستراکییەت تۆمەتبارم نەکات، ئەم



ئیشکالییەت و کێشەبەندییەی (من و خۆم) لەوانەیە تەنها پابەندنەبێت بەهۆشمەندییەکی باڵاوە، کەتایبەتە بەئۆرستۆکراتییەتی رۆشنبیرانەوە، نەخێر دەکەوینە وەهمی گەورەوە کاتێك مەزندەی ئەوە بکەین، هاوکێشەی (من و خۆم) تەنها هاوکێشەی رۆشنبیرەکانە، بەتایبەت هاوکێشەی هونەرمەندو شاعیرو فەیلەسوفەکانە، هاوکێشەی من و خۆم نێزیکە لەسروشتی مرۆڤانەوە وەك بونەوەرێکی بیرکەرەوە، وەك بوونەوەرێك بەرامبەر جیهان وەستاوە، لەزۆرانبازیدایە لەگەڵ نان و هەواو شێداریی شەوەکانی چێژو سێکسواڵیەت و جادووی لەدایکبوون و خەلیقەت، بەمانای مرۆڤی ئاسایی، بەڵێ .. ئاسایی کەدێت و دەچێت و دەخەوێت و سێکس دەکات و هیچی تر! .. ساتێك هەیە ئەویش دەکەوێتە بەردەمی خۆی، بێگومان ئەو خودە ئاساییە کە هۆشمەندییەکی دیاریکراوی هەیە، سەختر دەکەوێتە نێو بەتاڵاییەکانی رۆحەوە، کاتێك شتێك روودەدات کەتەنیا بکەوێتەوەو پێویستی بەوە هەبێت لەبەردەم خۆی بەڕووتی راوەستێت، لەوانەیە ئەو ساتەوەختە لەدەستدانی ئازیزێك بێت، سامان یان دەسەڵات بێت، ئەوساتە من بەرامبەر خۆم دەبێتەوە، من و خۆم لەگەڵ یەکتردا دەکەونە گفتوگۆ، ئیدی جیهانی دەرەوەی خۆت چیتر ئەو چێژو سیحرەی نامێنێت، چیتر ئەو تامە لەبن زماندا جێناهێڵن، چیتر هیچ شتێك لەشوێنی خۆیدا نییە، لەگەڵ ئەوەی لەهەمان شوێنی خۆیانن.

٦

کاتێك دیکتاتۆرەکان دەسەڵاتیان لەدەستداوەو لەنێو قەفەزی تاوانبارییدان، کەسانێکن دەگەڕێنەوە بۆ نێو خۆیان، منی ئەوان رووتبووەتەوە لەبەرامبەر خۆیاندا، جاران دەسەڵات هەبوو کە (من) بتوانێت (خۆی) پێ پەردەپۆش بکات، بەڵام هەموو ساتی لەدەستدانی قەرەباڵغی جیهان و دەسەڵات، ساتی

رووتبوونەوەتە لەبەردەم خۆتدا، ئیدی دیکتاتۆر ئەکرۆباتێکی ونبووەو دوورییەکانی دیکەی ئەو گوریسانە دەبینێت کەکاتی خۆی بەسەریدا تێپەڕبووە، نموونەیەکی دیکە، کاتی بەجێهێشتنی شوێنە، شوێن وەك نیشتمان، وەك شار، وەك ماڵ، وەك جێگەی ئافرەتێکی ئاشقی پڕئالۆشی شەوە نارنجییەکان .. ئەو ساتەی بیر لە بەجێهێشتنی دەکەیتەوە، هەموو شتێکی راوەستاو، لەمێژەوە بیگرە تاوەکو سووچی ماڵ، تادەگاتە رەنگی پەردەکانی بەیانیان و بۆن و ئەو تامەی هەموو شوێنێك لەبن زماندا بەجێیدەهێڵن .. هەموو وردەکارییەکان گۆڕانیان بەسەردادێت و دوورییەکی ترو بینینێکی دیکە پێشکەش بەتەماشادەکەن، هەستێکی دیکە بەجێدەهێڵن کە جاران بوونی نەبووە، ئاوەها ئێمەی مرۆڤ پابەندین بەزەمەنی خۆمانەوە، وەکو چۆن پابەندین بەجەستەمانەوە، کەبیر لە جێهێشتنی شوێن و کەس و ئازیزەکان دەکەیتەوە، چیتر ئەمانە وەکو جاران نامێنن، تەنانەت دەربڕینی دیکە و رەنگی دیکەو بۆنی دیکەیان تێدا دەدۆزیتەوە، چونکە تۆ رووتبوویتەوە لە هەموو دیسپلین و پەیوەندیدارییەك، تۆ لەو چرکەساتانە دەتەوێت ببیتەوە بەخۆت و رووتبوویتەوە لەهەموو ئەو پەیوەندیدارانەی (من) لەژیانی رۆژانەیدا مومارەسەی کردووە، تۆ دەبیتەوە بەخۆت و بوون بەخۆت سەخترین بڕیارە، کێشەی مرۆڤەکان لەنێو مەنفاکانی شوێندا ئەوەیە کە لەو هاوکێشەی بوون بەخۆیان رادەکەن، بەدیوێکی دیکەدا کێشەی هەموو مرۆڤ بەگشتیی، ئەو زۆرانبازییە سەختەیە کە مرۆڤ تامردن هەوڵدەدات ببێتەوە بەخۆی، خۆی و هیچی دیکە.

۷



قەسیدەی (من و خۆم)ی حەمەی کاکەڕەش، ئەو راکردن و خۆشاردنەوەو کێشمەکێش و شەڕە بێهودەیەی نێوان من و خۆمە، قەسیدەیەکە لای من وابەستە بەچیرۆکێکی سەیرەوە کە پێموایە نابێت خوێنەری لێ بێبەش بکەم، کاکە حەمە هێشتا قەسیدەکەی لە هیچ شوێنێك بڵاونەکردبووە، ئازیزانە منی بەسەر کردەوەو بۆی ناردم، کەقەسیدەکەم خوێندەوە وامهەستکرد ئەم قەسیدەیەم لەمەوبەر خوێندووەتەوە، بۆ شاعیری ئازیزم نووسی من ئەم قەسیدەیەم لەوەوبەر خوێندۆتەوە! کەبێگومان وانەبوو .. دوای ماوەیەك رۆماننووسی هاوڕێم ( کاروان کاکە سوور) خوێندنەوەیەکی جوانی بۆ کردبوو، بەوردی خوێندمەوەو نووسینەکەم پێ جوان بوو، بەڵام بۆ کاروانم نووسی کەنابێت ئاوەها لەسەر ئەو قەسیدەیە بنووسێت، چونکە ئەو قەسیدەیە ئەو هەموو نووسینە هەڵناگرێت .. ماوەیەك دوای ئەوە بەختیار عەلی ئازیز قسەی لەسەر کرد، من لەبەر خۆمەوە گووتم: ئەم هاوڕییانەم شێت بوون، سەلیقەی ئەدەبییان خواربووەتەوە.

بەڵام کەئێستا جارێکی دیکە تێکستە شیعرییەکە دەخوێنمەوە، ئەو دوورییەی تێدا دەبینیم کەلەوەو پێش نەمبینیوە، نەك لەبەر ئەوەی ئەوانی دیکە لەسەریان نووسیوە، نەخێر، من لەسەر زۆر تێکستم نووسیوە کەزۆر کەم لەسەریان نووسراوە، کێشەکە لای خۆم دوورییەکی دیکەی هەیە، کەزیاتر لەو دیوو تێگەیشتمانەوەیە بۆ قەسیدەو خوێندنەوەی دەقەکانەوە وەستاوە، لەوانەیە ئەو قەسیدەیە پەنجەی کردبێت بەبرینێکی رۆحی مندا، بەتاڵاییەکی خستبێتە بەر پێم، کەلەم مەنفایەدا بەردەوام لێی رادەکەم.

بیرمدێت لە ساڵانی هەشتاکاندا لە هەولێر (شێرزاد حەسەن) لە کۆڕێکیدا چیرۆکێکی خوێندەوە، یەکێك لە گوێگران هەستاو زۆر توڕەبوو، ئەوەندە

بەتوڕەییەوە قسەی دەکرد کەهەمووانی سەرسام کردبوو، ئەو بەڕێزە ئەدیب نەبوو، نوسەر نەبوو، خوێنەرو دۆستێکی ئەدەب بوو، پێدەچوو چیرۆکەکەی شێرزاد پەنچەی وەردابێتە برینێکی قوڵ و سەختەوە.

ئێستا قسەیەکی (بۆرخیس)م بەتەڵخیی بیردەکەوێتەوە، باسی لەوە کردووە، کتێبێك هەیە لەبەردەم دەرگایماڵەکەیدا، کتێبێکی تەواوە، لەنێو هەواو زەمەنی خۆیدایەتی، بەڕای بۆرخیس ئەو کتێبە، ئەو نووسینە، وەك پەڕەندەیەك وەهایە تەنها چاوەڕوانی نووسەرەکەیەتی، پێدەچێت قەسیدەکە لێرەو لەوێ، لەنێو زەمەنی بیرکردنەوەی شیعری منیشدا هەبووبێت، هەر بۆیە وامهەستکردبوو کەخوێندومەتەوە، ئازایانە (حەمەی کاکەڕەش) نووسی و بوو بەنووسەرەکەی.

پێدەچێت ئەم هەموو هەستە ناجۆرەی کە ئەم قەسیدەیە لای من، بەوەی جارێك لەمەوبەر هەبووەو خوێندومەتەوەو جارێکیشیان توڕەم بەرامبەر ئەو هەموو نووسینەو دەمەوێت فەرامۆشی بکەم، پەنجەکردنی قەسیدەکەیە بەبرینی کراوەی نێوخۆم، برینی زۆرانبازی هەمیشەیی لەنێوان من و خۆمدا، لەدوای خوێندنەوەیەکی دیکەی ئەم قەسیدەیەدا ئەو پرسیارە کۆنینەیە لام سەریهەڵدایەوە: کەی من دەبمەوە بەخۆم، ئایا سوکرات گووتەنی باشتر وانییە وەك خۆم بمێنمەوە، بەڵام راوەستە ئەی دەبێت ئەو خۆمە چی بێت کە من شەڕی بۆدەکات! .. خۆم لەکوێدایەو لەچ زەمەنێکدایە؟، کەی دەبێت من وەك سۆزانییەکی شەرمن بەرامبەر بەخۆمان رووتبێتەوە؟، لەوانەیە هەمووی لەو چرکە ساتەوە دەستپێبکات کەماسییەکی ئاڵتونیی دەبینین بەنێو نەبینراودا مەلەدەکات، بەنێو بەتاڵایی، بەتاڵایی رۆحمان.

# خودو نیشتمان

**جەمال غەمبار ـ ئوستراليا**

ئازیز (حەمەی کاکەڕەش) کە ئەویش یەکێکە لەموسافیرانی دنیای شیعرو جانتای وشەی بەکۆڵەوەو وێستگەکانی خەیاڵ و تێرمیناڵەکانی ئەندێشەو ئاسمانی گریان تەی دەکات، دەقی ( من و خۆم)ی بۆ ناردم تا قسەو نەزەری خۆمی لەبارەوە دەرببڕم.

دیارە هەر دەقێك بۆخۆی و بەتایبەتی لە ئێستای زەمەنی تێکچڕژان و لێکئالآنی هەموو کایەکانی داهێنانی ئەدەبیی و هونەرییدا، دەشێت هەڵگری چەندین ماناو لێکدانەوە بێت.

بەبارێکی تریشدا، تێخوێندنەوەی دەقێك لە کەسێکەوە بۆ کەسێکیتر جیاوازیی هەیە، بۆیە ئەوەی من لێرەدا وەك نەزەری خۆم لەبارەی ئەم بەرهەمەوە دەریدەبڕم مەرج نییە لەگەڵ نەزەری کەسێکیتر یان تەنانەت وەختە بڵێم: بەرهەمهێنی دەقەکەشدا وێك بێتەوە، چونکە وەك وتراوە هەموو راستییەکان بەتەنها لای کەسێك قەتیس نابن.

دەقی شیعریی (من و خۆم) کە حەمەی موسافیر بۆ خۆی دەڵێت: ماوەی ساڵێك کاری تێداکردووە، هەر لەسەرەتاوە دەیەوێت نمایشی حاڵەتێکی دووکەرتبوون بکات، کە دەشێت ئەو دووکەرتبوونە هیی خودێك (زات)ێك بێت یان لەسەر ئاستێکی فراوانترو وەك گەڕانەوە بۆ نیشمان و نەتەوە دووکەرتبوونی رۆحی نیشتمان و تاکی کورد، یان تەنانەت دووکەرتبوونی ئەو دەسەڵاتە سیاسییەی کورد بێت، کە لەئەمڕۆکەدا بەشێکی کوردستان بەڕێوەدەبەن، یاخود لە



لێکدانەوەیەکی دیکەدا ململانێ و دڵەڕاوکەی نێوان عەقڵ و عاتیفە بێت، دەشێت ئەم دەقە لەیەك کاتدا هەڵگری هەموویان بێت و دەشکرێت تەنیا بارگاویی بێت بەیەکێك لەو مانایانە.

ئێستا ئێمە لەبەردەم دوو کەرت یان چاکتر بڵێم دوو لای هاوکێشەیەکداین، کە لایەکیان (من) و لایەکەی تریان (خۆم)ەو لەباشترین حاڵەتدا لەکۆی وەسفەکانی (من) و (خۆم)دا شاعیر پێمانناڵێت یان دیارە نایەوێت پێمانبڵێت لەم دوو لایەنە کامیان بۆ ئەبەد دەبێتە هەڵگری خەسڵەتی ئەرێنیی (پۆزەتیڤ)و کامیشیان هەڵگری خەسڵەتی نەرێنیی (نێگەتیڤە)، گەرچی لەسەرجەمی دەقەکەدا شاعیر وەك کەسی سێیەم یان بابڵێین وەك (ئەو)ی دەرەوەی ململانێکان دەیەوێت خۆی نمایشبکات و لەزۆربەی جارەکانیشدا هەوڵدەدات خەسڵەتێکی ئەرێنیی بداتە (من) لەبەرامبەر (خۆم)ێکی نەرێنییدا:

" کەس وەکو خۆم دڵی منی نەشکاندووە
کەسێك نییە من و خۆم ئاشت کاتەوە
لەهەموو دنیا خۆش دەبم لەخۆم نەبێت ".

یاخود:

" کە شادومانی دەڕژێتە دڵی منەوە
خۆم لەغەمناکیدا ون دەبێت".

یاخود:

" من دەستم بەڕەنگی پەپوولەکانەوە رۆیی بۆ کەنارەکانی باران
خۆم پەپوولەکانی سپاردە بێڕەنگیی بیابان و بێهەستیی مەرگ".

هەروەها لەهەندێك حاڵەتی دیکەدا (من) دەبێتە نەرێنیی و (خۆم) دەبێتە ئەرێنیی.

" کەس شك نابەم منی لەلادانێم
خۆمی شێت کردووە".
یاخود:
" سەردەمی درەوشانەوەی من
خۆم بە تەم داپۆشی".

بەڵام سەرەنجام و لەکۆی دەقەکەدا، هەردوو لای هاوکێشەکە بەدەست یەکدیەوە گیریانخواردووە، لە ململانێی بەردەوامدان، کە یەکێکیان ئامادەدەبێت ئەوی دیکەیان بزر، کە یەکێکیان چالاك دەبێت ئەوی دیکە دەبێتە رێگر .. کەچی لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بەبێ یەکتر ناژین.

" کە من پێدەکەنم خۆم دەگری
کە خۆم پێدەکەنێت من دەگریم ..

من لەخۆم تێناگەم
خۆم لەمن تێناگات
دەڵێی هەر یەکەمان لەمەملەکەتێکی ترەوە هاتووین ..

من لەخۆم هەراسانم، خۆم لەمن هەراسانە
کەچی هەر پێکەوە دەژیین".

******



سەفەری شاعیر لەم دەقەدا سەفەرێکی پڕ ململانێ و نزیکبوونەوەو دوورکەوتنەوەی دوو لای هاوکێشەیەکی ئاڵۆزە لەیەکتر، سەفەری خودو نیشتمان و ئەو نامۆبوونەیە لە نێوانی مەنفاو نیشتماندا، لە نێوانی زاکیرەو ئێستادا، لە نێوانی جوانیی و ناشیرینیدا کە شاعیر وەك رۆحێکی قەتیس و هەڵواسراو بەچەشنی درەختێکی بەر رەشەبا دەهێنێت و دەبات.

خەیاڵی ئەم موسافیرە لەگەڵێ شوێنی دەقەکەداو بە بەراوردکردن لەگەڵ ئەو دەقانەی دیکەشدا کە پێشترێ نووسیونی و بەرچاومکەوتوون، خەیاڵێکی تەواو شاعیرانەیەو ئیشکردنەکەی بەزایە نەچووە .. گەرچی لە هەندێ رووبەری کەمی دیکەی دەقەکەدا لەپڕێکدا دووچاری دەربڕینی سادە دەبینەوە، کە دەکرێت بڵێم: لەچاو کۆی بەرهەمەکەدا، دەلاقەی گەورە لە جەستەی دەقەکەدا دروستناکەن و ئەرجومەندم لە داهاتوودا ئەوانەش تێپەڕێنێت.

لە هەندێك وەسفی دیکەداو بەشێوەیەکی کەم، من ئەو هەستەم هەیە کە شاعیر کەوتووەتە ژێر سێبەرێکی تەنکی دەقی شاملۆیی کە ئەوەش بە بۆچوونی من حاڵەتێکی ئاساییەو لە قەدری دەقەکە کەمناکاتەوە.

******

دواجار، حەمەی کاکەڕەش، بەدەقێکی جوانەوە هاتووەتە پێشێ و دەبێت بۆ لە مەودوا هەمیشە چاوی لەوە بێت کە لەئاستی ئەمجۆرە دەقە نەیەتە خوارێ و هەمیشە موسافیرێکی خەیاڵفراوانی ناو دنیای شیعر بێت .. سەرکەوتنی بۆ دەخوازم.

**دێسەمبەری ٢٠٠٧**

# حەمەی کاکەڕەش، لەنێوان ئەو و خۆیدا

**جەلال بە رزنجی ـ کەنەدا**

دوای خوێندنەوەی شیعری (من و خۆم)ی حەمەی کاکەڕەشی شاعیر، جگە لەوەی لەزەتم لە خوێندنەوەی شیعرەکەی کرد، بردمیشییە حاڵەتی گەڕانێکی جوان بەدوای دۆزینەوەی (حەمە) لەنێوان ئەو و خۆیدا، کە زۆرجار دەمدۆزییەوە، بەڵام زوو زوو لێم وندەبووەوە، حەزمکرد ئەو دوو بۆچوونە کورتەش لەسەر شیعرەکەی بڵێم:

ـ شیعرەکەت زۆر لە نزیکەوە، بەجوان و ئارامیی لە ناکۆکییە شاراوەکانی نێوان کارێکتەرەکانی ناوەوەی مرۆڤ دەدوێ، لە نزیکەوە پەی بەحاڵەتە شیعرییەکان بردووە، لەخۆی دوور نەکەوتووەتەوە، زۆری لەخۆی نەکردووە، بەساکاریی و بەقووڵی باسی لە نیگەرانیی و بێ ئۆقرەیی خۆی لەنێوان ئەو خۆیدا دەکات! بەڕای من زۆر نزیکبوونەوە لەخۆت بۆ نووسینی خۆت قودرەتی جوانیی شاعیرییەتی دەردەخات!

ـ زمانەکەت فەرهەنگی خۆیەتی، بەشتی زیاد بار نەکراوە، پەیوەندیی بەشیعرەکەیەوە هەیە، بەجوانی و بەئاسانی وێنەکانی لە دەرەوەی خۆی هونەرییانە دروستکردوو!

*** *** ***

# (من و خۆم) و كۆمەڵێك وێستگەی جیاواز

**دلاوەر قەرەداغی**

ئازیزم كاكە حەمە گیان ..

سڵاو .. سوپاس بۆ شیعرەكەتان و ئەو متمانەیەی كە بەمنتان بەخشیوە بەوەی شیعرێكی خۆتانم پیشانبدەن كە هێشتا بڵاوتان نەكردووەتەوە.

پێموایە ئەم ئەزموون و مۆدێلە لە شیعری تۆ، جیاوازی لەگەڵ سەرجەمی شیعر و ئەزموونەكانی دیكەتاندا هەیە، شتێكی زۆر باشت كردووە كە پەلەت لە نووسین و تەواوكردنی نەكردووەو یەك ساڵ ئازادیی فڕینت پێبەخشیوە، فڕینی ئەم باڵدارەی شیعری تۆ فڕینێكی راستەوخۆ نەبووە لە خاڵێكەوە بۆ خاڵێكی دیكە، بەڵكو كۆمەڵێك وێستگەی جیاواز جیاوازی نیشتنەوەت بۆ رەخساندووە، كە خودی ئەو وێستگانە لە خۆیاندا، دواجار پرۆسەی فڕین (پرۆسەی خۆڵقاندن)ەكەیان لەچەندین رەهەندو گۆشەی بینینی لە یەكدی جودادا بەرهەمهێناوەتەوە، راموایە ئەم كارە تازەیەی تۆ هێشتا بەدەمییەوەیەتی و دەكرێت زیاتر لەسەری راوەستیت و فراوانتر دەرفەتی گوزارشت لە خۆكردنی پێبدەیت، خۆ دەشێت ئەوە پێوەندی بەچێژی خوێندنەوەی خۆیشمەوە هەبێت، كە كاتێ شیعرێكی باش دەخوێنمەوە، حەزدەكەم وەك سەفەرێكی خۆش هەر بمباو كۆتایی نەیەت، ئەوەی زیاتر لەم شیعرە نوێیەی ئێوەدا پێی دڵخۆشبووم، ئەوەیە كە یەكێكە لەو هەوڵە كەمانەی ئەمڕۆ لەشیعری ئێمەدا دەدرێت بۆ گوتنی دیكەو خۆدەربازكردن لەو مۆدێلە یەك رێتم و یەك دەنگ و یەك هەناسەیەی ئێستای شیعرنووسین .. دووبارە سوپاس بۆ خۆت و خۆت.

**٢٣ ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٧**

# ئەم شیعرە، شیعری دەنگە جیاوازەکانە

**ئارام کاکەی فەلاح**

من هەمیشە سوپاسی ئەو کەسانە دەکەم کە تێکستی جوان دەنووسن و لەم رۆژگارەشدا سوپاسکردنەکان کەمتر دەبنەوە، فرۆید فێریکردین کە جەنگێکی گەورە لەبەینی (من)و (خۆم)دا هەیەو وایـــکرد کـە شەرم لە باسکردنی ئەو جەنگە نەکەین، پێش ئەویش ئەدەبی دۆستۆیڤسکی پڕبوو لەو دابەشبوونەی کە دەشێت لە هەموو کەسێکدا هەبێت و پرسیار تەنها ئەوەیە کەی سەرهەڵدەدات؟

ئەم شیعرەی تۆ بەزمانێکی سادە، بەڵام رەنگاوڕەنگ ئەو دابەشبوون و کەرتبوونەمان بەبیردێنێتەوە کە مرۆڤ دەشێت هەڵگری بێت و لە هەرچرکەیەکدا رووبەڕووی دەبێتەوە، ئەم شیعرە مارشێکەو هەموومان تێیدا بەشدارین، مارشێکە بەرەو کۆڵانە تاریك و نووتەکەکانی رۆحێکی پڕ لەپرسیارو گومڕا.

جگە لەو یاریکردنە بەمن و خۆم، ئەم شیعرە مانای قووڵ بەم دوو وشەیە دەدات و وادەکات بەوشیارییەکی تازەوە بەکاریان بهێنین، ئەم شیعرە شیعری دەنگە جیاوازەکانە کە لەشەڕە جیاوازەکانەوە دێت و هەموو منەکان و خۆمەکان تێوەدەگلێنێت، ئەو سەرنجە دوژمنکارانەی من بۆ خۆم هەیەتی و خۆم بۆ من هەیەتی جێگای خوێندنەوەیەکی قووڵەو هیوادارم رەخنەگرەکانمان لەم بابەتە بکۆڵنەوە.

ئەو سەرنجە دوژمنکارە لەبینای شیعرەکەدایەو چووەتە هەموو دێڕەکانییەوە، بەتایبەتی و زۆر بەزەقی لەم چەند دێرەدا دەبینرێت.

" لەهەموو دونیا خۆش دەبم لەخۆم نەبێ "

یان "لەشەڕی نێوان من و خۆما

هەزاران تەرم کەوتوون، تەرمی خەون و خەیاڵەکانم



کە من پێدەکەنم خۆم دەگری

کە خۆم پیدەکەنێت من دەگریم"

یان "گوناحە من و خۆم بخرێینە یەك گۆڕەوە"

یان "ماڵی من ئاسمانە

خۆم لەسەر زەوی جێدێڵم"

یان "من ئاوێنەکانم شکاند تا خۆم نەبینم

خۆم ئاوێنەکانی شکاند تا من نەبینێت"

یان "خۆم خەیاڵی منی کوشت".

لە هەندێك شوێنیشدا کەلێنێك لەنێوان دێڕەکاندا دەبینرێت کە دەبوایە ئیشی زیاتری تێدا بکرایە، زەقترینیان، بۆ نموونە:

"کەس شك نابەم منی لەلا دانێم

خۆمی شێت کردووە"

ئەم شیعرە پڕە لەوێنەی جوان، کە جوانترینیان لای من ئەم دێڕەیە تێکەڵییەکە لەمۆسیقای شیعری کلاسیکی و چوارینە پڕ خەمەکانی محەمەد عومەر عوسمان:

"دەستم ناگاتە رەنگەکانی ناوەوەی خۆم

لەبەر بێڕەنگیی دەرەوەی خۆم

ناهێڵێ گوێم لەدەنگی ناوەوەی من بێ

رژاوە بەسەرما دەنگی دەرەوەی خۆم".

ئەوەی جێگای خۆشحاڵییە کە ماوەیەکی زۆر لەم شیعرەدا کارت کردووەو هیچ پەلەت نەکردووە، خۆزیا شاعیرانی دیکەش وەك تۆ پەلەیان نەدەکرد، ئەوسا شیعری لەئێستا جوانترمان دەبوو.

# وەکو ئاو روون و ئاشکرا

**شیرین. ک**

ئەمە یەکێکە لەو دەقانەی کە لەیەکەم خوێندنەوەدا خۆیت بۆ ئاوەڵا ناکات، ئەمەش لەئاڵۆزیی و گرانیی وشەو رستەو وێنەکانییەوە نەهاتووە، بەڵکو بەپێچەوانەوە لەو سادەیی و روونییەوە هاتووە کە خوێنەر لەیەکەم بەرکەوتنی لەگەڵ دەقەکەدا بەهەڵەدا دەچێت، وا دەزانێ کە لەوانەیە ئەم دوو رستە زۆر سادەو روونەی سەرەتا "کەس وەکو خۆم دڵی منی نەشکاندووە .. کـــەســـــێك نییـــە من و خۆم ئاشتکاتەوە"، نەتوانێت هەڵگری ئەو هەموو جوانییە بێت و ئەو هەموو چێژە ببەخشێت، (مەگەر یەکەم وەزیفەی ئەدەب ـ هونەر بەخشینی چێژو ناساندنی جوانی نییە؟!) جوانیی ئەم دەقە لەپێش هەموو شتێکدا لەزمانەکەیدایە (مەگەر زمان خۆی بۆخۆی ـ غایە ـ و مەبەست نییە؟!) لەوێنە سادەو رۆشنەکانیدایە کە بەسانایی بە وشەو رستەی کورت و بێ گرێ و گۆڵ، بێ تەمومژو گرژی و زۆر لەخۆکردن لەسەرەتاوە تاکۆتایی بەفۆرمێکی جوان و تەکنیکێکی تۆکمە باس لەو کەرتبوونەی مرۆڤ دەکات، باس لەو شەڕە ئەزەلییەی ناو ناخی مرۆڤ دەکات، باس لەمەسەلەیەك دەکات کە بەقەد دێرینیی مرۆڤ دێرینەو هەر لەوکاتەوەی مرۆڤ دەستی بەتۆمارکردنی خەون و خولیاو بیرو تێڕامانەکانی خۆی کردووە، هەر لەسەرەتاییترین ئەو



تێکستانەوەی بەرهەمیهێناوە باسی ئەم دابەشبوونەی کردووە، ئەمە لە کۆنترین ئایین و ئەفسانەو داستانەکاندا هاتووە تا دەگاتە فەلسەفەو ئەو دەقە ئەدەبییانەی بەدرێژایی مێژوو تۆمارکراون، واتە بابەتی قەسیدەکە شتێکی نوێ و نەبیستراو و نەگوتراو نییە، بەڵام بابەتێکە قەت کۆن نابێت و لەگەڵ هەموو سەردەم و لەگەڵ هەموو مرۆڤێکیشدا نوێ دەبێتەوە، چونکە باسکردنی ئەم دابەشبوونی خودە، پرسیاری ئەزەلیی مرۆڤە لەبارەی بوونی خۆیەوەو دیارە لای شاعیرانیش ئەم پرسیارە قوڵترو ئاڵۆزتر دەبێتەوە، لەم قەسیدەیەدا کەرتبوونی خودێك هەیە کە من وەکو قەڵەقێکی وجودیانەی خودێك دەیبینم بەرامبەر بەبوونی خۆی، دوودڵی و لێکترازانی زاتێکە کە رەنگە ئاماژەش بێت بۆ پەرتبوونی نەوە یان گەلێك لەساتەوەختێکی مێژووییدا.

جوانیی ئەم قەسیدەیە لە جۆری تەرحکردن و فۆرمەکەیدایە، ئەمەیە منی خوێنەر رادەگرێ و رامدەکێشێت تا دوا وشەی بیخوێنمەوەو بەیەکجار خوێندنەوەشی رازی نەبم، بەڵکو دووجارو سێ جارو زیاتریش بیخوێنمەوە، چونکە من بۆخۆم زۆر دەمێکە لە خوێندنەوەمدا بۆ هەر دەقێك ئەوەندەی بەدوای مانادا دەگەڕێم لەوە زیاتر فۆرم و جۆری تەرحکردنی دەقەکە رامدەگرێ و داگیرمدەکات، بەتایبەتی لەشیعردا کە (زمان، وشە، رستە، ئاواز، ئیقاع) خۆیان بۆخۆیان مەبەستن نەك بەتەنیا هۆکار.

لەم قەسیدەیەدا جۆرو شێوازی تەرحکردنی پرسیارەکان رەشبینی لەگەڵ خۆیاندا دەهێنن، رەشبینییەك لە ئەنجامی بەیەکنەگەیشتن و لەیەك نەگەیشتنی (خۆم)و (من)ەوە دێتە ئاراوە، رەنگە ئەمەش مەبەستی سەرەکی شاعیر بێت کە ئەو رەشبینییە زەق کاتەوەو قەسیدەکەی پێبکاتە ئاوێنەیەك تا ئێمەی خوێنەریش رۆح یا زاتی خۆمانی تیا ببینین کە ئێمەش هەروەکو ئەو ـ ی شاعیر

کەرت کەرت و دابەشبین و لەیەکەم وشەی قەسیدەکەیەوە درك بەوە دەکەین کە ئەو دوو لەتە نابنەوە بەیەك و ئاشت نابنەوە، بەڵکو دێڕ دوای دێڕ، وێنە دوای وێنە، ئەو دوو کەرتە زیاترو زیاتر لەیەك دوور دەکەونەوە، بەڵام شاعیر لەبەرامبەر ئەم لەتبوونەی (من) و (خۆم)دا بێلایەن نییە، چونکە (من) بەپۆزەتیڤ وێنا دەکات و (خۆم) بەنێگەتیڤ، بەڕادەیەك لە هەندێ شوێندا (خۆم) وەکو (ئەو ـ کەسی سێیەم) دێتە بەر زەین، بەڵام پێدەچێت شاعیر مەبەستی بێت زاتی خۆی هەر وا بەدوو کەرتی بهێڵێتەوە، خاڵی هێزو جوانی ناو قەسیدەکەش لەو کەرتبوونەدایە، بەڕادەیەك ئەگەر لە کۆتایی قەسیدەکەدا ئەو دو کەرتە ئاشتبوونایەتەوە، ئەو قەسیدەیە لەدایك نەدەبوو، هەرچەندە کاتێك دەگەینە دوالاپەڕەو دوابەشی قەسیدەکە، من بۆخۆم وا هەستدەکەم هێشتا قەسیدەکە تەواو نەبووەو ماوێتی، ڕەنگە شاعیر بەئەنقەست و بەمەبەست قەسیدەکەی لەوێدا کۆتایی پێهێنابێ وەکو ئاماژەیەك بۆ بەردەوامبوونی ئەو ململانێ ئەزەلییەی نێوان من و خود، چونکە قەسیدەکە بەچەند دێڕو لەچەند وێنەو دیالۆگێکدا کۆتایی دێ، کە خوێنەر وا هەستدەکات هێشتا نابێ تەواو ببێت .. منی خوێنەر دەگەڕام بۆ دێڕی دیکەو بەخۆم دەوت نابێت لێرەدا تەواو بێت، ڕەنگە ئەم ئیحساسە لەوەوە هاتبێت کە دەقێکی جوان دەخوێنمەوە حەز ناکەم تەواو بێت، بۆیە حەزم نەدەکرد ئەم دەقەش کۆتایی بێت.

# دونیای ئەم تێکستە دەگمەنەی (من و خۆم)

لەدواجاردا تەواو بەرجەستەیەکی
هەرە جوان و قوڵ و پڕ لەپرسیارە

**دڵسۆز حەمە**

بۆ خۆی شیعر لەو پانتاییە دەرونیی و ئینسانیی و هەستیارییەدا بەرهەمدێت کە مرۆڤ (شاعیر ) لەساتە وەختێکدا بەئامادەبوونی هۆشیاریی و دیدێکی هەرە جیاوازو هەرەقوڵتر بۆ ژیان، جارێکی دی ژیان دەنووسێتەوە، بونیادەکان دەیانجار مانادەکاتەوە، کە رەنگە لەسەفەری وردبوونەوەو ماناکردنەوەی جارێکی دیکەی شتەکان و گێڕانەوەی ئازارەکان رێکەوتی چەندەها پانتایی جوانیی و مانای گەلێ قوڵ و ئـــازاری پـــەنهان و نهێنی وشەکان بکەین، کە لە دواجاردا ئەوەیانە داهێنان و مانای داهێنان، شیعر جیاواز لەژانرە ئەدەبییەکانی دی زیاتر رەهەندێکی دەروونیی و هەستی و تاکەکەسی بەخۆوە هەڵدەگرێت، کە ئەوەش دەستکەوتێکی زۆر گەورەیە بۆ شاعیر، کە خۆی بێت و پڕاوپڕی هەستەکانی گوزارشت لە شپرزەیی و رامان و پرسیارو ئازارەکانی بکات، شیعر ئازاراویترین و جوانترین سەفەرێکە ئارامییەکی شپرزە دەدات بەرۆحی شاعیر کە ئیدی بەدونیایەک ئاشنابێت، دونیای پرسیارو گومان، ئازارو بێهودەیی، عەشقێکی قوڵ و تەنهاییەکی بکوژ کە بۆ ئەبەد پڕ نابێتەوە، ژیان



لەدەرەوەی ئەو دونیایە وەکو ئەوە دەبێت هێزی دیتن لەچاوەکان بسەنێتەوە، ئەگەر ئەوە سروشت و دونیای شیعر بێت لەپێکهاتەی گشتیدا، ئەوا دونیای ئەم تێکستە دەگمەنەی (من و خۆم) لە دواجاردا تەواو بەرجەستەیەکی هەرە جوان و قوڵ و پڕ لەپرسیارە لەهەمبەر ئەو واقیعی دوکەرتبوون و لێکترازان و شپرزەییە دەرونییەی مرۆڤ دەکات بەگژ خودی خۆیدا، ئەو تۆران و دابڕانە کوشندەیەی کە دەکرێت لەسەر دوو رەهەندی جیاواز خوێندنەوەی بۆ بکەین، لەسەر ئاستی تاکەکەس وەکو رەهەندێکی زاتی - سایکۆلۆژیی سەر بەکۆمەڵگایەکی چەپێنەرو واقیعێکی پڕ لە مەینەتی و ئازار، بەتایبەتی لەهەمبەر چەمکی تاك و ئازادییەکانی تاکدا، بەڕادەی سڕینەوەی تاك لەجەستەو بونیادی خۆدا، وەختێك هۆشیاری بەرەنگاری راستییەکی لەو جۆرەو واقیعێکی هێندە قورس و تاریك دەبێتەوە بەسەر رۆح و ئازادیی و ژیانی تاکەکانەوە، ئەوا لەسەر پردەکانی هۆشیاری و لەتەنیشت دەرککردن و پرسیارەوە، مرۆڤێك رەنگە بەرهەمبێت لێوانلێو لەناکۆکیی و دواڵتی و دووکەرتبوون، دووکەرتبوون لەنێوان خەون و بێئومێدیدا، دووکەرتبوون لەنێوان غوربەتی وڵات، وڵاتێك لەغوربەت، دابەشبوونی رۆح لەنێوان چەمکی ئازادیی و لەدەستدانی ئازادیی، دووکەرتبوونی دەرونیی لەنێوان ئەو هەموو هێزانەی چاو لەعەشق سووردەکەنەوەو تفەنگ دەکەنە شانی پیاوکوژەکان، دووکەرتبوون لەنێوان وڵاتێك خۆشتدەوێت و بەختەوەریت پێنابەخشێت، جوانترین کۆپلەیەك کە دڵت پڕ دەکات لەجوانیی و قورسایی ئەو مانایانە:

"من لێرەم و خۆم لەوێیە
خۆم لێرەم ومن لەوێم
کەچی بەردەوام پێکەوەین".

هۆشیاریی و ئاگایی مرۆڤ لە کۆمەڵگایەکدا کە تاکەکەس هیچ شوناسێکی نییەو بگرە بەرەنگاری شوناسی جیاوازخواز دەکات و بەهەموو ئامرازەکانی دەیخاتەوە ریزبەندی خۆی، لەواقیعێکی وەهادا، مەسافەی نێوان مرۆڤ و **مرۆڤ** خۆی وەها فراواندەبێت، دابەشبوونی رۆحیی و دەروونیی و نەناسینەوەی مرۆڤ بۆ خۆی، دابڕانی مرۆڤ لەخۆی وەك ئەوەی لێدێت:

"ئێمە شەو و رۆژێکین پێکەوە هەڵدێین و ئاوادەبین".

یان:

"من و خۆم ئاو و ئاگرێکی تێکەڵین".

یان:

"من و خۆم بیابان و دەریاین پێکەوە".

ئەوانە ئاماژەی قوڵ و هونەریی و جوانن بۆ پرسیارێکی زۆر گرنگ، پرسیاری لێکترازان و هەڵوەشاندنەوەی یەکپارچەیی گیانیی و دەروونیی مرۆڤ کە گەڕان و رامانی زۆر هەڵدەگرێت هەمانکات ئاماژەن بەتێوەگلان و هۆشیاریی شاعیر بەو پرسە ئینسانیانەی کە دەکرێت ئەو هێزە ستاتیکی و جوانکارییە بدات بەم دەقە، کە لەمرۆدا کەمجار رێکەوتی دەقێکی جوان دەکەین، رەهەندی دووەمی خوێندنەوەی دەقەکە رەنگە بەهەمان رەوتی لێکترازان و دابڕینی ئینسانیدا تێپەڕین، بەڵام لەسەر ئاستی رەهەندێکی فراوانتر کە ئەو دابڕان و بەگژداچوون و لێکترازانە دەروونییە کە کۆمەڵگای کوردی دووچاری هاتووە لەسەر ئاستێکی بابەتی، غەریببوون و کاڵبوونەوەی ئەو ماهیەتە گرنگ و ژیانبەخشانەی کە تاك بە کۆوە دەبەستێتەوەو فراوانبوونی کەلێنێکی گەورە لەنێوان دڵی تاك و بێدەربەستیی کۆدا، جێگرتنەوەی پێکەوەژیان و ئاشتبوونەوەو ئازادیی بەتەنهایی و دوژمنایەتی و پەراوێزکردنی دونیاکانی یەکتری لە کوشندەترین



لێکترازانی نێوان کۆمەڵگای کوردی و تاکەکانیدا، تاکەکانی دووچاری پەڕاگەندەیی و حەزی بێسنووری سەفەرو جێهێشتن کردووەو کۆش بەدیوێکی دیکەدا لەداڕمانێکی بەردەوامدا خۆکوژانە دەیگوزەرێنێت، جوانترین وێنەی ئەو جێهێشتنە پڕ تەنهاییەی تاك و ئەو خۆکوشتنە بێدەربەستەی کۆ بەلای منەوە ئەم وێنانەیە:

"من و خۆم (پێکەوەین)و تەنهاین
من وخۆم (تەنیاین )و پێکەوەین".

یان:

"من وخۆم کوشتن لەنێوانماندا راوەستاوە نەك ژیان".

یان:

"من لەتینوێتیدا دەمرم
خۆم گیرفانەکانی پڕن لەئاو".

یان:

"دەمەوێت سەفەر کەم بۆ شارێك کە خۆمی لێنەبێت".

رەنگە سیفەتێکی ناسینەوەی کۆمەڵگا ترادیشۆناڵ و چەپێنەرەکان، بەرهەمهێنانی مرۆڤی تەنیاو لێکترازاوە لەڕووی دەروونییەوە کە وادەکات توانای بۆ بەختەوەربوون کەمتر بێتەوە، لێکترازان و دابەشبوونی دەروونیی ئێمە گەشتۆتە ئەو سنوورەی مرۆڤەکان بەپێچەوانەی خەون و ئیرادەو حەزەکانی خۆیانەوە ژیان پیادەبکەن و عاشق بن و پیاسەبکەن و گۆرانیش بڵێن و منداڵەکانیان ناو بنێن، بەمانایەکی دیکە مرۆڤ بەشێوازێك دەژی و رۆژەکانی دەگوزەرێنی رەنگە هەرگیز ئەو شێوازو ئەو گوزەرانە نەبێت کە لەقوڵایی ناخی

ئینسانی خۆیدا، لەدونیای خەونەکانیدا ئاواتی بۆ دەخوازێت یان خەونی پێوە دیتوە:

"بەناوی منەوە قسە دەکات

دەگری پێدەکەنێت، کوفر دەکات".

کوشندەترین حاڵەتێك کە مرۆڤ ژیانی هەژار و رۆژەکانی پەژموردەو دەرونی دەکەن بەبیابان، ئەو حاڵەتەیە کە ماناکانی ژیان و خەونەکان و روانین بۆ ژیان لەتاکەوە تەسلیم بەکۆ بکرێت، ئەو واقیعەی کە تاکی کۆمەڵگای ئێمەی دووچاری بکوژترین دواڵتی و دوکەرتبوونی دەرونی و ئینسانی کردووە، ئەم دەقە دەربڕینێکی قوڵ و شۆڕبوونەوەیەکی وردبینانەیە بۆ ناو ئەو ئازارە گەورەیە.

دەقی جوان زۆرترین شت دەڵێت بەکەمترین وشە، مانای قوڵ دەدات بەوشەی زۆر سادە، ئەم دوو سیفاتە تارادەیەکی زۆر لەم تێکستەدا فەراهەمکراون کە جوانیی و شەفافییەتێکی جوان و سەنگینیان داوەتە ئەم دەقە، هەمانکات بەبڕوای من چەندان دێڕی زیادەی تێدایە لابردنیان دەقەکە دەوڵەمەندتر دەکات نەك مانەوەیان، هەندێك لەو دێڕانە لەگەڵ قورسایی وقوڵیی دێڕەکانی پێش خۆیاندا ناکۆکن بۆ نموونە:

زۆرکەس هەن شارەزای.......

تادەگاتە:

"هەر بۆ ئەوەی هەراسان بم

قسەی سادەن خزمەتێك بەدەقەکە ناکەن".

یان:

"من لەپەنجەرەی سێوەکانەوە".



تا دەگاتە:

"تاریکی دەڕژێتە ناو باغ".

پێموانییە تەنانەت هەڵگرتنی ئەو دێڕانە هیچ لەماناو جوانی دەقەکە کەم بکاتەوە، دیارە هەندێك دێڕی دیکەشم هەر پێ زیادەن لێرەو لەوێدا، زمانی چڕ دەقەکە دەوڵەمەندتر دەکات، هەرچەندە بەگشتیی زمانێکی جوان و شەفاف و مانابەخش بەکارهاتووە، لەکۆتاییدا پرسیارەکانی ناو ئەم دەقەو رۆحی وشەکان، ئەوسفیری شپرزەبوون و مەحاڵەی مرۆڤ بەدەستی چارەنووسەکانەوە ئەم دەقەی کردووەتە دەقێك کە خوێنەر ناتوانێت بەسانایی بەسەریا تێپەڕێت، بەڵکو پڕی دەکات لەپرسیارو جوانیی، هیوادارم سەرکەوتووبیت، دەستەکانت هەمیشە سەرقاڵی داهێنان بن.

**اپریل ٢٠٠٨**

مەلەکردنی ماسییەکی ئاڵتوونیی بەنێو بەتاڵایی رۆحدا

* پلاتۆن: ئاپۆلۆگی (بەرگریکردنی) سوکرات. چاپخانەی لایکلامی ئەڵمانی. لاپەڕە١١

Platon, Apologie des Sokrates, Reklam Verlag, ١٩٨٧, S.١١

# شیعرێك ئاوس بەخود

**ئەنوەری ڕەشی عەولا**

شاعیر لەنێو گەمارۆکاندا تا ئەوپەڕی توانابیە ئیستاتیکییەکان ئیرادەی شیعرییانەی خۆی دەئەزموێنێت، گەمارۆدراو بەچی؟ گەمارۆدراو بەشەڕو ئاشتییەکانی نێوان من و خودێك کە، بێشوناسن و کەچی دەبن بەشورەش بۆ شوناسدان بەبوونی یەکدی و سڕینەوەی یەکتری.

ساغکردنەوەی تخوبەکانی نێوان ئەم دوو فیگەرە، زۆر دوورو نزیکەش کە من و خودە، کردەی مەحاڵە، شاعیر دێت و لەگەڵ وەسوەسەکانی خۆیدا ئێمەش پەلکێش دەکات بۆ نێو ئەومەحاڵەی کۆتاییەکەی سەرەتایەو سەرەتاشی کۆتاییەکی دیکەیە.

ئەم تێوەگلان و بەربوونەوەیە بۆ نێو بەرزەخی نێوان من و خود، ئەم پێداگریی و جێگۆڕکێ پەیتاپەیتایەی جەللاد بوون و قوربانیبوونەی ئەو دوو ڕەهەندە بۆ یەکدی دەسازێنن، لە دواجاردا ئیرادەیەك دەئافرێنن، کە ئێمە لەزماندا ئەو ئیرادەیە چاو دەکەین و دەیبینینەوە کە چۆن خۆی هەڵدەچنێ بۆ ئەو ئاستەی کە بێقەرار بوونێکمان بۆ نمایشدەکات، کە بەهەست و پێستی ڕەنجە دەروونیی و ئیگزیستیاڵییەکانی خۆیانەوە بیانناسینەوەو بڵێن: ئەو گەمەیەی خۆمان نوقڵانە لێدەری بووین بۆ یەکدی، دەبێ هەر خۆشمان بەرپێوەبەری بین.



خود .. ئیرادەکەیەتی!

ئیرادە .. تواناو هێزێکە، خود گەرەکییەتی لێیەوە گەوهەرەکەی نمایش و ئاشکرا بکات، لەبەرامبەر حەتمیەت و قەدەرگەراییەك (determinism) کە رێك پێچەوانەی رەوتی ئیرادەگەرییەت دەبێتەوە، چونکە ئیرادە دەخوازێت هەڵبژێرێت و داخوازە بەهێزەکەی کە ئازادییەکەیەتی لەدووی مەرام و ئامانجەکەی تواناکانی بخاتە گەڕو بیر لەوە دەکاتەوە بەچ رێگە گەلێکی شیاو بەدەستی بهێنێت.

لە کاتێکدا دیتێرمنستەکان بڕوایان وەهایە مرۆڤ ناتوانێت ئەوە هەڵبژێریت کە دەیەوێت، بەڵکو دەبێت ئەوە بکات کە قەدەرەکەیەتی، چونکە لەدەرەوەی ئیرادەی خۆی بەڕێوەدەچێت.

لە کاتێکدا بۆچوونێکی دیکە هەیە پێیوایە، هەموو چالاکییەك کە مرۆڤ دەیکات ئازادانەیە، مادام لەخودی خۆڕسکیانەی خۆیدا هەیە، بۆیە دێتە دەرەوەو ئەو ئارەزوو ئایدیایە بە هەموو یەقین و دڵەڕاوکێکانییەوە بەشێوەیەکی پراکتیزانە گوزارشت لەخۆی دەکات، لەنێوان ئەو دوو ڕووانینەدا .. ڕووانینێکی میانڕەوانەی دیکە هەیە کە وایدەبینێت لەنێوان ئیرادەی ئازادو دیتێرمینیزمدا بەبیرلێکردنەوەو راوێژ لەگەڵ خۆدا ئاڵتەرناتیڤێکی دیکە هەیە، کە رێگەی سێیەمە، نە ئەوەی یەکەمەو نە ئەوەی دووەمیش.

لێرەدایە دەکەوینە بەردەم ئازادییەکان و ئەو فاکتەرانەی لەگەڵ، ئازادیی هەڵبژاردن و هەڵنەبژاردن، ئازادی بیرکردنەوەو ئایدیاکان لەپرۆسێسێکدا دێنە ئاراوەو پیادە دەبن، چونکە ئیرادە لەنێو ئەو فاکتەرانەدایە گوزارشت لە هیوایەت و ئارەزووەکانی خۆی دەکات و دەشگاتەوە بەخۆی، جارێك

سەرکەوتوو دەبێت و جارێك لەباردەچێت، جارێك خۆی وندەکات و جارێك خۆی دەدۆزێتەوە.

خۆی دەچنێت و خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە، ئەمەش لەڕێگەی هەستگەلێکەوە دەبێت کە لەودا هەیە، چونکە دەبینێت، بۆندەکات، دەبیستێت، تامدەکات، دەست لەشتەکانەوە دەدات، جا ئەمانە ئارامیدەکەنەوە، یا نەخۆ تورەی دەکەن، بەبێ بوونی ئەمانە کردو کۆشەی ئەقڵ و دڵ مایەپووچ دەبن.

کەچی ئەوەی دوا بڕیار دەدات و دەتوانێت لەتەنگانە یەکبەدواییەکاندا پاڵی پێوە بدەیت، ئەقڵی دڵ و دڵی ئەقڵ خۆیەتی، ئەگەر (ئیرادە .. نیشانەی ناسینەوەی مرۆڤەکان بێت بۆ ئاراستەکردن و کۆنترۆڵکردنی خودو هێز) ئەوا دەبێت لەو هەموو هێزانە بەهرەمەند بێت کە بەبۆن و بینین و تام و دەستلێدان ناومان بردن، ئەوەی دەتوانێت لەو مەحشەرانەشدا هەموو ئەم شتانە، مەعنا پێبداو ئیدارە بدات، زمان و یارییەکانییەتی.

ناکرێت ئەم پێکهاتانە هەر خزمەتکار بن و راوێژکار نەبن، واتە: هەر فەرمان جێبەجێکەربن و گوێیان لێنەگیرێت، چەنە سوود لەپێشنیارەکانی خود وەربگیرێت، دەشێت ئەوەندەش من پەروەردە بکرێت، چونکە خود بەبنەڕەتی ئەم هێزانەوە دەتوانێت ئیرادە بێت، ئەگەر نا ئیرادەیەکی کوێر دەبێت و هەڕەمەکیانە گوزارشت لەخۆی دەکات، هەر بۆیە سارتەر دەربارەی بۆدلێر پێماندەڵێت:" شیعرەکانی بۆ ئەوە دەنووسێت، هەتاوەکو تێیاندا خۆی ببینێت، بەڵام نەیتوانیوە رازیبێت پێی".

کاکەحەمەی شاعیریش لەم وەحشەتەدا کە لەدوی خۆساغکردنەوەدایە، هەر وێنەیەکی تازەی خۆی دەبینێت، ناتوانێت رازیبێت کە ئەمە دوا وێنەی راستەقینەی ئەو بێت، چونکە قبوڵکردن و هەڵوەشاندنەوەیەکی بەردەوام هەیە



لە نێوان من و خودەکەیدا، ئەمەش ئەو فرسەتەی بۆ شاعیر فەراهەم کردووە نەگاتە دوا بنەوانی من و ترۆپکی خۆی، لەوێدا شیعر سیزیفیانە هەر هێندەی لێدەوەشێتەوە شاهیدی ئەو بڵندبوونەوەیەو گلۆربوونەوە ئەزلییە بێت، کە لەناو هەمووماندا بەپلەی جیاواز هەیە، بەڵام توانای بینین و ناسینەوەیمان نییە، ئەم تێکستە هەوڵێکە بۆ نیشاندانی ئەو سەفەرە بەرزەخیەی، لەوێدا خود دەستی بەخۆی رادەگات، کەسێتییەکی دیکەی لێ ئافەریدەبکات و بەدەستبهێنێت کە سەفیری نێوان ئەقڵی من و دڵی خود بێت.

# کردنەوەی دەرگایەك بۆ فڕین

**حسێن ئەحمەد ـ فەرەنسا**

هەوڵی ناسینی خودوو بەرهەمهێنانی خود لای هیگڵ، لە کاتێکدا دەستپێدەکات کە بیرکردنەوەی ئینسان بگاتە دوا پلەی خۆی و وەك هەبوویەکی ئەکتیف پرسیار لەناوەوەی خۆی بکات، هەر بیرێك لەئاستی دۆزینەوەی خوددا لاواز بوو وەك بیرو هزرێکی ناچالاك دەبنیرێت کە شەرمنە لەئاستی پرسیارو دۆزینەوەی فیکریدا، لاوازیشە لە تێگەیشتن و ئەنالیزەکردنی کۆی بوعدە فەلسەفی و فیکرییەکاندا، بۆیە هیگڵ پرۆژەی ئەکتیڤبوونی هزر لە ڕێگای خۆبەرهەمهێنانیەوە دەبینێت، خۆبەرهەمهێنانیش بەبێ خودکردن بەپرۆژەی غۆشێخش و هۆشیار بوون بەخود وەك ڕەهەندێکی فەلسەفی بوونییەتی لاواز دەبێت تا ئاستی دابەزین بۆ لەیادکردنێکی قوڵ، لەبەر ئەمەیە کە هیگڵ پێماندەڵێت: بیر تەنها لەوکاتەدا کاراو چالاك دەبێت کە خۆی بەرهەمدەهێنێت، بەم وتەیەی هیگڵ لە بیردا کارکردن هەیە بۆ خودناسین، بۆ دۆزینەوەی جەوهەرو بنەڕەتی مرۆڤ، بۆ ڕەخنەگرتن لە خودو خۆ کریتیککردن لە ڕێگای هۆشیارییەکی چالاکەوە، کە ئەم هۆشیارییە دواجار لە ناسین و ئەنالیزەکردنی خوددا دەگات بەچالاکییە ناوەکییەکانی خۆی، سوکرات وتی: مرۆڤ دەبێت لە ڕیگای خۆیەوە بگات بەهەقیقەت، هەقیقەتی مرۆڤ بەر لەهەر شتێك سەفەرکردنە بەخۆیداو خۆدۆزینەوەیەتی وەك بویەکی پرسیار چی لەئاستی فیکرو



تەئەمولاتە ناوەکییەکانی خۆیدا، بۆیە مرۆڤ کە دەپرسێت من کێم، وەڵامی تۆ کێی ناداتەوە، بەقەد ئەوەی گەڕان بۆخۆی دەکاتە مەنهەجێکی فیکریی و فەلسەفیی و دواجار لە خۆیەوە دەکرێت کار لەسەر دۆزینەوەی تۆ بکات وەك کائینێکی فەرامۆشکراو و تاریك، هەر بۆیە تۆ کێی لەخوددا لەدوای من کێمەوە دەست بە بەرزبونەوەی خۆی دەکات بۆ ئاستێکی مەعریفی و باڵا، بەو پێیەی کە پرۆگرامێکی عەقڵی، (تۆ) لەدوای (خود)ەوە دەکاتە ئامانجی خۆی، بۆیە دەکرێت خود یەکەمین سەفەری لەخۆیدا ئەنجام بدات بەرەو تۆ، کە ڕەنگە سەفەرکردن بەقوڵایی مرۆڤدا سەفەرێکی جاویدو هەمیشەیی مرۆڤ بێت، کە جگە لەخۆی ناگاتە هیچ جێگەیەکی دیکەو نەبینراو، بەو قەدەرەی قوڵایی مرۆڤ تا ئاستێکی ترسناك درێژ دەبێتەوە بۆ پرسیارکردن لەوجودی خۆیی و دروستکراوە هەنوکەییەکانی خوداش، بۆیە مرۆڤ کە بێچەك دەمێنێتەوە لەبەردەم تەلسیمە نەبینراوەکانی خۆیداو جەنگی ناوەوەی خۆی بۆ ناگەیەنرێتە کۆتا، بەرەو خوداو سروشت و مردن و تارییەکییەکان سەر دەکەوێت، سەفەرو پرسیارکردنی مرۆڤ جۆرێکە لە دوودڵیی مرۆڤ لەهەمبەر خۆی، جۆرێکە لەگوناه و پاکبوونەوە کە پرسیاری مرۆڤ هەمیشە لەو کاتانەدا زیندووە کە گوناه گەیشتووەتە سەر سینگی، مرۆڤی گوناهبارو گەڕاو بەتونێلەکانی عەبەسدا یەکەم شت لەپرسەوە دەستدەکات بەگێڕانەوەی خۆی بۆ دونیا، چونکە مرۆڤ هەمیشە ئاگایی لەگوناهەکانیدا کامڵ دەبێت، بەو قەدەرەی یەکەمین پرسیاری منداڵ وەك دروستکراوێکی بارکراو بەژیان لە بوونییەتی خۆیەتی، ڕوانینی منداڵ بۆ دایکی ڕوانینێتی بۆ ئەو شوێنەی لێیەوە گەیەنراوەتە ناو ژیان بۆ ئەو جێگەیەی دەبێتە سەرچاوەی کۆی هەموو گوناهە گەورەو نائومێدەکان، بۆیە هەمیشە دەیەوێت بزانێت لە کوێوە هاتووەو بۆو چۆن؟ لێرەدا کە منداڵ گەورە

دەبێت و تەمەنی دەگاتە سەر هۆشیاربوون بەخۆی دێتە سەر ئەو خاڵە جاویدەی کە مرۆڤ بەمرۆڤ گوناهبار بووە، بەهەمان وەسف دەشیخاتە ژێر پرسیارو تەئەمولاتی قوڵەوە، هیتلەر دەڵێت: بۆ ئەوەی مرۆڤ لەژیان پاکبکرێتەوە کە گوناهێکی سەرمەدییە، دەبێت بکەوێتە بەر تۆڵەی مرۆڤ و بمرێت، هەقکردنەوە لەمرۆڤ خۆی، کوشتنی خۆیەتی وەك کەسێك بەژیان گوناهباربووە، لێرەوەیە پرسیاری بەرزە مرۆڤ دەست بەنەقدەکانی خۆی دەکات، لەخودی خۆی و تامردن وەڵامێکی قایلکەر وای لێناکات لەخودی خۆیدا بووەستێ و بەرەو ئەوانی دیکە بڕوات، هیگڵ مرۆڤ بەوە دەزانێت کە نییە وەکو گیان، ئەگەر خودی خۆی نەناسێت، لێرەوەیە کە جەنگی بوونیادنانەوە لەنائومێدییەوە دەستپێدەکات بۆ نائومێدییەکی دیکە، نائومێدیی نەگەشتن بەچەقێك بتگەیەنێت بەڕازیبوون لەناسینی خۆت و ناسینی مرۆڤ وەك مرۆڤ، چونکە مرۆڤ کە لەبەردەم خودی خۆیدا دەڕوخێت و چۆك لەبەردەم ئایدیاو بیرو باوەڕە هەڵوەشاوەکانی خۆیدا دا دەدات، دووبارە دەستپێدەکاتەوە، تا دەگاتە ئەو شوێنەی جەنگی هەمیشەیی مسۆگەردەکات دژی خۆی، دژی ناڕازیبوون لەتێنەگەیشتنی خۆی لەهەمبەر ماهیەت و قوڵایی مرۆڤدا، بەو باوەڕەی ئینسان کائینێکە بەزانستەکان رازینابێت و هەمیشە رێگەیەکی دیکەی هەیە بۆ گەیشتن بەزانستێکی جیاوازو فراوانتر، بەو مانایەی نائومێدیی مرۆڤ سەرەتای دەسپێکردنەوەیەکی قوڵترو گشتگیرتر نیشان دەدات، رەنگە ئینسان بەوەدا هەبێت کە دەزانێت هەیە، بەڵام ئەم هەبوونە لە پرسیاری گەورەو ئەکتیڤدا هەڵدەوەشێتەوەو سەر لەنوێ خەتی کارکردنی بۆ دا دەڕێژرێتەوە، ئیمیر سۆن دەڵێت: ئەی مرۆڤ واز لەڕابردووی خۆت بێنە، دەبێت سەر لەنوێ دەستپێبکەیتەوە، لەڕاستیدا دەستکردنەوە بەهەر کارێك زەقکردنەوەی



تێکشکان و رووخانی مرۆڤە بەدیوێکی دیکەدا، هەوڵیشە بۆ رزگاربوون و بەردەوامیی لەپرسیارو گەڕان کە هەمبەر خۆی نایگەیەنێتە سەر خاڵی کۆتایی و بەستراو، تەنها بۆئەوەی مرۆڤی گەورە هەمیشە بەنائومێدیی سەفەر دەکات و لەئاگایی خۆیشیدا تەنها شتێك بۆیدەمێنێتەوە تەنهایی و بێدەسەڵاتیی خۆیەتی بەرامبەر زانستە بەرینەکانی دونیا، هەر بۆیە خەیام لەدوای ٧٢ ساڵ خوێندنەوەو بیرکردنەوە، دەگاتە ئەو دەرگا نائومێدو بەستراوەی کە هیچ نازانێت و وەك مرۆڤێکی نەزانیش دەکرێت بمرێت.

بۆیە مرۆڤ هەمیشە بەنائومێدیی واز لەباوەڕێك، بیرێك، ئایدیایەك دێنێت و بەرەو شێوازو جۆرو هۆشیاریی دیکە دەڕوات تا لێیەوە مرۆڤ بناسێت و بیکاتە پرسیار کردن بۆخۆی، لێرەوە دەکرێت بڵێین: ئەرکی شیعر وەك پرۆژەیەکی فەلسەفی و مەعریفیی ئەرکی ناساندنی خودە بەمن، ئەرکی گەیاندنی ماناو هێماقوڵەکانی بیرکردنەوەی ئینسانە بەئینسان، ئەرکی پرسیارو وەڵامیشە، بۆیە دەقی نەمرو سەرکەوتوو ئەو دەقە نییە وێنەکانمان وەکو خۆی بۆ کۆپیدەکاتەوە، بەڵکو ئیشی دەقی سەرکەوتوو ماندووبوونێکی عەقڵییە لەناو پێناسە فراوانەکانی خۆیدا، کاتێك شیعر ناتوانێت ئەمە بکات وەك شیعر کۆتایی پێهاتووە، بۆیە ئەرکی شیعر پەڕینەوەیە بەناو زەمەنەکاندا بەدەستێکەوە کە پڕە لەپرسیاری گرنگ و وەڵامی سەرسامکەرو ئەکتیڤ، دەقی من و خۆم، دەکرێت وەك دەقێك ناوی بێت کە ئیشی لەوەدا کردووە خۆم وەك من، من وەك خۆم نەناسم، بەقەد ئەوەی دووبەشکردنی ئینسانە لەبەینی دوو دوژمنی بەهێزدا، کە یەکدی و بوونییەتی عەقڵی و ئایدۆلۆگی یەکدی دەخەنە مەترسییەوە، مەترسی قەومانی ئاشووبێکی تاڵ لەبەینی دوو جنسی نائومێدا، جنسێکی روو لەخوداو جنسێکی مەست، جنسێکی رەق و جنسێکی گرینۆك، جنسێکی قوربانیی و جنسێکی

جەلاد تاڕادەی خوێنڕژان، کە نازانن شەڕی ئەمان شاردنەوەی چی بەرەکەتێکە لەیەکدی؟ تۆڵەکردنەوەیە لەچی فەنتازیایەکی ئیلاهی؟ گەیشتنە بەچی و دەکرێت چیش جێبێڵن؟ من کاتێك ئەم دەقەم خوێندەوە راوەستام، نایشارمەوە دێڕ بەدێڕ هەستم بەو پیاوە ماندووە دەکرد کە لەپشت ئەم دێڕانەوە وەك خودایەکی گرینۆك و تەنها وەستاوەو روانین لەم جەنگانە خەریکە دەیکوژێت، ئەم پیاوە هەر کەسێك بێت شایەد حاڵی حیکایەتێکە کە دوو بوونییەت خەریکی وێرانکردنی یەکدین، دوو بونییەت تا سەر خوێن خۆپەرستی و نێرجسی تێیاندا تەشەنەی سەندووەو یەکدیان بۆ ناگاتە بەختەوەریی، لەشەڕی من و خۆما، من من ناکوژێت لەبەر خۆم، خۆم خۆی ناکوژێت لەبەر من، کاتێك من نامەوێت دوژمنەکەم بەختەوەر بکەم خۆکوشتن بەحیکایەت دەزانم، گەیشتنم بەخۆکوشتن داماڵینی هێزی رووبەڕووبوونەوەمە لەگەڵ دوژمنە شەڕفرۆشەکانمدا، نەخۆم و نەمن ناخوازن بێهێزییان بگاتە رادەیەك یەکتری بەمردن دڵشاد کەن، چونکە مردنی تۆ بۆ من زیندویەتی من را دەگەیەنێت، لەبەر ئەمە قەسیدەی من و خۆم قەسیدەی دروستکردنی کاراکتەرە بە بەدیلێکی شانۆیی، کاراکتەری تەیار بۆ داگیرکردنی هەموو شتێك کاراکتەری خوێنین و موسڵمان، کافرو بەهەشتیی، کەهەندێکجار جەلادو قوربانیی خوداو شەیتان موسافیرو چەقبەستوو لەوڵات و شارو بازاڕە خامۆشەکاندا ناسینەوەو جیاکردنەوەیان زەحمەت دەکەوێتەوە، چونکە ئەم دوو کاراکتەرە (من)، (خۆم) بەجۆرێك تێکەڵاوبوون و لەیەکتریش جیان کە مرۆڤ ناتوانێت وێنەیەکی گوناهباریی و بێگوناهی بەهیچ یەك لەمانە ببەخشێت. بەو پێیەی لەم بەرهەمەدا، تێکەڵاوییەکی سەیر لەبەینی راو وتن و بینینەکاندا بۆیەکتری وا دەکات مرۆڤ دەستەو سان بوەستێت لەئاستی جیاکردنەوەیاندا.



لەم تێکستەدا ئەوەی دەیبینین مانایەکی روت نییە کە شیعر بەرهەمی هێنابێت، چونکە لەم شیعرەدا تاکە شتێك لەکار خرابێت وەڵامدانەوەی خودە وەك رەهەندێکی فەلسەفی، ئەمەش وەك مانا کوژراوە، چونکە لەم تێکستەدا من و خۆم ئەوەندەی تێکشکان و هەڵبەزو دابەزی دوو بەکاربراو دەبینین، ئەوەندە شیکردنەوەو بۆچی نابینین لەئینسان و شەڕی ناوەوەی مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا، تەنهایی ئەم دەقە لەوەدا سەرچاوەی نەگرتووە کە وەك شیعر ناتوانێت سەنگێکی هەبێت و مەوزوع ونکرابێت، وەك لەزۆر شیعری تردا دەبینرێت، بەڵکو تەنهایی ئەم تێکستە تەنها لەوەدایە کە نەیتوانیوە خود وەك خود بناسێت، چونکە ناسینی هەر شتێك بەدەر لەپێناسەکردنی بەمیتۆدێکی عەقڵی ناساندنێکی هەڵەیە بەو قەدەرەی لەم تیکستەدا جەنگێك دەبینین کە بارگاوییە بەخوێن و گوناهو نەفرەت، بەڵام نازانین بۆ؟ دەزانین دوو بەکاربراو نائومێدو گوناهبارو بەهەشتی و قوربانیی و جەلادیشن، بەڵام (بۆ) لەم تێکستەدا ونبووە، حەزمەدەکرد وەك کاکە حەمە ئەرکی قسەکردنی کێشا لەسەر ناوەوەو جەنگە نادیارەکانی ناوەوەی مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا، ئەرکیشی بکێشایە منی لەو گەڕانە کوشندەو ناکۆتایە بکردایەتە دەرێ کە وەك هەمیشە دڵنیانیم، مرۆڤ بۆ لەگەڵ خودی خۆیدا دەکەوێتە جەنگەوە؟ شەڕکردن دژی خۆت گەیشتنە بەچی؟ هەوڵی خود بۆ بردنەوەو دۆڕاندنی چییە لەم جەنگەدا؟، ئەم دەقە ئەوەندەی پرسیار دەتەقێنێتەوە ئەوەندە وەڵامناداتەوە، ئەوەندەی وادەکات بیربکەیتەوە ئەوەندە لەبیرکردنەوە رزگاری نەکردوین، بۆیە لەدیرێکدا دەڵێت:

"زۆر کەس هەن شارەزای
زۆر شارو وڵاتن
کەچی من هێشتاکە شارەزای خۆم نیم چی دەوێت".

لەم دێڕەدا ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە مرۆڤ لەخۆی ڕزگاری نەبووە، چونکە ڕزگاربوون لەخود تووشبوونەوەیە بەخود بەڕێگەیەکی دیکە.

دوودڵیی ئەم دەقە دوودڵییەکە لەسەر ونکردن و بەدەستهێنانەوەی هەموو شتێك، لەسەر پاکبوونەوەو گوناهکردن، لەسەر چوونە بەهەشت و گەڕانەوە بۆ دۆزەخ، بۆیە لەم دەقەدا تاکە شتێك وەك بەهایاکی شیعریی بەزەقیی هەستی پێبکرێت ڕاڕایی مرۆڤەکانە لەبەردەم دروسکراوەکانی خۆیاندا، تێکچوونی ئارامیی و دۆزینەوەو ونکردنی مرۆڤە لەخۆیدا، ئەم دەقە دەیەوێت پێمانبڵێت: شەڕی مرۆڤ گەیاندنی مرۆڤە بەتەلیسمە شاراوەکانی خۆی، دەیەوێت مرۆڤ زیندووبکاتەوەو بەمەعریفەیەکی شاراوە بیکوژێت، بۆیە ئەرکی گەڕان و وەستان و دەستپێکردنەوەیەکی هەمیشەیی لەم دەقەدا باڵاترە لەشیعرەکە وەك دەستێك کە پرسیار ڕادەوەشێنێت و دژی خۆی بەرزیدەکاتەوە، من و خۆم بۆیەکدی دەگەڕێن پێکەوە، "ئاو من ببە من، ئەمەوێت سەفەر بکەم بۆ شارێك شوێنێك، دوور دوور کە خۆمی لێنەبێت"، لەم دوو دێرە پێچەوانەدا، دەبینین ڕاڕایی مرۆڤ و ئیشکردنی بۆ ونکردن و دۆزینەوە لەهەرشت خێراتر دەردەکەوێت، بەو قەدەرەی مرۆڤ تەنها ئیشێك بەکەماڵێکی باڵاوە پێیدەگات پەشیمانبوونەوەیەتی لەخۆی، لەژیان لەبەخت و یەکدی ناسین، هەر بۆیە لەم دەقەدا ئەو وتەیەی ژولیان دەر دەکەوێت کە دەڵێت: هاوڕێکانم جەهەننەمی منن، دۆزەخی خۆم و منیش لەم دەقەدا دەگەڕێتەوە بۆ ڕاڕایی و نیگەرانیی قوڵی مرۆڤەکان سەبارەت بەخۆیان، دەکرێت لەبیریشمان نەچێت کە من و خۆم دووهاوڕێی خوێنینی یەکدین، دوو هاوڕێن یەکدیان تاڕادای گریان و کڕوزانەوەو چاوەڕوانیی ناکۆتا قبووڵکردووە، لەسەر ئەو ئەساسەی یەکدی ناسین بکەنە ڕەهەندی مەعریفی خۆیان، یەکناسین و شیکردنەوەی یەکدی و هەواڵی



پێچکردنەوەو وەرگەڕانی یەکدی لەبەینی من و خۆمدا لەنامەوە دەستپێدەکات، نامەگەلێکی فڕێدراو بێبایەخکراو بەنائومێدی یەکدی، تا دەگاتە سەر ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی خەیاڵیی لەبەردەم جیاوازبوونی یەکدیدا، بۆیە دەڵێت:" من نامەکانی خۆم ناخوێنێتەوە، خۆم نامەکانی من ناخوێنێتەوە، کەچی یەکتری بێنامە ناکەین، چاوەڕیی هەواڵی یەکترین"، یان دەڵێت:" من شەوم خۆم ڕۆژە ئێمە بەپێجەوانەی سروشتەوە شەو و ڕۆژێکین پێکەوە هەڵدێین و ئاوا دەبین"، لێرەدا دەبینرێت هاوڕێبوونی ئەم دوو کەسێتییە هاوڕێبینییەکی ئەزەلییە، بەڵام بەمانای جیاوازو فۆرم و نیشانەی لێکنەچوو، بۆیە ئەم دەقە ئەگەرچی خاوەنی سەلیقەیەکی ورد نییە لەوتنا، بەڵام دەقێکی ئەکتیڤ و ئاگادارە لەپرسیارکردندا، ئەم دەقە ئیش لەسەر قسەکردنی مرۆڤ دەکات، بۆئەوەی بێدەنگ بێت، ئیش لەسەر ئەوە دەکات مرۆڤ ببێتە فاکتەری سەرەکیی ونکردن و نائومێدکردنی خۆی، بۆیە پێموایە ئەم تێکستە شیعرییە قسەی زیاترو ڕامانی زیاتری دەوێت تا ئاشنایمان دەگاتە سەر دیوە نادیارەکانی، بەڵام دەکرێت لایەنی لاوازی تیدابێت بەمانای بیرکردنەوەو ڕێکخستنەوەی فیکرەکان بەیەکەوە، بەڵام من ئەگەر بتوانم لە نووسینێکی دیکەدا دەگەڕێمەوە سەری، تەنها شتێك دەمەوێت بیلێم ئەوەیە: ئەم دەقە خاوەنی خۆیەتی بەرلەوەی هیچ کەس و هیچ گروپ و هیچ هێزێك ببێتە خاوەنی.

١٢,٣،٢٠٠٨

Lyon- jean Macé

# شیعری (من و خۆم)
# که دەکرێت ناوی شیعری ڕەشی لێبنرێت

**فاروق هۆمەر**

ئەگەر بەوردی تێبینی گۆڕەپانی ڕۆشنبیریی کوردیی بکەیت، لە هەقیقەتێکی گەورە بەئاگا دێیتەوە کە ئەویش مەرگی داهێنانە، ئەگەرچی دونیای ئێمە زیاتر دونیای شیعر بووە، کەچی تا شیعرێکی جوان دەبینیتەوە دەیان و سەدان بەرهەمی کاڵ و کرچ بەناوی شیعرەوە لێرەو لەوێ مەزاجت دەشوێنێت.

شیعری (من و خۆم) کە دەکرێت ناوی شیعری ڕەشی لێبنرێت، ڕەش بەمانای بەخشینەوەی ناهۆمێدیی، یان نەبوونی مەئوایەك بۆ هەدادانی من، چونکە سەردەمانێك ئەدەبی کوردی خەریکی بەخشینەوەی هومێد بوو.

ئەم شیعرە تاڕادەیەك نیشاندانی ئەو ڕوانینەیە کە دەشێت بەدژە ئاراستە، یان بەدژە تەوژم پێناسی بکەین.

شیعری (من و خۆم)ی کاکەڕەش، لێوانلێوە بەماناو لە ڕوی ماناشەوە بۆ ئەدەبی کوردی گەلێك قورس دەکەوێتەوە، یان ڕاستر بۆ ڕۆژگارێك کە دونیای ئێمە دونیای قوربانیدان و خۆ بەخشین بوو بەوی دی، ڕەنگە جوانترین گوزارشت بۆ ئەوەش ئەو دێڕە بێت کە دەیو: ئەگەر پارچە نانێك هەبێت، دەبێت بۆ هەمووان بێت، ئەدەبیاتی کوردی لەدێر زەمانەوەو بەتایبەتی لەهەشتاکاندا، زۆر بەقووڵی لەدوای بەخشینەوەو تۆخکردنەوەی ئەو مانایەدا



قۆناغێکی تایبەتی بڕیوە، یان ئەو مانایەی کە لەشیعرێکی نازم حیکمەتدا، زەمانێك مێشك و هۆشیاری ئێمەی لەسەر گۆش کرا، ئەگەر تۆ نەسووتێیت و من نەسووتێم، ئەی کێ ئەم شەوە زەنگە ڕۆشنبکاتەوە، بەڵام شۆڕشی کوردی ئەو شۆڕشە بوو کە پەیمانی زۆریداو هیچی نەهێنایە دی، زۆری لەئێمە بردو نەك هیچی پێنەبەخشین، بەڵکو هەموومانی لەناوەوە دووکەرت کرد.

بەبڕوای من شیعری من و خۆم، بەرەو ئەو چارەنووسە دەمانبات کە هەر یەکێك لەئێمە، لەناوەوە بخاتە ناو ئەو شەڕە دەستەو یەخەیەوە کە بەخۆماندا بمانباتەوە، ئەم شیعرە هەر هیچ نەبێت لەوە بەئاگاماندەهێنێتەوە کە ئەو شۆڕشەی ئێمە نەك هەر دونیای ڕۆشننەکردەوە، بەڵکو ئەو ڕوانینە جوانانەشی کوشتین، کە نەوەی ئێمە بۆ دونیای هەبوو.

# من و خۆم

# لە تابلۆی هونەرمەندێکی تەشکیلیی دەچێت

**گۆران عەبدوڵڵا**

من و خۆم، تەواو لەتابلۆی هونەرمەندێکی تەشکیلیی دەچێت، کە لەگەڵ هەر رامان و نیگاکردنێك لەگۆشەیەکی جیاوازەوە، هێڵ و رەنگەکان مانایەکی جیاواز دەدەنە دەستەوەو پەنجەرەیەکی نوێ بەسەر تەفسیرکردنی مانادا دەکرێتەوە، (من و خۆم)یش هەر وایە.

بوونی دەسەڵات بەسەر وشەو بەکارهێنانی لە جێگاو رێگای خۆیدا، وا لەخوێنەر دەکات زۆرجار وەکو یەکێك لە کاراکتەرەکانی ناو "من و خۆم" خۆی ببینێتەوەو ئەو هەستەی لا دروست دەبێت کەهۆنراوەکە دەقاو دەق باس لە ژیانی ئەو دەکات.

شەڕی من و خۆم، شەڕی خودە لەگەڵ زات، خودێك بەدیدێکی نوێوە بۆ ژیان دەڕوانیٚ، زاتێکیش دەستی لەڕابردو نابێتەوە، من و خۆم هەتا ئەمڕۆ تەوقێکن بەسەر شانی یەکدیەوە، ژورێکی داخراوی بێدەرگاو پەنجەرەن، نە من دەرفەتێکی بۆ بۆنی گوڵ هەیەو نە خۆم لەهەراسانکردنی من دەکەوێت.

حەمە کاکەڕەش لەنێوانی شیعری"من و خۆم" و " گەریلا تۆ چاوەکانمی" هەر وەکو من و خۆم وایە، هیوادارم ئەو خۆمە بۆ یەکجاریی لە کۆڵ خۆی کاتەوە.

# تاسەی ئاوێتەبوونێکی ئەبەدیی

# لە تێکستی (من و خۆم)دا

"دەستم ناگاتە رەنگەکانی ناوەوەی خۆم
لەبەر بێڕەنگی دەرەوەی خۆم
ناهێڵێ گوێم لەدەنگی ناوەوەی من بێ
رژاوە بەسەرما دەنگی دەرەوەی خۆم
ئەمەوێ گوێ لەهاژەی خەیاڵی ناوەوەی من بگرم
هەراسانی کردووم هاواری هیچی دەرەوەی خۆم"
کۆپلەیەک لەتێکستە شیعری (من و خۆم)ی حەمە کاکەڕەش

"لەیەکدا شتەکان کۆدەبنەوەو هەر لەویشدا جیادەبنەوە". (ئیبن عەرەبی)

**ئەزیزم کاک حەمە کاکەرەش**

**ئێستاتان رۆشن**

هاوڕێم، من هەمیشە کاتێک لەو چەشنە تێکستانە دەخوێنمەوە کەتوانای راکێشانی (من)ی خوێنەری هەیە، رەنگە پاش یەکەمین خوێندنەوەی، بۆ ماوەیەک لێی دوور بکەومەوە .. یان با بڵێین: خۆمی لێبشارمەوە، دواتر و لەئان و ساتێکی دیکەدا، جارێکی دیکە لەنێو فەزاو ئەتمۆسفێرێکی ئەو دەمی خوێندنەوەمدا، دەست بکەمەوە بەخوێندنەوەیەکی دیکەی، ئیدی ئەمە وام



لێدەکات هەمیشەو بۆ چەندجارێك تێکستە زیندووەکان بخوێنمەوەو دواجار هەوڵی دۆزینەوەی.......؟!

(من و خۆم) لەو جۆرە تێکستانە بوو کە توانیم چەند جارێك بیخوێنمەوە، بەڵام هەر لەسەرەتاوە کاتێك لەهەر خوێندنەوەیەکی دەبوومەوە، بەپێچەوانەی ئەوەی تێکستەکە لەڕووکاردا هەوڵی گەیاندنی دەدات، من تێڕوانین و دنیا بینیی یەکێك لەسۆفییەکانم بیر دەکەوتەوە کەئاماژە بەوە دەدات، شەوق و تاسەی بەیەکگەیشتنی دوو کەس و حەسرەتیان بۆ یەکدی، پاش بەیەك گەیشتنیان دەپروێ و تەواو دەبێت، واتە ئەو زاتە مەرجی مانەوەی شەوق و حەسرەت و تاسەی بەیەك گەیشتن و بوونبەیەك، لەبەیەك نەگەیشتنو نەبوون بەیەکدا دەبینێتەوە!؟

دەکرێت لێرەوەو لەم تێڕوانینەوە لە (من و خۆم) نزیك ببینەوەو بزانین کە (من و خۆم) ئەو دوو غەریم و دوشمن و جەنگاوەرە دژ بەیەکە نین، لەنێوەڕاستی پێدەشتە مەیدانێکی جەنگدا بەشیر و مەتاڵەکانیانەوە بەرامبەر بەیەك چووبێتنە شەڕەجەنگەوە، ئەمە لەروویەکەوەو لەڕوویەکی دیکەیشەوە ئەو دوانە یان ئەو دووەی کەدەبنەوە بەیەك و لەکاتێکیشدا ئەگەر یەك بن دەبنەوە بە دوو و بەدەریش لەگەمەو تەلیسم و سیحری ژمارەکان و پەیوەندییە شاراوەکانیان بە پیتەکانەوە، هەر لەسەرەتاوە دیارە چەند هۆگر و سەوداسەری یەکدین و دەکرێت راشکاوانە تاسەو حەسرەتی ئاوێتەبوونێکی ئەبەدی لە (من و خۆم)دا ببینینەوە!.

ئەم تێکستە لەو جۆرانەیە کە لەئاست دێڕ و وشەو دەربڕین و گوزارشتەکانی نێو خودی تێکستەکەدا راناوەستێت، سەرباری ئەوەی لەزۆر شوێن و جێگەیدا ئیگۆی دانەرەکەی و ئەو کۆجیتۆیە تێپەڕ دەکات کەویستوویەتی تێکستەکە

لەزۆر شوێندا وابەستەی لۆژیکێکی تایبەتی ململانێ و پێکدادانی ناوەکی بکاتەوە، واتە وەك گریمانێك ئەگەر ئەم تێکستە داستانی شەڕەجەنگی دوانەیەك بێت کە هەر یەکێکیان بخوازن و گەرەکیان بێت ببنە ئەلتەرناتیڤی ئەوی دی، ئەو دەم وەك (مەتاع سەفەدی) وتەنی:

"نزیکبوونەوە لەئەلتەرناتیڤێك و پشتگوێ خستنی ئەلتەرناتیڤێکی دیکە، کارێکی میکانیکییەو هیچ لەسروشتی خودی ململانێیەکە ناگۆڕێت ".

دیارە هەر ئەو دڵەڕاوکێ و دڕدۆنگی و ڕاڕاییەی نێو تێکستەکەیە کە ناهێڵێت خوێنەر وا بڕوانێتە(من و خۆم) کە یەکێکیان ئەلتەرناتیڤی ئەوی دیکەیەو بەمەش تێکستەکە لەدەرەوەی دنیا داخراواکانی دۆگما دەمێنێتەو دەتوانێت وەك تێکستێکی کراوە لەئاست خوێندنەوەدا والا بێت و رەنگە بشتوانین بڵێین: والابوونیش لەئاست خوێندەوەدا بەبێ حاڵی بوون لەخودی کردەی زمانی نووسین و پەی پێبردنی ببێتە لەمپەر، مەبەستم لەو جودایی و جیاوازییەیە کە دەکەوێتە نێوان بوونی شتەکان وەك خۆیان و ئەو بوونەی کەوشەو زاراوەکان و خودی زمان پێیدەبەخشن.

کردەی زمان بەپێی ئاماژەپێدانەکانی (هایدگەر) هەوڵدانە بۆ گەڕانەوەی پێوەندی بە "کەینوونەوە"، یان گەر بمانەوێت لەوە زیاتر خووردی بکەینەوە، دەبێت بڵێین: کردەی زمان لەنووسیندا تاکە ڕێگەیەکە بۆ قووڵبوونەوەو بینینی ئەودیوی شتەکان، کاتێکێش دانەر بەچەشنی سۆفییە شاعیر و نووسەرەکان دەبێتە موغامیر و سەفەر بۆ جوگرافیا نەزانراو و پەی پێنەبراوەکانی زەین و فیکر دەکات، کاتێك هەوڵی تەئویلکردنی پێوەندی نێوان خود و شتەکان، یان شتەکان و خود دەدات، کاتێك ئەوداڵ و وێڵ دەبێت، تێکستی زۆر سەیر و سەرسورهێنەر دێتە بوون کەبەتەواوی هەڵقووڵاوی ئەزموونێکی قووڵی بێدەنگ



ئامێزی ئەفسووناوییە کەدەتوانێت پێوەندی ئێمەو شتەکان یان شتەکان و ئێمە بگۆڕێت.

دیارە کاتێکیش تێکستە شیعری (من و خۆم)م خوێندەوە، لەخۆڕا دنیای تێڕامان و قووڵیی تێکستی عاریف و سۆفییەکانم وەیاد نەهاتەوە، لەراستیدا (من و خۆم) هەڵقووڵاوی ئەزموونێکی قووڵی دانەرەکەیەتی، کەدواتریش مانەوەی دانەرەکەی تاڕادەیەکی زۆر لەدەرەوەی تێکستەکەداو پەراوێزکەوتنی وای کردووە (من و خۆم) ببێتە یەکێك لەو شیعرانەی کە دەکرێت خوێندنەوەی جوداو جیاوازی بۆ بکرێت.

(رۆلان بارت) وتەنی:

"تێکست خۆی لەنێو کار و بەرهەمێکدا دەبینێتەوەو ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەناکرێت تێکست لەرەفەی کتێبخانەیەکدا رابوەستێت، بەڵکو جووڵە پێکهاتووەکەیی لەوەدایە کە توانای تێپەڕبوون و پەڕینەوەی هەیە".

(من و خۆم) لەو جۆرە تێکستانەن کە توانای تێپەڕبوون و پەڕینەوەیان هەیە و دەتوانێت ئێمەی خوێنەر بباتە نێو خۆی یان بەپێچەوانەوەشەوە و دەتوانین لەپشت دێڕەکانییەوە بۆ پەنهان و شاراوەو نەگوتراوو نهێنییەکانی بگەڕێین و دیوەکانی دیکەی بخوێنینەوە.

کاتێکیش دەگەڕێینەوە بۆ وتەکەی (ئیبن عەرەبی) کە :" لەیەکدا شتەکان کۆدەبنەوەو هەر لەویشدا جیادەبنەوە".

دەکرێت ئەم وتەیە ببێتە دەرکەیەکی دیکەی خوێندنەوەی تێکستەکەو............!؟

دواجار دەبێت بڵێم: (من و خۆم) هەوڵدانێکی جددییە بۆ ڕۆچوونە نێو قووڵاییەکان، هەرچەند هێشتاکە زۆر شت ماوە بیڵێم، بەڵام بەنیازی.......، لێرەدا خۆم و خۆت لەو پەڕی تەنیایی و بێدەنگیدا جێدێڵم.

**هاوڕێتان/ یوسف عیزەدین**

## برای بەڕێزم کاکە حەمە:

ئەم دەقەی من و خۆم ، تەنیا هەر شیعر نییە و هەوڵدانێکی سەرکەوتووە بۆ دۆزینەوەی شێوەیەکی تازەی شیعرنووسین، ڕۆمان و کورتە چیرۆك و فەلسەفە و زۆر شتی دیکەی بە بێ هیچ هەناسەبڕکێیەك بە خۆیەوە گرتووە، ئاوازێکی نوێیە و تەنانەت سەماکەی زۆربایشم تێدا بەدیکرد، پڕە لە تابلۆی هونەریی سەرنجڕاکێش، کە بە تەنیا تەماشاکردنێك شارەزای واتای ڕەنگەکان و مەتاهەی ڕێگا بەناویەکداچووەکانی نابین.

نزیکبوونەوەیەکی هەستپێکراوە لە مەملەکەتی پرسیارە ئەزەلییەکان، هەموو ئەمانە لە قاڵبێکی سادە و ساکار و بێ موبالەغەی ئەوتۆدا کە وەك ماستاوە کەللەتەزێنەکەی هاوینانی لای خۆمان بە ئاسانی دەچێتە خوارەوە، ململانێیەکی دروست و سروشتییە لە نێوان من و خۆمدا، کە وا تێدەگەم ئەگەر بوونە یەك ئەوسا چاویان عەینەکی ناوێت و بەڕادەی شەش لە سەر شەش دەڕواننە نهێنیە ئاڵۆزەکانی بوون و نەبوون، هەر ئەو جیاوازی و یەکنەگرتنەوەیەی نێوان من و خۆمە کە زیرەی لە سەرجەمی داهێنەران هەستاندووە و پەرۆباڵیانی داوەتە بەر ڕەشەبا و زریانە بە تەوژمەکەی بیرکردنەوەو لێکدانەوە و گەڕان بە شوێنی ڕاستییەکاندا.

لەم ڕەشبەڵەکە گەرمەی هاواری وشەو ئاواز و تابلۆدا، داهێنەران ئارەقەی شین و مۆریان لێدەکێتەوە و پرسیار و حەپەسان و بێهوودەیی خەریتەی پڕ لە



نهێنی جۆراوجۆری لە سەر تەختەی ڕوخساریان هەڵکۆڵیوە و ڕەشبەڵەکیش تا دێت بە تاوتر و گەرمتر دەبێت، بووەتە حەڵقەی زیکری دەروێشەکانی وشە و حاڵ و جەزبە گرتوونی و کەسیان نایانەوێ، یا ڕاستتر ناتوانن بۆ ساتێکی کورتیش دەست بەردەن و لە بازنەی شاییەکە کە ڕێك لە بازنەی سووڕخواردنەوەی هەمیشەیی تابلۆی (بەندەکان)ی (ڤان کوخ) دەچێت بێنە دەرەوەو پشوو بدەن، وازیش لە نووسین بهێنن تازە کار لە کار ترازاوە و هەر ئەو مێشکەیە تا مردن لە ناوسەردا دەمێنێتەوە.

ڕەنگە (من و خۆم) کۆپلەیەك بێت لە چامەیەکی درێژ کە (بە ئارەزووی خۆت و بێ ئارەزووی تۆ) لەو بەرەبەیانە مەستەدا گوێت بە دەنگی ئەوەڵ سەحەرەی سێوە زرنگابێتەوەو کورتە سەردانێکی هێلانە ئاسمانییەکەی خەون و خەیاڵت کردبێت و بەم نزیکانە بگەڕێیتەوە سەری و بەردەوامیی پێبدەیت، ڕەنگە وایش نەبێت و لە زەمەنی شیعردا جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان دەقیقەیەك و ساڵێکدا نییە، ئەی کە ڕادەی گونجان و تێگەیشتنی ( خۆم بۆ من) وابێت، ئاخۆ دەبێ ئەو تێگەیشتنە بۆ یەکێکی دیکە چۆن چۆنی بێت، نازانم لە گەڵمای یان نا؟ بەڵام پێموایە لە توانای هیچ کەسێکدا نییە لە کەسێکی دیکە تێبگات، ئەگەر من و خۆمی مرۆڤ لە زمانی یەکدی حاڵی بوونایە، ئەوسا دەبوونە بنەمایەك بۆ هەنگاوی دووەم و کەسی دووەم و بەڕاستیش دونیایەکی سەیرو جەنجاڵە.

خۆزگە زووتر شیعرەکەتم دەخوێندەوە کە بە هۆی دابڕانێکی دوورو درێژەوە لە جیهانی خوێندنەوەو نووسین زۆر بەرهەمی نایابم لە کیسچووە، دڵنیام چەند جارێکی دیکەش شیعرەکەتان دەخوێنمەوە و شایانی ئەوەیە لە لایەن کەسانی

شارەزاوە  لێکۆڵینەوەی راستەقینەی لە سەر بنووسرێت، ئەوەی  کە من لێرەدا نووسیومە هەندێ وشەی راگوزارین و دیارە کە  دیاری شوانیش  هەر هەپڵۆکە.

**براتان: سەلام محەمەد**

**سوید  ١٦ / ٠٩ / ٢٠٠٨**

ئەم شیعرانەم  رۆمان نووسی ئازیز کاک حەمە دۆستان کردوونی بە سویدی

١ ـ من خۆم.

٢ ـ منداڵیی من و خۆم.

٣ ـ پیربوونی من و خۆم.

٤ ـ مردنی من و خۆم.

٥ ـ من بەبێ خۆم.



## Jag och Mig själv

١

Ingen har sårat som Mig själv har sårat mitt hjärta
Ingen kan försona mig med Mig själv
Förlåter alla andra, inte Mig själv
Har ingen att lämnar mig hos
Mig har gjort mig galen
I striden mellan mig och mig själv
mig tar inte livet av sig
Mig själv gör det pågrund av mig
I striden mellan jag och mig själv
har fallit tusentals offer
mina drömmar, mina förhoppningar
När jag ler Mig själv lider
när Mig själv ler, jag gråter

؟Vem är jag

Jag och mig själv tillsammans
Ändå vi är ensamma
Till nu
känner inte mig själv
Mig själv känner inte mig själv
en skugga är tillsammans med mig
Vet ej vem är skuggan jag eller Mig
Jag tar på mig mina synder
Mig själv tar på sig dem
Jag gömmer hemligheter från mig själv
Mig själv gömmer också
Mina händer glänser av ljus
Mig själv fylld av mörker
Handen med fjärilens färg
gått till strands regn
men mig själv begravda fjärilarna
I Saharas vida mark
Ur livets fönster
skådar allting cirkulär
himlen, jorden och kärleken... döden
Mig själv flög med fjärilar vingar



Jag är trött på Mig själv
även Mig själv på mig
ändå lever vi tillsammans
؟Hur blir det
vore inte bättra att vi dör tillsammans
vi liknar inte varandra
Synd att jag och Mig själv
begravas i samma grav
Jag är här och Mig själv där
Mig själv här och jag är där
.ändå alltid tillsammans
Mitt blod glimmar som solstråle
Mig självs färgats med mörker
jag är mest främmande person
Mig självs hjärta famnar guds hand
Regn gråter lik ett spädbarn
för mig är en blomma
skickas jag tillbaka till himlen
lämnar jorden
mitt hem ligger i himlen
rädd att där också bli som jorden
Jag är inte mig själv
Mig själv inte mig

lik en droppe mörker dalar jag tyst i gården
avstånden mellan jag och mig själv
kan aldrig beskriva
lik avståndet mellan mig och dig
jag blir vitare och vitare
Mig själv blir svartare och svartare
Jag som i sjöarna vårdade skadade fiskar
Mig själv kramade om ormarna i Sahara

Mig självs färglösa
låter mig inte nå mina inre färg
låter mig inte lyssnar på
mitt inre
Mig självs värdelösa rop låter inte
lyssna på mina inre stormiga rop
Jag står i drömmarna mellan kärlek och min
barndom
ene gången omfamnar drömmarna
andra gången omfamnar mina vackra
upplevelser
Mig själv står i ensamhet och bedrövelsen
Jag går till havet
vill göra vågarna till mitt grav



jag och mig själv lik ett hav och Sahara
tillsammans
Jag är natt
Mig själv dag
mot alla natur lagar
vi har sol upp och ned gång tillsammans
Om jag inte fanns
"hur skulle jag kunna känna "Mig själv
Om Mig själv inte fanns hur jag skulle känna jag
Jag liknar inte Mig själv
Mig själv liknar inte mig
men ni se oss vi är tillsammans
När jag tänker på Mig själv
Blir jag dötrött
när jag tänker på jag
knappt känner igen mig själv
Var och en gömmer sig från något
jag gömmer mig från mig själv
Mig själv gömmer sig från mig
När glädjen strömmar in i mitt hjärta
Mig själv försvinner i mörkret
Jag berättar inte mina berättelser till mig själv
Mig själv berättar till mig sina berättelser

står
mellan jag och Mig själv
Jag tar avstånd från allt
inte från mig själv
Mig själv tar avstånd av allt som är jag
jag och Mig själv är tillsammans
men vi är två avlägsna öar
Mig själv vill glömma bort jag
jag vill ha mig själv
men Mig själv har tagit över
min tänkande
Jag försöker renttvätta min sorg
Mig själv försöker tända eld på glädjen
jag och Mig själv är blandad
lik eld och vatten
Mig själv har fyllt mig
av bedrövelses doft
kan ej dofta på blommorna
Min lugnes strand
fylld av drömmar
drömmar av minne som är kvar
Mig själv dödade mina drömmer
jag är färglös lik en död



jag och Mig själv är samma händelser har
två olika berättelser
Jag krossade spegeln för att inte få syn på mig
själv
Mig själv krossade spegeln för att inte se mig
Mina färger liknar inte mig
Mig själv färger liknar inte jag
jag och mig själv är färglösa
men både jag och mig själv
visar spegelbild av tusen besvikelser
Jag rörde skönheten för att skulle lysa
men Mig själv kastade grav barns sand över
skönheten
trösten och glädjen som jag hade
Mig själv täckte de med dimma
Kan inte utrycka närhet och avstånd
mellan jag och Mig själv
Det är lik en besvikelsens bana
Vad jag har
drömmer och flyga och undran
vad mig själv har
döda drömmar och förundran
döden, och inte livet

döden har tagit plats i mitt liv
Jag håller på dö av törst
Mig självs fickor fylld av vatten
Gå bort från dig själv
Mig själv återvänder till ensamhetens känslolösa
Sahara
Mig själv liter inte på vattens mjukhet
Mig själv låter inte vatten skulle nå
Gårdens fingrar
Mig själv låter inte vatten lysa på
blommornas söta läppar

Jag och vatten
liknar varandra
jag bygger bo mellan dennas droppar
i dropparna kan jag finna min plats
Jag och Mig själv tillsammans
men vi letar efter varandra
،Vill resa till en stad
en plats
långt.. långt



bara långt från Mig själv
många har sett länder och landskap
men jag känner knappt Mig själv
Jag ser
Mig själv gör mig ledsen
på mitt namn vill mig själv skvallra
gråter, synder, ler
på mitt namn skvallrar
mitt hjärta glimmer av guds ljus
säger att i min dröm har sett gud
vårdad sårade fåglar
På mitt namn säger
،I kväll till gryningen var jag berusad
.En ordentlig berusning
.... .... ....
٢
Jag och mig självs barndom

Jag minns klar
min och Mig självs barndom
jag och Mig självs tillsammans
hade vi en enda skjorta
en sliten byxa

ett par skor
en madras
och ett godtrogen hjärta med många drömmar
Jag minns jag och Mig själv
lik som ett sol ljusknippe lyste av mitt ansikte
var lik ett glatt granat äpple
varje dennas stjärnor haft många färg
jag hade inte hjärta att skada en stjärna
eller Mig själv
jag satt på ene duvornas vinge
och Mig själv på den andra
Jag och mig själv var så enkla
vi försvann mitt fjärilens vackra färger
vi känt ingenting
I min barndom både jag och mig själv
drömmarnas fånga
nu tvivlar om vi hade funnit
två livs dröm fläckar hade vi varit
Jag minns
en dag
vid en kvartersbråk
någon har skadat mitt huvud
alla barn flydde sin väg



men Mig själv övergav mig inte
trots Hans ringa ålder
grät han
Rev en byt av skjortan
tända eld på
och
lada askan på såret
Jag minns
.vid sexan fick jag bästa betyg
fick en klocka
en dag tappade jag den
Mig själv mer än jag letade efter den
tiden hade gått
vi hittade inte klockan
jag och Mig själv hittade inte varan

Jag minns
när vi var barn
jag och Mig själv
،tyckte om fjäriller, katter och hundar
När jag och Mig själv blev stor
jag blev hund och Mig själv katt

jag blev katt och Mig själv hund
jag och Mig själv bråkade jämt
återfann aldrig fred
och fjärilrena flög bort
blev hemlösa
Jag minns
tydlig minns jag och Mig själv
jag följde Mig själv när han gick i strider
var rädd att Mig själv bli dödad
ingen skulle hämta tillbaka hans döda kropp
rädd om Mig själv bli sårad
och han inte få någon vård
rädd att Mig drunknas
och ingen hör hans rop
Då i gamla tider
var jag och Mig själv inte arkivfiender
då fylldas vi av barndoms
vackra minnen
vi hade drömmar, kärlek och förväntan
då när jag gick in gården
gick jag ofta före Mig själv
var rädd att han inte dö av giftig blomma
när han var på fjärillers färd



då var jag och Mig själv inte eld och vatten
tillsammans tog vi regn droppens hand
på väg till molnens hem
tillsammans tog vi tillbaka en fallen höst blad
tillbaka till vårens sköte
tillsammans njöt vi av nattens månvandring
Jag minns när mig själv reste
följde jag honom
rädd att han skulle resa till fjärilns land
.och inte återvänder hem
Var rädd att någon väcka honom
Och säga: drömmar tar dig inte hem
Då var jag och mig själv
Tillammans var vi barn…barn
........ ...... .....

٣

Jag och Mig självs blir äldre

I en spegel tittat på Mig själv
halva mitt skägg mitt skägg är grå
många rynkor finns på ansiktet
ålderns dimmiga skugga
täckt mitt inre utseende
trots det hör jag nu
barndoms röst
ett oskyldigt hjärta
Guds ilska ska drabba Mig själv
som gjorde mig äldre
skriv på mitt grav
om jag vore inte för Mig själv
skulle levt tusentals år
Mig själv fyllda öronen med skrik



fyllda mina ögon med dimma
Mig själv låt mig inte vara en stund
kunna säga om jag inte vore for Mig själv
skulle jag nu lekt barnlekar
.i mitt barndoms kvarter
Om jag vore inte för Mig själv
nu hade i ungdomstid: kvällarna
var jag berusad av ungdomlig kärlek
Mig själv rullade upp mig och mina drömmar
som trasiga mattor
en dag skulle lägga den
framför dödens fot
och sen vart ska Mig själv ta vägen

Mig själv dödade mig
lik att man krossar ett fönster
lik en berusads glas
nu är jag uppfyllt av smuts
mig själv har klättrat på min ungdoms mur
rev sönder skönhetens ansikte
skönheten blöder
Mig själv kastade
tvivlens sand i skönhetens ögon

Jag vet
före dödsängeln
mig själv dödar mig
...... .....  .....



٤

Min och Mig självs död

Jag och Mig själv födas tillsammans
Var ett som barn
Tillsammans lekte.. bråkade ..Väste upp
sen blev vi värsta fiender
tillsammans har vi sårat varandra
men tyvärr vi dör tillsammans
ingen ser den andras död
för att bli glad en stund
Jag och livet och Mig själv och döden liknar
varandra
jag är en bra person
men Mig själv stör andra
livet är vacker
ingen får tala illa om livet
det är bara döden som förstör livet
Min ålder burit inom sig många år
många år har förde bort min ålder
jag och Mig själv och

all tid som hade gått tillsammans
jag och Mig själv aldrig lärt sig
av alla år, av åldern
Jag har lämnat
städer, vänner
minan
Men kan jag aldrig gå bort en meter
från Mig själv
då och då tänker som Mig själv
lik Mig själv
ser himlen, havet, människan och Gud
vem vet kanske
Mig själv blir min
Var jag än går
finns Mig själv där
mellan här och där
finns inte någonstans
att vände mig till
Jag är fönster
Mig själv är dimma
om jag över ger Mig själv
känslorna blir lugna
För att inte någon tycker illa om mig



för att Mig själv inte förtala mig
för att Mig själv inte skvallra
för er kännedom
förenärvarande talar jag och Mig själv
inte med varandra
Jag har knackat kyrkans dörrar
moskéer och barer
men det går inte att gå in genom dörren
min och Mig självs
En vän blev sjuk
ringde honom och ville ge honom tröst
men Mig själv lada på telefonen

En kvinna vars hennes man var död
jag gick till henne för att visa sorgen
men Mig själv under tiden
brast i häftig skratt
En kvinna rygg simmade i havet
hennes bröst var två blommor
som stack ut i Saharas vatten
jag skådar henne hel hjärtat
medan Mig själv vände ryggen till
havet, kvinnan och hennes bröstblommor

؟Är det jag eller Mig själv i spegeln
؟den som speglar är Mig själv eller jag
är det jag eller Mig själv som somnar
den som somnar är jag eller Mig själv

På min stol
i mitt fönster
i min balkon
i min dörr
på tacket
på gatan
i himlen
vart som helst
Ser jag Mig själv
Är han som ett ruten äpple
.....   .....   ....



٥
Jag utan Mig själv

En strålande dag
på naten sov jag ensam
Mig själv har gått
jag fick inga mardrömmar
är det jag
utan Mig själv
utan huvudverk
första gången
morgonen
äter frukost och lyssnar på sånger
jag och musiken bli som ett

jag ler
jag tittar på mig framför spegeln
ser
ett barn i spegeln
Det ser ut som om jag går till min älskning
bråttom, Mig själv byter och tar på sig parfym
förlåt, inte han

jag byter kläder och använder parfym
Mig själv är inte med mig, jag är själv
vad roligt blir det när jag är nu ensam
utan mig själv

Jag öppnar porten
kastar ett hinkvatten ute i grinden
skriker
vem
torkar denne ledsna murens våta ansikte
jag plockar en sten
och lada den i skuggan
för att inte solen skulle bränna den
Jag färger en färglös fjärils vinge igen
Jag vårdar hjärtas sårade kärlek
som blöder i ära tal
På kvällen kommer jag och min mormor hem
jag tar fram mattebönen för att hon skulle nå
Gud
jag säger till henne att hon be Honom
att jag längtar efter regn
säg Honom regnar regn
annars torkar ut glädje och kärlek



Säg till Honom
att han ska låta snön falla
världen är korpsvart
Mormor gör sin bön
men någon
oavbrutit knackar på dörren
Jag öppnar dörren
en av kvartyrets barn säger häpen
en man plockar rycker bort alla blommor
Som en värsting jagar han alla han möter
ingen vågar komma ut till gatan
man skådar honom från fönstret
eller de sitter på sina höga stacketer
han är en elak jävul
ibland skrattar
ibland gråter
Ett apelsin trädd stack ut
han träffade det med en sten
på en gång började det blöda
ingen vågar öppnar munnen
han har sagt
ser ni inte mitt huvud
det är fyllda av förintade drömmar

mitt hjärta som en mördare skugga
fylld av besvikelser
Jag sa till barnet
kom in
Annars låser jag dörren
Han är Mig själv
och lämnat mig
vill inte ha Honom tillbaka
Gå gå
jag ska låsa dörren
vill vara ensam, utan Mig själv
Gå gå
jag ska jag låsa dörren
rädd att Han kommer in genom murarna
؟Är det möjligt att Mig själv komma tillbaka

““‘

Översättning: Hama Dostan